# کوردستان

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بڵاوی دەکاتەوە

www.kurdistanmedia.com

ژمارە ٨٣٠ ▌ سێشەممە ١٥ی خەرمانانی ١٤٠١ _ ٦ی سێپتامبری ٢٠٢٢

دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا





**مستەفا هیجری:**
**بڕیاری دادگای مێکۆنووس تا ڕادەیەک سارێژکەرەوەی برینەکان بوو (٢-٣)**



**خالید عەزیزی:**
**لە هەر شوێنێک هێرشمان بکرێتە سەر بەرگری لە خۆمان دەکەین (٤)**

# تێرۆر لەبنی نەهێنایین، خۆڕاگر و هەرماو ماینەوە




## ڕۆژێکی دیکە

لە مێژووی نەتەوەی کورددا ڕۆژە تاڵ و دژوارەکان و زۆر جاریش ڕۆژە پڕ کارەساتەکان کەم نین. لە قەڵاچۆکردنی کوردانەوە بە دەستی سوڵتانەکانی سەفەوی و عوسمانییەوە بیگرە تاکوو کوشتار وماڵوێرانییەکانی دەسەڵاتی ئاتاتورک و ڕەزای پاڵەوی و ڕێژیمە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق و سووریە و تاکوو هەنووکە لە چەند بەشی کوردستاندا داگیرکاری و ماڵوێرانی و کوشتار و کۆمەڵکوژی و پاکتاوی نەتەوەیی بەردەوامە.

هەرلەم خەرمانانەدا ڕێژیمە دڕندەکان دەیان تاوانیان بە دژی نەتەوەکەمان و نیشتمانەکەمان خوڵقاندوە کە تاوانی ١٧ی خەرمانان و مووشەکبارانکردنی بنکە و مەقەڕەکانی حیزبی دێموکرات تاوانێکی گەورەی دژی مرۆڤایەتییە کە کۆماری ئیسلامی خوڵقاندی، یان ٢٦ی خەرمانان و تێرۆرکردنی ڕێبەری نەمر دوکتور سەعید و هاوڕێیانی لە وڵاتی ئاڵمان لەلایەن تێرۆریستەکانی نێردراوی دەسەڵاتی نگریسی تارانەوە، پەڵەیەکی ڕەشی هەتاهەتاییە بە نێوچاوانی ویلایەتی فەقیهەوە.

لاپەڕەکانی مێژوو کە هەڵ دەدەیتەوە، پڕن لە ڕۆژی کارەساتبار و تراژیک بۆ نەتەوەی کورد و لەو ڕۆژژمێری مێژووە پڕ نەهامەتیەشدا ڕۆژانی شادی و سەرفرازی و ڕۆژی شاییبەخۆبوونی نەتەوەی کورد، بێئەژمارن. ئەوەندەی داستانی نەبەردی و خۆڕاگری و قارەمانی تۆمار کراوە کە کوردستانی بەپێوە ڕاگرتوە و درەوشانەوەی داستانەکانی سەرهەڵدان و بەرخۆدانی کوردان، لە کتێب و لاپەڕەکانی وڵاتان و خەڵکانی دیکەشدا دەنگی داوەتەوە.

ڕۆژێکی دیکەی مێژووی کە لەم ڕۆژانەدا تۆمار کرا، ڕۆژی ٣٠ی گەلاوێژ بوو کە لە ڕۆژژمێری سەرفرازی و شاییبەخۆیی نەتەوەیەکدا بەرگی نوێی تێدا تۆمار کرا و بە ڕەنگی شینی ئاسمانی نەخشێندرا. ڕۆژی ٣٠ی گەلاوێژ، ڕۆژی ڕوونبوونەوە و درەوشانەوەی شینی ئاسمانی بوو کە دێموکراتەکان دوای نزیک بە ١٦ ساڵ تێکۆشانی جیا، ڕیزەکانیان یەک خستەوە و بۆ جارێکی دیکە دێموکراتبوونیان کردەوە بە سیما و ڕەنگ و دەنگێکی یەکگرتوو.

ڕەنگە گەر بەپێی ژمارە و سەرژمێری حیسابی بکەین کۆکردنەوەی هەزران کەس لە ئەندام و لایەنگری دوو لایەنی جیاواز، تەنیا وەسەریەککەوتنەوەی هەزاران کەسی بێ، بەڵام کە لایەنی سیاسی و مێژوویی و دوارۆژی ئەو ڕووداوە مەزنە وەرد دەدەیەوە، دەبینی کە کۆکردنەوە و وەسەریەکخستنەوەی هەزاران کەس، بۆتە ورە و هێز و کاریگەری و کارتێکەریی هەزاران هەزار کەسی. بە واتایەکی دیکە لەم یەکگرتنەوەدا ئەوەی وەسەریەک دەکەوێتەوە تەنیا چەند ژمارەیەک نییە، بەڵکوو بەهێزبوونی ورەی گەلێک و پتەوتربوونی ڕیزەکانی خەباتێکی نەپساوەیە و دەنگدانەوەیەکە لە ئاستی نیشتمان و ئێران و ناوچە و جیهاندا.

هێزی پەنگخواردوو کە بە یەکگرتنەوە وەگەڕ دەخرێ و بە ڕێکخستن، لە کاناڵی ڕاست دەخرێ، کۆڕی سەدان کەسی دەکا بە هەزاران کەسی و هەزاران کەسی دەکا بە هەزاران هەزار کەسی و خەباتی لایەن، دەکا بە خەباتی نەتەوەیەک.

هەر لەسەر ئەم ڕۆژە مێژووییە ئەوەندەش بڵێین کە شانازیی گەورەی دیکە کە لەم ڕووداوەدا تۆمار کرا ئەوە بوو کە دێموکراتەکان بۆخۆیان لە ڕەوتی دانوستان و دیالۆگدا ئەو سەرفرازییەیان تۆمار کرد و بە تێگەیشتنی مێژوویی و ئەمڕۆیی لەسەر هەستیاریی خەباتێکی ڕەوای کوردستان و پێویستیی نیشتمان بۆ یەک دێموکراتی بەهێز، دیالۆگیان بەئاکام گەیاند و کردیان بە کردەوەیەکی مێژوویی.

یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان داخوازیی خەڵکێک بوو کە دڵیان بۆ نیشتمان لێی دەدا و بەجێگەیاندنی ئەرکێک بوو کە ڕێبەرانی ئەم خەباتە بەئاکامیان گەیاند و شانازییەک بوو کە دێموکرات بۆخۆی و بە دیالۆگی نێوخۆیی خۆی، نێوماڵی خۆی یەک خستەوە و هەربۆیە داهاتوویەکی گەشی بۆ نەتەوەکەمان وێنا کردوە و چاوی نەتەوەیەک لەسەر ئەم خەباتە و ئەم ڕۆژە مێژووییە؛ داهاتوو چاوەڕێی دێموکراتە.

## وانەکانی دابڕان و یەکگرتنەوە

مەنسوور مروەتی

پاش نزیک دوو ساڵ وتوویێژ و هەوڵدان بۆ ڕێککەوتن، ڕۆژی ٣٠ گەلاوێژی ئەوساڵ دوو لایەنی حیزبی دێموکرات لە ڕێوڕەسمێکدا لە شاری کۆیەی باشووری کوردستان یەکگرتنەوەی خۆیان ڕاگەیاند. لانیکەم لەم دوو دەیەی ڕابردوودا جیا لە ٢١ی خەرمانانی ٩٧ ڕۆژی مانگرتنە سەرتاسەرییەکەی خەڵکی کوردستان لە کاردانەوە بە مووشەکباران کردنی قەڵای دێموکرات و بارەگاکانی دیکەی حیزب هیچ ڕۆژ و بۆنەیەکی دیکە هێندەی ٣٠ی گەلاوێژ گرینگ، سەرنجڕاکێش و مایەی خۆشحاڵی و هیواداریی خەڵک نەبووە.

لە ڕاستیدا لە دوای لێکترازانی ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات لە ١٥ی سەرماوەزی هەشتا و پێنجەوە خەڵکی کوردستان و بەتایبەت ئەندام و لایەنگران و دڵسۆزانی حیزب چاوەڕێی ئەم ڕۆژە مێژووییە بوون و دوای شازدە ساڵ دڵەڕاوکێ و چاوەڕوانی حەقی خۆیان بوو کە هێندە بەو هەواڵە دڵخۆش بن و شایی لە دڵیاندا بگەڕێ.

بێگومان مێژووی سیاسیی گەلان لەم جۆرە ڕووداوانەی زۆر بە خۆیەوە بینیوە و مێژووی بزووتنەوەی کوردیش لەوەبەدەر نییە، بەڵام خاڵی جێی سەرنج لەم لێکترازانەی دێموکراتەکان ئەوە بوو کە خەڵک بە شێوەیەکی گشتی دانیان بەم لێکجیابوونەویە نەنا و لەوەش ئەولاتر هیچکات بە بەراورد لە گەڵ لێکترازانی نێو حیزبەکانی دیکە لە هەر چوار بەشەکەی کوردستان، بە قەد دێموکراتەکان داوای یەکگرتنەوە لە هیچ کام لەوان نەکرا. خەڵک لە هەر کوێی کوردستان و لە دەرەوەی کوردستانیش کە تووشی کادر و پێشمەرگە و ئەندامانی ڕێبەریی هەردوولای دێموکراتەکان بووبن، پێش هەموو شتێک لە یەکگرتنەوەی دێموکراتیان پرسیوە. ئەم بابەتە هەم جێگای دڵخۆشی و هەم نیشانەی سەنگ و پێگەی حیزبی دێموکرات لەنێو خەڵک و ...

درێژە لە لاپەڕەی ٢

◆ درێژەی :

# وانەکانی دابڕان و یەکگرتنەوە

... بزووتنەوەی کوردستان و لەوەش گرینگتر نیشانەی باری قورسی بەرپرسایەتیی حیزبی دێموکرات لەو ڕەسالەتە مێژوووییەیە کە کەوتووتە سەرشانی. کەواتە چۆن دەیتوانی و چۆن دەتوانێ ڕەسالەتە مێژوووییەکەی بە باشی بگەیەنێتە ئەنجام ئەگەر یەکگرتوو نەبا و ئەگەر یەکگرتووانە بەرەو داهاتوو هەنگاو نەنێ؟!

ئەگەرچی ئەو لێکدابڕانە زۆری خایاند و زۆرێک لە دڵسۆزانی حیزبی دێموکراتی دڵنیگەران و تەنانەت بێهیوا کرد بەڵام باسکردن لە یەکگرتنەوە و وەسەریەککەوتنەوەی دێموکراتەکان هیچکات لە کۆڕ و کۆبوونەوەی دێموکراتەکاندا غایب نەبوو. لەگەڵ ئەوەی ئەو شانزە ساڵە وەکوو دوو حیزب لە چالاکیی خۆیان بەردەوام بوون، بەڵام بەردەوام بیریشیان لەوە دەکردەوە کە چی بکەن جارێکی تر ئەم دوو لایەنە یەک بخەنەوە و بیکەنەوە بە یەک حیزب. خاڵی جێی سەرنج لەم بەشەدا ئەوە بوو کە سەرەڕای دڵسۆزی نواندنی دۆستان و هۆگرانی حیزب لە کوردستان و لە دەرەوەی کوردستان، دوو لایەنی دێموکرات خۆیان قۆڵی هیممەتیان لێ هەڵماڵی و هەر بۆخۆیان و لەنێو ماڵی خۆیاندا دانیشتن و بە قسە و گفتوگۆ ڕێک کەوتن و بە سەر کێشەکاندا سەرکەوتن.

یەکگرتوویی، یەکڕیزی و تەبایی و پێکەوەبوون لەو دەستەواژە جوان و پێویستانەی نێو کۆڕی خەباتی گەلانن کە بەداخەوە زۆر جار بە هۆی وێکهەڵنەکردن و پەرتەوازەیی، پێچەوانەکەی نیشان دراوە. مێژووی سیاسیی کوردیش لەو دەردە بێبەری نەبووە و هەر ئەو پەرتەوازەیی و نایەکگرتووییە دەرفەتی زۆر باشی لە کیس بزووتنەوەی کورد داوە و ئەنجامی زیانباری بۆ گەل لێ کەوتووتەوە. وای لێ هاتووە کە ئەم دەستەواژانە لە ئێستادا بوونەتە دەستەواژەیەکی سواو و بێنێوەرۆک، بەڵام دێموکراتەکان بە هەموو لایەکیان پیشان دا کە ئەگەر ئیرادە و باوەڕ هەبێ، زۆر بەئاسانی دەتوانن ئەم هیوایەی گەل وەدی بێنن و لە جیاتی هەڵوەرینی فرمێسک، بزەی شادی بخەنە سەر لێوی گەل.

لەم یەکگرتنەوەیەدا بابەتێک کە زۆر جێگای سەرنج بوو و حەقە تیشکی زیاتری بخرێتە سەر، ئەوە بوو کە دەریخست دانیشتن و دیالۆگ بە مەبەستی چارەسەرکردنی کێشەکان بەبێ گوشاری کەس و لایەنی دەرەکی، وانەیەکە کە لە یەکگرتنەوەی دێموکراتەکاندا بۆ لێفێربوون دەبێ. چونکە ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگر چ لە ڕابردوودا و چ لە ئێستادا و بەتایبەتی لە دنیا ئەمڕۆدا ئەوەیە کە کەس خەمی بەرژەوەندییەکانی هیچ گەلێک ناخوا، ئەگەر ئەو گەلە خۆی مشوورێک لە خۆی و دەرد و ئازارەکانی خۆی نەخوا و واز لە پەرتەوازەیی و نایەکگرتوویی نەهێنێ.

کە چاو لە مێژووی دووروودرێژی حیزبی دێموکرات دەکەی لەگەڵ ئەوەی لە زۆر قۆناغدا کار و کردەوە و سیاسەت و هەڵوێستە دروستەکانی ئەم حیزبە خاڵی وەرچەرخانی نێو بزووتنەوەی کوردستان بووە، بەڵام بەداخەوە ئەم حیزبە گەورە و گرانەش لەو سەرئێشە نێوخۆییانە بێبەری نەبووە و لە گەڵ ئەوەشدا بەشێکی زۆری کادر و پێشمەرگەی ئەم حیزبە و بەتایبەتی سەرکردایەتییەکەی چەند ساڵێکی کەم نەبێ لە سەر خاکی خۆیان نەژیاون؛ بەڵام بەوحاڵەش پاش چەندین دەیە هێشتا هەر بەنفووزترین و خۆشەویستترین حیزبی کوردستانە. ئەم خۆشەویستی و نفووز و ئیعتبارەی حیزبی دێموکراتیش لەخۆڕا نییە، ئاخر کادر و پێشمەرگە و ڕێبەریی ئەم حیزبە چ لە کاتی پێکەوە بوون و چ لە کاتی لێکترازانیشدا هێندەیان زەحمەت و کوێرەوەری بۆ خەڵکی خۆیان چەشتوە کە خەڵکیش ناتوانن بەئاسانی لە دڵی خۆیان جیا بکەنەوە. خۆ ئەگەر وا نەبا ئەو هەموو ساڵە خەڵک وازیان لە داوای یەکگرتنەوە دەهێنا و ڕووشیان لە دێموکراتەکان وەردەسووڕاند، بەڵام خۆشەویستی ئەم حیزبە لە دڵی خەڵکدا وای کرد کە دڵسۆزانی دێموکرات کۆڵیان نەدا تا ٣٠ی گەلاوێژیان بە چاوی خۆیان نەدی.

ئێستا کە ئەو ئاواتەی خەڵکی کوردستان و دێموکراتەکان هاتووتە دی،

پێش هەموو کەس خودی دێموکراتەکانن کە دەرکیان بەو ڕاستییانەی سەرەوە کردووە و باش دەزانن کە هەنگاوی گەورەیان بەرەو داهاتوو و بەئەنجام گەیاندنی ڕەسالەتی مێژوویی حیزبەکەی پێشەوا قازی محەممەد ئەوەیە کە لە کێشە و کەموکوڕییەکانی ڕابردوو دەرس وەربگرن.

بۆ گەیشتن بەو مەبەستە لەسەر دێموکراتەکان ئەرکە شان بدەنە بەر ئەو بەرپرسایەتییەی کە لە یەکەم خاڵی ڕێککەوتنەکەیاندا باسیان کردوە.

"بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بە تایبەت بنەماڵەی گەورەی دێموکرات بە هۆی لێکدابڕانی ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ١٥ی سەرماوەزی ساڵی ١٣٨٥ تووشی زەرەری گەورە بوون. بۆیە هاوکات لە گەڵ پێداگری لە سەر ئەوەی کە هەر دوولا، لە زیان پێگەیشتن و تێکچوونی یەکیەتیی ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات لە ڕابردوودا، خۆیان بە بەرپرسیار دەزانن، یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان و پاراستنی یەکیەتیی ڕیزەکانی حیزب لە داهاتوودا ئەرک و بەرپرساریەتی هاوبەشی هەموانە و پێویستە لە ئەزموونە ناخۆش و زیانبارەکانی ڕابردوو دەرس وەربگرن و پێش بە دووپاتبوونەوەیان بگرن."

***

# مستەفا هیجری: بڕیاری دادگای مێکونووس تا ڕادەیەک ساڕێژکەرەوەی برینەکان بوو




**ئاماژە: لە ماوەی ڕۆژانی ڕابردوودا، تەلەڤیزیۆنی "بیبیسی"ی فارسی وتوێژێکی لەگەڵ بەڕێز مستەفا هیجری، لێپرسراوی گشتیی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێراندا بڵاو کردەوە. بەڕێز مستەفا هیجری لەم وتووێژەدا سیاسەت و هەڵوێستەکانی حیزبی دێموکرات لە پێوەندی لەگەڵ بابەتە گرینگە سیاسیەکانی ئێران و کوردستانی خستە بەرباس. کاتی تۆمارکردنی ئەم وتووێژە ماوەیەک پێش لە یەکگرتنەوەی ڕیزەکانی حیزب دێموکرات بووە، بەڵام "بیبیسی" دوای ئەم ڕووداوە گرنگە بڵاوی کردۆتەوە.**
**"کوردستان" بە لە بەرچاوگرتنی گرنگی نێوەڕۆکی بابەتەکانی باسکراو لەم وتووێژەدا دووبارە لێرەدا بڵاوی دەکاتەوە.**

**ئایا حیزبەکەی ئێوە دەیەوێ لە ئێران جیابێتەوە؟**

ئەوە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییە و تەنانەت ڕێژیمی پاشایەتییش ئەم پڕوپاگەندەیان لەنێو خەڵکدا بڵاو کردۆتەوە کە حیزبی دێموکرات، حیزبێکی جیاییخوازە. ئێمە بەدوای جیابوونەوە لە ئێران نین و ساڵانێکە بۆ پێکهێنانی حکوومەتێکی دێموکراتیکی سێکۆلاری فێدراڵ لە چوارچێوەی ئێراندا خەبات دەکەین. کاتێک باس لە فێدرالیزم دەکەین، واتاکەی ئەوەیە کە دەمانهەوێ لە چوارچێوەی جوگرافیای ئێراندا بمێنینەوە.

**پێتان وانیە کە کاتی ئەوە هاتووە خەباتی چەکداری وەلا بنێن؟ چوار دەیەیە ئێوە لەگەڵ کۆماری ئیسلامیدا تێکهەڵچوونی سەربازیتان هەیە و ئاکامێکی نەبووە، لەو باوەڕەدا نین کە دەبێت ئەم شێوازە خەباتە گۆڕانی بەسەردا بێ؟**

ئەوە پەرچەکرداری دەسەڵاتە لە ئێران کە شێوازی خەباتی ئێمە دیاری دەکات، خۆزگە بەم چەشنە نەدەبوو. ئێوە ئاگادارن کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە یەکەم ڕۆژەکانی دامەزراندنی کۆماری ئیسلامییەوە هەوڵی زۆری دا کە پرسی خەڵکی کوردستانی ئێران لە ڕێگەی وتووێژەوە چارەسەر بکا. لەم ڕێگەدا ئێمە تێچوومان دا، دوکتۆر عەبدلۆڕەحمان قاسملوو لە پێوەندی لەگەڵ ئەم وتوێژانەدا لە شاری ڤیەن و بە دەستی دیپلۆمات تێرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی شەهید کرا. لە بەرانبەردا و لە وەڵامی داواکارییەکانی ئێمەدا، کۆماری ئیسلامی بێجگە لە سەرکوت، ئێعدام، کوشتاری ئەندامان و چالاکانی ئێمە و تێرۆری بەرپرسانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، وەڵامێکی ئەرێنی نەداوەتەوە. ئێمە بە مافی خۆمان دەزانین کە لە هەموو ڕێکارێکی ڕەوا کە خەباتی چەکدارانەش یەک لەوانە بە دژی کۆماری ئیسلامی کەڵک وەرگرین.

**لە چەند دەیەی ڕابردوودا، بە تایبەت دەیەی یەکەمی دوای شۆڕشی ئێران، دەیان جار گوێبیسی ئەمە بووین کە پێشمەرگە کوردەکان، سەری بەسیجی و سەربازە ئێرانییەکانیان دەبڕی، بەڕاستی حیزبی ئێوە و پێشمەرگەکانتان هەڵسوکەوتێکی بەم چەشنەیان هەبوو؟**

ئەمەش یەکێکی دیکە لەو تۆمەتانەیە کە دەستوپێوەندییەکانی ڕێژیم بۆ خەوشدارکردنی خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و گەلی کورد بەگشتی بانگەشەیان بۆ دەکرد. خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ڕوانگەی منەوە یەکێک لە مرۆییترین و بێخەوشترین خەباتەکان لە ئێراندایە.

**بۆچی وەها بیر دەکەنەوە؟**

لە سەردەمی ڕێبەریی دوکتۆر قاسملوودا، یەکێک لە باشترین فەرماندە سەربازییەکانی حیزب دەرکرا، لەبەر ئەوەی کاتێک بەهۆی گوشاری بۆردمانەکانی ڕێژیمەوە دیلەکانمان لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە دەگواستەوە، هەڵسوکەوتێکی شیاوی لەگەڵیان نەبوو.

**زۆربەی کوردە دژبەرەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەڵێن کە شەڕی نێوان دێموکرات و کۆمەڵە یەکێک لە ڕەشترین ڕووداوەکانی مێژووی کوردستانی ئێرانە. ئێوە وەکوو یەکێک لە ئەندامانی ڕێبەریی ئەوکاتی حیزبی دێموکرات و ئێستاش، هەست ناکەن کە هەڵەتان کردوە؟**

ڕەنگبێ لەلایەن حیزبی دێموکراتەوە ئەوکات هەندێک هەڵە ڕووی دابێ. بەداخەوە لەو سەردەمدا بڕوای کۆمەڵە، سیاسەت و بۆچوونەکانیان بە چەشنێک بوو کە تەحەموڵی حیزبی دێموکراتیان نەدەکرد. بەرپرسانی ئەوکاتی کۆمەڵە ڕایان وابوو کە خەباتی ئەوان پێش لە هەموو کەس دەبێت دژی حیزبی دێموکرات بێت، چونکی کۆماری ئیسلامی ڕۆژێک هەر دێ لەنێو بچێت، بەڵام حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران مەترسیەکی هەمیشەییە بۆ سەر ڕەوتی چەپی ئەوکات. دەیانگوت ئەوان بۆرژوان و خەباتی نوێنەرانی چینی کرێکار لەگەڵ حیزبە بۆرژواکان هەمیشەیی و بێکۆتاییە و دەبێ لەنێو ببردرێن.

**ئێمە لە ئێراندا دەبینین کە هەرکات بزاوتێک لە کوردستان سەرهەڵ دەدا، تەنانەت لەنێو گرووپە دژبەرەکانیشدا وەکوو هەوڵێکی جیاییخوازانە لێکدەدرێتەوە، ئایا ئێوە توانیوتانە لەگەڵ گرووپ و کەسایەتییە سیاسییەکانی دژبەری کۆماری ئیسلامی ئێران پێوەندی چێ بکەن؟**

ئێمە لەگەڵ زۆرێک لە حیزب و گرووپەکانی ئۆپۆزیسیۆندا پێوەندیمان هەبووە و ئێستاش هەمانە. هەروەها لەگەڵ حیزبەکانی سەر بە نەتەوەکانی ئێران پێوەندی و هاوئاهەنگیمان هەیە. لە بەر هەندێک سنوورداربوون و ئەو گوشارانەی تا هەنووکە لەسەر حیزبی دێموکرات هەن و، نەمانتوانیوە بە چەشنی پێویست حیزبی دێموکرات و خەباتی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران بە هاونیشتمانانمان بناسێنین.

**بنکەکانی ئێوە لە کوردستانی عێراق کەوتوونەتە بەر هێرشی مووشکیی سپای پاسداران، ئەمە تا چ ڕادەیەک کاریگەریی لە سەر چالاکییەکانی ئێوە داناوە. ئایا حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق گوشاری خستۆتە سەر ئێوە تا چالاکییەکانتان سنووردار بکەن؟**

گوشار لە هەر دوو لاوە هەبوو، هەم لەلایەن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران و هەمیش حکومەتی هەرێم و حیزبە کوردییەکانی کوردستانی عێراق. ئێمەش توانیومانە لەم نێوەدا هاوسەنگییەک ڕابگرین کە بتوانین لێرە جێگیر بین و لە ئەوەندە ئاستە لە خەباتی خۆمان بەردەوام بین.

**ئایا نیگەران نین لە گوشارەکانی کۆماری ئیسلامی، بە تایبەت دوای هێرشی مووشەکیی ئەم دواییە بۆ سەر هەولێر و شوێنەکانی دی؟ ئەگەری ئەوە هەیە کە ئەمە گوشارێک بێت بۆ سەر هەرێمی کوردستان تاکوو ئێوە ناچار بکەن بارەگاکانتان لە هەرێمدا بپێچنەوە؟**

کۆماری ئیسلامی ئەم گوشارانەی بۆ سەر هەرێم هێناوە و بەڕاشکاوی داوای لە هەرێم کردوە کە ئێمە لێرە دەربکرێن، یان هەرنەبێ چەک بکرێن. بەڵام تا ئێستا بە خۆشحاڵییەوە ئەمە ڕووی نەداوە.

**پێوەندی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەگەڵ حیزبە کوردییەکانی دیکەی دژبەری ئێران چۆنە؟**

لەگەڵ هیچ حیزبێکی کوردیی دژبەری ڕێژیمی ئێران کێشەمان نییە و پێوەندییەکانمان پێوەندییەکی دۆستانەن. لەگەڵ هەندێک لەوان هاوپەیمانییەکمان لەژێر ناوی ناوەندی هاوکاریی حیزبە کوردییەکانی دژبەری ئێران پێکهێناوە و پێکەوە هاوکاری دەکەین. لەگەڵ ئەو بەشەی لە ئێمە جیابوونەوە، ماوەی زیاتر لە ساڵێکە دانوستان دەکەین بۆوەی بتوانین دووبارە ببینەوە بە یەک و لەم پێناوەشدا هەنگاوی ئەرێنیی زۆرمان هەڵهێناوە.

**هەڵبەتە چەند ساڵ پێش من لە ئێوەم بیست کە گوتتان هیوادارن، ئایا ئێستا لە گەڵ چەند ساڵ پێش جیاوازترە؟**

بەڵێ، جیاوازی هەیە. چونکە ئەوکات کە من گوتم هیوادارام، وێدەچێ وتوێژەکانمان لە قۆناغی سەرەتاییدا بووبن.

**ئەم پرسیارە لە ئارادایە کە بۆچی دوو حیزبی دێموکرات ناتوانن ببنە یەک حیزب، ئەوەیکە لە بواری بەرنامە و مانیفێستەوە دەکرێ بڵێین زۆر لە یەک نزیکن و یان وەکوو یەکن؟**

لە ڕاستیدا ئەو جیابوونەوانەی نێو حیزبی دێموکرات لە سەردەمی کۆماری ئیسلامی و لە ماوەی زیاتر لە سێ دەیەدا و بێجگە لە یەکەمین ئینشعاب، هیچ کامیان بنەمایەکی فیکری، تەشکیلاتی و سیاسییان نەبوو. هۆکارەکەی زیاتر جیاوازیی هەڵسوکەوت و تەعامۆل لەگەڵ یەکتر بووە.

**مەسەلەی ڕێبەریی حیزب چۆن چارەسەر دەکەن، ئایا بیرتان لەوە کردۆتەوە کە شوڕایەک پێک بێنن یان ڕێککەوتوون کە چ کەسێک ڕێبەریی حیزب بگرێتە ئەستۆ؟**

ئەوەی تا ئێستا لە سەری ڕێککەوتووین ئەوەیە کە لەژێر ناوی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا کار بکەین، هەر بەو ناوەی کە ئێستا هەیە و حیزبی یەکگرتوو هەر ئەم ناوەی دەبێت. لۆگۆی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لۆگۆی فەرمیی حیزب دەبێت. جیا لەمانەش ڕێککەوتووین کە تا گرتنی کۆنگرەی هاوبەش، من ڕێبەریی حیزبم لەئەستۆ بێت. ئێمە لە دانوستانەکانماندا ڕێککەوتوون کە لە کۆنگرەدا ئەندامانێک بۆ ڕێبەری هەڵبژێردرێن کە هەر دوو لایەنی تێدا بێت.

**لەم ساڵانەی دواییەدا و لە خۆپیشاندانەکان بەتایبەت لە ناوچە غەیرە کوردەکان گوێبیستی دروشمەگەلێک وەک "ڕەزاشا ڕۆحت شاد" بووین، بە قسەی بەشێکی زۆر لە هێزە دژبەرەکان، سەڵتەنەتخوازەکان و ڕەزا پەهلەوی هێزێکی دژبەرن کە ناکرێ لە بەرچاو نەگیردرێن. ئایا ئێوە قەت لەگەڵ سەڵتەنەتخوازەکان و بەتایبەت ئاغای ڕەزا پەهلەوی پێوەندیتان گرتوە و لەگەڵیان قسەتان کردوە تا بتوانن لە بوارگەلی هاوبەشدا پێکەوە هاوکار بن؟**

من دوو جار لە گەڵ ئاغای ڕەزا پەهلەوی دانیشتنم هەبووە. پێکەوە هەندێک باسمان کردوە، بەڵام بەو ئاکامە نەگەیشتووین کە پێکەوە هاوکاری بکەین.

**ئێوە ئێستا باس لە سیستەمێکی فێدراڵی دەکەن، ناوبراو تەنانەت دژایەتیی ئەوەش دەکا؟**

خوی ئاغای پەهلەوی مەیلی زۆرتر بوو. بەڵام گرووپەکەی زۆر جیاوازتر و هەندێ جاریش

درێژە بۆ لاپەڕەی ٣

دژی ئەون. هەربۆیەش تا ئێستا هیچ ڕەوتێکی سیاسی نەیتوانیوە لەگەڵی هاوپەیمانی پێک بێنێ و هۆکارەکەشی هەر ئەم جیاوازیی بیروبۆچوونی نێو گرووپەکەیەتی.

**ئەدی لەگەڵ ڕێکخراوی موجاهەدینی خەڵق؟ دەزانم لە ساڵانێکی دوور پێکەوە هاوکاریتان هەبووە، بەڵام ڕێکخراوی موجاهدینی خەڵق ئێوەی دەرکرد –مەبەست لە شوڕای میلیی بەرگریدا– بە هۆی ئەوەیکە ئێوە بە نهێنی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی وتوێژتان هەبوو؟**

لەم ساڵانەی دواییدا پێوەندیمان نەبووە و ئەوەش کێشەکەی دەگەڕێتەوە سەر ڕێکخراوی موجاهدین. لە شوڕای میلیی مقاومەتدا ئێمە ئەندامێکی شوێندانەر بووین و خۆمان شوڕامان بەجێ هێشت، بەڵام ئەوان دەڵێن حیزبی دێموکراتمان لە شوڕا دەرکردوە. ئێمە باوەڕمان وایە کە ڕۆژێک مەسەلەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و خەباتی خەڵکی کورد، دەبێ لە تاران و لە ڕێگەی وتووێژەوە چارەسەر بکرێ. ئەمە مەسەلەیەک بوو کە ڕێکخراوی موجاهدین کێشەی لەگەڵی هەبوو.

**ئێمە شایەت بووین و هەواڵیش لەم بارەوە بڵاو کرایەوە و پشتڕاستیش کرایەوە کە نوێنەرانی حیزبە کوردییەکان و لەوانە حیزبەکەی ئێوە لە ڕێگەی دامەزراوەیەکی غەیرە حکومەتییەوە لەگەڵ ئێران دانیشتنتان هەبووە. دەکرێ پێمانی بڵێن کە پێشنیارەکانی ئێران چ بوون؟**

ناوەندی هاوکاریی حیزبهکانی کوردستانی ئێران ئێران بوو دانیشتنەکەی کردبوو. واتا چوار حیزب بووین کە یەک لەوان حیزبی ئێمە بوو. ئەوەش نەک دانیشتنی ڕاستەوخۆ لەگەڵ نوێنەرانی کۆماری ئیسلامی، بەڵکوو ڕێکخراوێکی نورویژی بوو کە نێوبژیوانیی کرد.

**یانی ئێوە هیچ کات لەگەڵ نوێنەرانی کۆماری ئیسلامیدا بەرەوڕوو دانەنیشتوون؟**

نەخێر.

**یانی حازر بوون کە هەندێک ئیمتیاز بە ئێوە بدەن، بگەڕێنەوە بۆ ئێران، حیزب پێک بێنن و چالاکی ئازادانە بکەن و چەکەکانتان وەلا بنێن؟**

ئەو وەڵامانەی کە لە ڕێگەی ئەم ناوەندەوە بە دەستی ئێمە دەگەیشت ئەوە بوو کە کۆماری ئیسلامی لەو ماوەیەدا مەبەستی تەنیا ئەوەیە بە دوایین داخوازی ئێمە و بۆچوونەکانمان لە مەڕ درێژەدان بەم وتووێژانە بزانێ. کاتێک خواستەکانی ئێمەیان بیست، ئیدی وەڵامێکیان نەبوو. یانی ئەوان بە وردی نەیانگوت لەم داخوازییانەی کە ئێوە هەتانە، کامەیان و چ مافێک بە ئێوە دەدرێ یان نا!

**ئایا خەباتی چەکداری هەر لە یەکەمین ڕۆژەکانی سەرەتای شۆڕشەوە، بژاردەی یەکەمی حیزبی دێموکرات بووە؟**

نەخێر، لە سەرەتاوە حیزبی دێموکرات خوازیاری وتوویژ لەگەڵ کۆماری ئیسلامی بوو کە تازە دەسەڵاتی بەدەستەوە گرتبوو. لە ڕاستیدا لەو سەردەمەدا هێزەکانی کۆماری ئیسلامی، ئەو هێزانەی ڕێژیمی پاشایەتی بوون کە لە پادگانەکان و شوێنەکانی دیکە پەرشوبڵاو بوون، ئەوکاتە ئەوان پێشنیاری وتووێژیان دا. هەیئەتێک لەو کاتەدا لەلایەن ئێرانەوە دیاری کرا کە خوالێخۆشبوو داریووش فرووهەر یەک لەوان بوو. نزیکەی ساڵێک هاتن لەگەڵ حیزبی دێموکرات، کۆمەڵە و چەند لایەنێکی دیکە لە مەهاباد کۆبوونەوە. بەڵام لە کۆتاییدا دەرکەوت کە کۆماری ئیسلامی ئەم وتووێژانەی تەنیا بۆ وەدەستهێنانی کات کردوە. کاتێکیش توانییان هێزە پەرشوبڵاوەکەیان ڕێک بخەنەوە، جارێکی دیکە هێرشیان کردەوە سەر مەهاباد و شارەکانی دیکەی کوردستان و وتووێژەکان ڕاگیران.

**ئایا دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ئاگاداری ئەو وتووێژانەی نێوان دوکتور قاسملوو و نوێنەرانی کۆماری ئیسلامی لە ساڵی ١٣٦٨ لە ڤییەن بوو؟**

بۆ خولی یەکەمی وتووێژەکانی دوکتۆر قاسملوو لەگەڵ نوێنەرانی کۆماری ئیسلامی، ئێمە لە دەفتەری سیاسی ئاگادار نەبووین. ئەوە لە ڕەوتی سەفەرێکدابوو کە دوکتور قاسملوو بۆ ئورووپا کردبووی و کە گەڕایەوە باسی دانیشتنەکەی بۆ ئێمە کرد. ئێمە پێمان باش بوو کە وتووێژەکان بکرێن، بەڵام دژی ئەوە بووین کە دوکتور قاسملوو خۆی بەشداری وتووێژەکان بێت. بڕیار وا بوو کە هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەگەڵ نوێنەرانی کۆماری ئیسلامی لە ئورووپا دابنیشێ، بەڵام بەداخەوە ئەمە ڕووی نەدا.

**ڕۆڵی جەلال تاڵەبانی، ڕێبەری یەکیەتیی نیشتمانی کوردستانی عێراق لەو کاتەدا چ بوو. دەزانین کە لە ڕۆژە یەکەمەکانی وتوێژەکاندا لەوێ حزووری هەبوو، بەڵام دوایی نەبوو و بەتایبەت ئەو ڕۆژەی کە دوکتور قاسملوو تیرۆر کرا. هەندێک ئەم گومانەیان دروست کردوە کە ڕەنگە ناوبراو هاوکاریی کۆماری ئیسلامیی کردبێت؟**

مام جەلال لە پەروەندەی شەهیدکران و تیرۆری دوکتۆر قاسملوودا ڕۆڵێکی نەبوو. لە خولی یەکەمی وتووێژەکاندا حزووری هەبوو و نوێنەرانی کۆماری ئیسلامی هەندێک بەڵێنیان دابوو. بەڵام دوایی دوکتور قاسملوو خۆی بە ئێمەی گوت کە نوێنەرانی کۆماری ئیسلامی پێیان گوتووە کە لەمەوبەدوا خۆمان وتوویژ دەکەین، ئێمە ئێرانین و باسەکانمان خۆمان دەیکەین و خۆمان کێشەکانمان چارەسەر دەکەین و پێویست ناکا کەسانی غەیرە ئێرانی حزووریان هەبێت کە مەبەستیان مام جەلال بوو. تەنانەت ئەمەیان گوتبوو کە مام جەلال زاربڵاوە و ڕەنگە ئەم باسانە بدرکێنێ. ئەوکات بڕیار وابوو وتوێژەکان نهێنی بن تا دەگاتە ئاستێکی تر. هەربۆیەش باشتر وایە کە مام جەلال بەشدار نەبێت. بەڵام لە ڕاستیدا کۆماری ئیسلامی هەر لە سەرەتاوە مەبەستی لە وتوویژ لە داوخستنی دوکتۆر قاسملوو بوو و دەیزانی ئەگەر مام جەلال لە دانیشتنەکاندا بەشدار بێت ناتوانن بە ئامانجیان بگەن و دوکتور قاسملوو تێرۆر بکەن و یا ئەگەریش بیکەن تێچوویەکی زۆر قورسی بۆ ئەوان دەبێت.

**لەگەڵ هەندێک لەو کەسانەی کە پێشتر لە ئاستی بەرزی ڕێبەریی حیزبی دێموکراتدا بوون قسەم کردوە. هەندێکیان دوکتور قاسملوو بەوە تاوانبار دەکەن کە تاکڕەو بوو، دەیانگوت لە گەڵ بەدەنەی حیزبی دێموکراتدا نەیدەتوانی پێوەندی دروست بکات. هەندێکی دیکە لەوانەی کە لە دوکتور قاسملوو نزیک بوون دەیانگوت کە ئەو ساڵانێک لە ئورووپ ژیابوو، لەگەڵ زۆرێک لە کەسایەتییە جیهانیەکاندا پێوەندیی دروست کردبوو، و ئەوە کێشەی حیزبی دێموکرات، تەنانەت بەدەنەی حیزبی دێموکرات و لە ئاستی دەفتەری سیاسیدا بوو کە نەیاندەتوانی لە ئیدەکانی ئاغای قاسملوو تێبگەن، کامیان ڕاستە؟**

کەسایەتیی دوکتور قاسملوو بە چەشنێک بوو کە زۆر بەئاسانی لەگەڵ هەر کەسێک و لە هەر ئاستێکی خوێندەواری، ئەندێشە و فیکردا دەیتوانی قسە بکات. لەگەڵ مامۆستای زانکۆ، مامۆستای زانکۆ بوو، لەگەڵ خەڵکی ئاسایی، پێشمەرگەکان، ئەندامانی حیزبی و خەڵکی دێ ڕێک وەکوو خۆیان قسەی دەکرد.

**ئێمە دەبینین کە سێ ساڵ دواتر و دووبارە لە ئورووپا، دوکتور سادق شەرەفکەندی، ڕێبەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران تیرۆر دەکرێ، ئێوە لە تێرۆری دوکتۆر قاسملوو هیچ فێر نەبوون؟ بۆ ئەم هەڵەیە دووبارە دووپات بۆوە؟**

هەڵبەتە ئەمە ڕەخنەیەکی بەجێیە لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران. بە داخەوە دوکتور شەرەفکەندی ڕەچاوی بواری ئەمنیەتیی نەدەکرد. هەربۆیەش بە داخەوە زۆر زوو لە داو کەوت.

**داواکاری گشتی ئاڵمان بۆ یەکەم جار و زۆر کەسیش دەڵێن دوای دادگای نۆرمبرگ، کۆماری ئیسلامیی ئێران بە تێرۆریزمی دەوڵەتی ناو دەبات و ڕێبەرانی ئەم ڕێژیمە بەوە تاوانبار دەکا کە لە ڕێکخستن و جێبەجێکردنی ئەم تێرۆرانەدا ڕۆڵیان هەبووە؟**

بەڵێ لە دادگەیەکی بێلایەندا، ڕێبەرانی ئەم دەسەڵاتە وەکوو تێرۆریست ناسێنران و مەحکووم کران. ئەمە جۆرێک سارێژ بوو بۆ برینەکانی ئێمە وەکوو بەدەنەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و خەڵکی کورد بە گشتی لە دوای ئەو تیرۆرانە بوو.

**دەرچوونی حوکمی دادگای میکۆنۆس کاریگەریی لەسەر هەڵسوکەوتی کۆماری ئیسلامی ئێران لە ئورووپادا بوو؟**

نا بۆ هەمیشە. بۆ ماوەیەک کۆماری ئیسلامی تێرۆری چالاکانی سیاسی و ڕێبەرانی حیزبەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ڕاگرت کە هاتوچۆی ئورووپایان دەکرد یا نیشتەجێی ئەوێ بوون. بەڵام بە دڵنیاییەوە هەر لەو کاتەدا سەرقاڵی پیلان و پلانی خۆی بوو، بە شێوەیەکی دیکە و لەوانە کۆکردنەوەی زانیاری و دروستکردنی هێز و لایەنی نیابەتی. هەروەک بینیمان کۆماری ئیسلامی لەم ساڵانەی دواییدا دیسانەوە پیلانەکانی خۆی لە ئورووپا دەست پێ کردۆتەو.

**لە ساڵانی ڕابردوودا ئێوە ڕێبەری ئەم لقەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوون، ئایا هەڕەشەیەک بەرەڕووی ئێوە بۆتەوە؟ ئایا ئێوە نیگەرانی گیانی خۆتان نین؟**

پیلان هەبوو، دەستوپێوەندی خۆیان ناردوە، بەڵام بە خۆشییەوە هەموو ئەمانە بەرپەرچ دراونەتەوە و کۆماری ئیسلامی تا ئێستا سەرکەوتوو نەبووە. لەگەڵ ئەوەشدا من دڵنیام کە کۆماری ئیسلامی دەست لەم هەوڵانە هەڵناگرێ.

**دەزانین کە ئێستا لە ئێران خۆپیشاندانەکان هەن و بەردەوامن. زۆر کەس پێی دەڵێن شۆڕشی برسییەکان بە هۆکارگەلی ئابووری. ئێوە وەکوو نوێنەری بەشێک لە گرووپە دژبەرەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران، نوێنەری بەشێک لە کوردەکان، پەیامی ئێوە بۆ گرووپەکانی دیکەی دژبەری ڕێژیمی ئێران چییە؟**

لەو بڕوایەدام کە چ ئەوکات کە حیزبی دێموکرات خوازیاری خودموختاری بۆ کوردستان بوو و چ دواتر کە بەرنامەی خۆی بۆ فیدراڵی گۆڕی، ئەمانە هەمیشە خواستی خەڵکی کورد لە کوردستانی ئێران بوون. ئێمە کاتێک دەتوانین ئەو ئیدیعایە بکەین کە خەباتی ئێمە خەباتێکی ڕەسەنە کە لەسەر بنەمای خواستی خەڵک بێت. ئەگەر خەڵک بیانهەوێ ئێمە خەباتی خۆمان درێژە دەدەین و ئەگەریش نەیانهەوێ بێگومان خەباتێک بوونی نابێ.

**زۆر سپاس کاک مستەفای بەڕێز**

سپاس بۆ ئێوەش

# له یەکگرتنەوە گرینگتر



ئەلبورز ڕۆئینتەن

زۆر جار ئەوانەی کە لەسەر حیزبی دێموکرات دەنووسن بۆ نیشاندانی کاریگەریی ئەو حیزبە لەسەر بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد لە چەمکی داینەمۆی شۆڕش لە ڕۆژهەڵات کەڵک وەردەگرن. ئەو چەمکە زیادتر لەوەی کە بە مەبەستی بانگەشەکردن بێت بۆ ئەو حیزبە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو فاکتانەی کە لە ڕۆژی یەکەمی دامەزرانی کۆمەڵەی ژێکافەوە و هەروەها ڕۆڵی ئەو حیزبە لە قوناغی جیاوازدا، لە هەڵگیرساندن و ئاراستەکردنی شۆڕش لە ڕۆژهەڵات هەن. لە هەمووی ئەو قوناغانە هەرکات حیزب بەهێز بووبێت شۆڕشی کورد بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی گەشەی بە خۆیەوە دیتوە. ئەو ڕاستییە بە قوربانییەکی زۆری ئەو ڕێکخراوە لە پێناو دابینکردنی مافی نەتەوەیی بەدی هاتووە.

لەو مێژووە پڕ لە سەروەرییەدا کە بێ کەموکووڕیش نەبووە یەک بابەت هەر لە سەرەتای دامەزراندنی ئەو حیزبە کە گۆرانکاریی زۆری بە سەردا نایێ، پێگەی ئەو حیزبە لەنێو گەلی کورددایە. هەر ئەو بابەتەش وایکردوە کە هەر جووڵەیەکی ئەو حیزبە شوێندانەری ڕاستەوخۆی لە گۆڕەپانی خەباتدا هەبێت. هەربۆیەش بە داینەمۆی شۆڕش وەسف دەکرێت. لە ڕۆژانی ڕابردوودا بە بڕیارێکی دروست و پێویست و لە شوێنی خۆی حیزب بڕیاری یەکبوونەوەی خۆی دا، دیتمان ڕەنگدانەوەیەکی زۆر ئەرێنیی لە ڕۆژهەڵات و دونیای سیاسەت و میدیا هەیبوو، بە دیتنی شەپۆلی خۆشحاڵیی خەڵک بە گشتی و دڵسۆزان و لایەنگرانی ئەو حیزبە بەتایبەتی ئەو ڕاستییە جارێکی دیکە سەلمێنرا کە پێگەی حیزب لە نێو کۆمەڵگەی کوردەواری لە ئاستێکی بەرزە. ئەو پێگەیە وا دەکات کە وەک هەمیشە بە داینەمۆی شۆڕش و شوێندانەری ئەرێنی لەسەر بزاڤی ڕزگاریخوازی بناسرێت، بەڵام ئەوەی مەبەستی ئەو نووسینەیە گواستنەوەی ئەو ڕەنگدانەوەیە ئەرێنییەی ئەو بڕیارە درووستەی حیزب نییە، چونکە زۆ باسی لە سەرکراوە، هەموو کوردێکیش ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ هەستی پێ کردوە؛ بەڵکوو پێویستە باس لە قوناغی دوای ئەو بڕیارە بکرێت. چونکە ئەو شەپۆلە گەورەیە لە خۆشحاڵی و پشتیوانیی کۆمەڵانی خەڵک لە هەمان کاتدا بەرپرسیارەتییەکی قورس دەخاتە سەر شانی ئەو حیزبە، ئەو بەرپرسیارەتییە و پێداویستییەکانی دۆخی ئێستای ڕۆژهەڵات و خەبات کە یەکبوونەوەی دێموکراتی ئافراندووە کە یەکجار زۆر گرینگە، دەخوازێ گەلێک هەنگاوی گرینگی دیکە بهاوێژرێت بۆ ئەوەی بتوانرێ لە ئاستی ئەو بەرپرسیارەتییە سەرکەوتنی زیاتر بە دەست بێنێ کە سەرکەوتن لەو بوارەدا شوێندانەری ڕاستەوخۆی لە بزاڤە ڕەواکەی گەلەکەمان دادەنێت.

گرینگتر لە یەکگرتنەوە پاراستنی ئەو یەکگرتنەوەیە لە داهاتوودایە. دوژمنانی نەتەوەی کورد هەر لە سەرەتاوە بۆ ئەوەی کورد لاواز بێت، هەوڵی دابەشکردنی کوردستان و کوردیان داوە، تەنانەت هەندێک جاریش کورد بۆ خۆی پەرەی بەو دابەشبوونە داوە، تەنانەت نەیتوانیوە لە چوارچێوەی ڕێکخراوێکیشدا ئەو یەکڕیزییە بپارزێ، لە ئاکامدا بزووتنەوەی کورد لاواز بووە، بە پێچەوانەوە هەر یەکبوونێکی کورد لە ئاستی جیاوازدا، بەهێزیی شۆڕشی لێ دەکەوێتەوە، کە واتە پێویستە ئەو یەکبوونە وەک گلێنەی چاومان بپارێزین. بەڵام ئەمە چۆن وەدی دێت؟ بێگومان بە ئەزموونوەرگرتن لە ڕابردوو دەتوانین ئەو هەنگاوانە بگرینە بەر کە ئەو یەکبوونە بەهێز بکات.

لە قوناغی دوای یەکبوونەوەمان گرینگتر، بەهێزکردنی بوارە جیاوازەکانی خەبات لە ئاستی جیاواز بە کەڵکوەرگرتن لە پڕۆژە و بیرو هزری زانستی و سەردەمیانەیە کە بە خۆشییەوە حیزبی دێموکرات بە هۆی ئەو پێگە جەماوەرییە و پوتانسیەلە گەورەیەی هێزی مرۆیی داهێنەر کە هەیەتی، دوژمن بەتەواوی لێی دەترسێ و هەروەها بە شەڕی نەرم دەیهەوێ ئەو پوتانسیەلە لە حیزب دوور بکەوێتەوە. هەر بۆیە ئەو پوتانسیەلە دەتوانێ هەموو بوار و ئاستەکانی شۆڕش بەهێز و بەهێزتر بکات.

لە یەکگرتنەوە گرینگتر گواستنەوەی ئەو یەکگرتنە بۆ ئاستی هەموو هێز و لایەنە سیاسیەکانە لە ڕۆژهەڵات چونکە حیزبی دێموکرات هیچ کات بە هێزی گەورەی خۆی لە خۆبایی نەبووە، بەڵکوو بەردەوام هەوڵی داوە کە یەکڕیزی لایەنەکانی ڕۆژهەڵات پەرە پێ بدات، لە دوای هەنگاوی یەکبوونەوە ئەو بابەتە پێویستە زیاتر لە جاران بە هەبوونی پڕۆژەی دیاری کراو لە ئاستی جیاواز بۆ دۆسیەی کورد لە داهاتووی ئێراندا ڕەچاو بکرێت.

داینەمۆبوونی شۆڕش وا دەخوازێ کە حیزب ئەو هەنگاوانە بە جیدییەتی زیاترەوە هەڵبگرێ و لە قوناغی نوێدا بەرەو هەنگاوی گرینگتر لە یەکبوونەوەشمان کە هەنگاوێکی لە ڕادەبەدەر گرینگە هەڵبگرێت. دکتور قاسملووی نەمر کە ڕۆڵێکی گرینگی لە بووژاندنەوەی ئەو ڕێکخراوەیە هەبووە، مانەوەی بەردەوامی ئەو حیزبە لە گۆڕەپانی خەباتدا بۆ سێ فاکتەری هەبوونی سیاسەتی دروست، پێگە و پێشتیوانی جەماوەری و هەروەها قارەمانێتی پێشمەرگە دەگەڕێنێتەوە. ئەمڕۆ بە ڕوونی ئەو سێ ئەسڵە لە بڕیارەکانی حیزب لە یەکبوونەوە و بەرەو بەهێزکردنی شۆڕش بە ڕوونی دەبیندرێ، هەربۆیەش کاتی هەڵگرتنی هەنگاوی گرینگتر لە یەکبوونەوە هاتووە.

بێگومان بە هەوڵ پشتیوانی هەموو لایەک هەنگاوی گرینگتر لە حیزبی دێموکرات دەوشێتەوە و ئەوە هەم ئەرکە و هەم کارێکی کردەنی.

# پەیامی ڕێکخرای ئینترناسیۆنال سوسیالیست بەبۆنەی یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکرات




**مستەفا هیجری، خالید عەزیزی، ئەندامانی دەفتەری سیاسی و، سەرجەم ئەندامانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران!**

**هەڤاڵانی هێژا، دۆستانی خۆشەویست!**

فرە دەڵخۆشم کە بە ناوی ئینترناسیۆنال سۆسیالیست پیرۆزبایی گەرم و دڵسۆزانە خۆمان بەبۆنەی هەنگاوی مێژوویی ئێوە بۆ یەکگرتنەوەی حیزبەکەتان پێشکەش بکەم.

ئێوە مێژوویەکی دوورودرێژ و پڕ لە شانازیتان هەیە و، گومان لەوەدا نییە کە ئێوە ئەمڕۆ بەیەکەوە بەهێزترن. ئێوە مێژوویەکی لەمێژینەشتان دەگەڵ ئینترناسیۆنال سۆسیالیست هەیە. ئەندامانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران، لە ناویاندا عەبدولڕەحمان قاسملو، لە هەشتاکانی زاییینیدا وەک میوان بەشداریی ئینترناسیۆنال سۆسیالیستی کرد، پاشان د. سادق شەڕەفکەندی. حیزبەکەتان لە نەوەدەکانی زاییینیدا بوو بە ئەندامی چاودێر، دواتر ئەندامی ڕاوێژکار و بەدوای ئەویشدا لە ٢٠١٥، حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بوو بە ئەندامی تەواو. بەشداریی ئێوە لە کۆنگرەی داهاتووی ئینترناسیۆنال سۆسیالیستدا، وەک یەک حیزب، دەبێتە مایەی دڵخۆشی مەزن.

دەگەڵ دەستپێکی ئەو قۆناغە نوێیەی ژیانی حیزبەکەتان، ئێوە هاوپشتی و پشتیوانیی ئەو بنەماڵە نێونەتەوەییەتان هەیە. هەوڵی هاوبەشی ئێمە بۆ دێموکڕاسی، دادپەروەریی کۆمەڵایەتی، یەکسانیی و ڕێز بۆ ئازادی و مافەکان یەکە و قەت کۆتایی نایە. هێشتا بۆ بەهێز کردنی دەنگی گەلی کورد زۆری ماوە و لە هەموو وڵاتێک ئینترناسیۆنال سۆسیالیست پشتیوانی ئێوە و پرسەکەتان دەمێنێتەوە.

**لوئیس ئایالا**
**سکرتێری گشتی**
**٣٠ ئاگوست، ٢٠٢٢**

## خالید عەزیزی:

# لە هەر شوێنێک هێرشمان بکرێتە سەر، بەرگری لە خۆمان دەکەین

## (قسەکانی کاک خالید عەزیزی، وتەبێژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و پرسیار و وڵامەکان لە پرێس‌کۆنفڕانسی یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکراتدا)



بەخێرهاتنی میدیاکاران و دەزگاکانی ڕاگەیاندن دەکەم.

ڕۆژی ڕابردوو بەڵگەنامەیەکی مێژوویی لە مێژووی حیزبی دێموکرات و لە مێژووی خەبات و تێکۆشانی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا ئیمزا کرا. ئەو ڕێککەوتن و بەڵگەنامەیە لەنێوان حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و حیزبی دێموکراتی کوردستاندا بوو کە لەلایەن هەردووک لاوە ئیمزا کرا و لە دوێنێ‌ڕا لەمەو بەدوا هەمووی دێموکراتەکان بە ناوی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کار دەکەن.

گرینگیی بەڵگەنامەکە لەوەدایە کە لە کاتێکدا ئیمزا کراوە کە لێکدابڕان و لێکدووری و نەبوونی یەکڕیزی بەداخەوە تا ڕادەیەکی زۆر باڵی بەسەر لایەنە سیاسییەکانی کوردستاندا کێشاوە. بۆیە گرینگە چونکی ئێران لە هاوکێشە ناوچەیی و جیهانییەکاندا ڕۆژانە بە شێوازی جۆراوجۆر دێتە نێو باس و ئەوە کە چۆن هەڵسوکەوت لەگەڵ ئێراندا بکرێ و لەو پێوەندییەدا فاکتەری حیزبی دێموکرات وەک ئەکتەرێکی سەرەکیی شانۆی سیاسی گرینگیی خۆی هەیە و ئەو یەکگرتنەوەیە هێندەی دیکە ئەو پێگەیە بەرچاوتر دەکا.

ئەو ڕووداوە بۆیە گرینگە، چونکی پەیامێکی زۆر ڕوون و ڕاشکاوانە دەدا بە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی ئێران، ئەو جێیەی کە حیزبی دێموکراتی لێ دروست کرا و، پێیان دەڵێ ئەو لێکدابڕان و ترازانە شوێنی لەسەر خەبات و تێکۆشانی ئێمە دانەنا و ئێمە پەیامی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەلایەک و دۆستانی حیزبی دێموکرات لە هەموو پارچەکانی کوردستان بەتایبەت لە باشووری کوردستانمان وەرگرت و هەوڵمان دا ئەو ئەرکە بەجێ بگەیەنین و حیزبی دێموکرات یەک بگرێتەوە. لە هەمان کاتیشدا ئەو سەنەدە پەیامێکی باشە بۆ حیزب و لایەنە سیاسییەکانی ئێرانی کە وەک چۆن ئێمە دوو حیزبمان یەک خستەوە، دەتوانین هەماهەنگیمان هەبێت بۆ کاری هاوبەش و گەورەی دیکە.

ئێمە بەو بڕیارەی داومانە ئەرک و بەرپرسایەتیی دیکەشمان لەسەر خۆمان دروست کردوە کە ڕووی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. لەو شوێنەی خەبات و تێکۆشان و جموجۆڵێکی بەربەرین دژی کۆماری ئیسلامی لە گۆڕێدایە و ئەوان پێویستییان بە یەکڕیزی و یەکگرتوویی دێموکراتەکان بوو؛ ئەوەش بۆ ئێمە ئەرک دروست دەکا کە لە داهاتوودا چۆن وەڵامدەری ئەو خەبات و تێکۆشانە بین.

ئێمە بۆ ئەوەی کە ئەو پرۆسەیە بەئاکام بگا، ڕێککەوتووین بەباشی بەرەوپیری کۆنگرەی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان بچین و ڕێبەرییەکی کاتی ئەم حیزبە هەتا کۆنگرە ئیدارە دەکا.

یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکرات وەک بەڕابردووترین حیزبی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پەیامێکی باشیشە بۆ خەڵکی باشووری کوردستان، بۆ حیزب و ڕێکخراوەکانی باشووری کوردستان کە بتوانن لەو بارودۆخە هەستیار و ئاڵۆزەی ئێستای ناوچەکەدا بە یەکگرتوویی سەنگ و پێگەی کورد بپارێزن.

ڕاستە پڕۆژەی یەکگرتنەوەی ئێمە بڕێک زۆری کێشا، بەڵام دوو قازانجی هەبوو. قازانجێک ئەوە بوو عەقڵییەتی وتوویژ و دانوستان لەگەڵ یەکتر بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان دەبێ لەپێشەوەی هەموو شتێک بێت. قازانجی دووهەم ئەوە بوو نەفسی وتوویژ و دانوستان لەگەڵ یەکتر تەمرینی تەحەمولی یەکترە، بۆیە هەردووی ئەو فاکتۆڕانە دەتوانێ بنەمایەکی باش بێت لە چەندوچۆنیی مودیرییەتێکی باشی ئێستای حیزبەکەمان، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە پێناو داهاتوودا.

لەتبوون کاریگەرییەکی ئەوتۆی سیاسیی لە پرسە کەلانەکانی ئێمە لە دژی کۆماری ئیسلامی لە ئاستی ئێراندا، و لە پێوەندی لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی لە ئاستی نێودەوڵەتی و دیپلۆماسیدا نەبوو؛ بۆیە لەو بوارانە ئەگەر ئێمە لێکیش جیاواز بووین بەڵام زۆر لێک نزدیک بووین. بۆیە بەخۆشییەوە کاتێک دەکەوینەوە سەرییەک لە پێوەندی لەگەڵ سیاسەت و هەڵوێست و پرسە سیاسییەکاندا کێشەیەکی ئەوتۆمان نابێ. تا ئەو جێگایەی پێوەندی بە نێوخۆی وڵاتەوە هەیە، لەو خەبات و تێکۆشانە بەربەرینەی لەوێ لەگۆڕێدا هەیە بەشدارین و بەشدار دەمێنینەوە؛ چونکی خەڵکەکەمان ئەو چاوەڕوانییەی لە حیزبەکەی خۆیان هەیە. حیزبی دێموکرات هەوراز و نشێوی زۆر بووە، ڕێبەرانی تیرۆر کراون، سەدان کادر و پێشمەرگەی تیرۆر کراون، مووشەکباران کراوە و ئەوە هەر خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوون کە لە پشتی بوون و نەیانهێشتووە بکەوێ.

لە پێوەندی لەگەڵ هەرێمی کوردستان و باشووری کوردستاندا پێ لەسەر ئەو سیاسەتە دادەگرینەوە کە حیزبی دێموکرات لەسەر بنەمای دەستێوەرنەدان لە کاروباری نێوخۆیی عێراق و هەرێمی کوردستان و ڕێزدانان بۆ سەروەریی خاکی ئەم وڵاتە و قانوونەکانی هەرێمی کوردستان هەمیشە بەدوای ئەوەدا گەڕاوە کە کێشەی لایەنەکان لە هەرێمی کوردستان لە ڕێگای وتوویژ و دانوستانەوە چارەسەر بکرێ و لەلایەن حیزبی دێموکراتیشەوە هەرچی لە دەستمان هاتبێ کۆتاییمان نەکردوە و جارێکی دیکەش هیوادارین هەموو کێشەکانی عێراق و هەرێمی کوردستانیش هەر لە ڕێگای دانوستانەوە چارەسەر بکرێ.

ڕوو بە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، ئێمە هەمیشە گوتومانە ناکرێ کێشەکانی کۆمەڵگەی ئێران بە پرسی ئەتۆمی و داهاتووی ڕێککەوتنی ئەتۆمی لەگەڵ کۆماری ئیسلامییەوە گرێ بدرێ. لەو پێوەندییەدا گوتومانە هیچ کەس و لایەنێک ناتوانێ لە هاوکێشەکانی ئێراندا حیزبی دێموکرات و پرسی کورد بۆ داهاتووی ئەو وڵاتە نادیدە بگرێ و ئەگەر حاشا لە پرسی نەتەوایەتی ئێمە و نەتەوەکانی دیکەش بکرێ، ئێران وەت ئەمنییەت و ئارامی بەخۆوە نابینێ و نابێتە وڵاتێکی جێی متمانە و سەقامگیر بە وڵاتان و هاوبەشە سیاسییەکانیشی.

ڕوو بە لایەنە ئێرانییەکان دەڵێین حیزبی دێموکرات هەمیشە ئامادەی ئەوە بووە کە لەگەڵیان دابنیشێ و دیالۆگی لەگەڵیان هەبێ، چونکی هەمووان پێویستیمان بە بەدیل و ئاڵتێرناتیوە لەدژی نیزامی کۆماری جمهووری ئیسلامی، چونکی هەمووان دەڵێین ئەو نیزامە دەبێ بڕوا، بەڵام بەو قەناعەتە نەگەیشتووین ئەدی کێ جێی بگرێتەوە؟ ئەوە یەکێک لە ئەرکە سەرەکییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەبێ کە لەمەوبەدواش دەبێ کاری بۆ بکات.

ڕوو بە بەشەکانی دیکەی کوردستان، یەکبوونەوەی دێموکراتەکان شەپۆلێکی بەرین لە پیرۆزبایی و پەیامی پیرۆزبایی لە هەموو بەشەکانی کوردستانەوە بۆ ئێمە وەڕێخستووە. پەیامی ئێمەش ئەوەیە کە ئارەزوو دەکەین هەموو لایەنەکان ڕوحی وەحدەت و یەکڕیزی تێیاندا بەهێز بێ، چونکی ئێستا کورد پتر لە هەر سەردەمێک حەوجێی بەو یەکیەتی و یەکڕیزییە هەیە. ئێستاش فەرموون ئەگەر پرسیارێکتان هەبێ وەڵامتان دەدەمەوە.

**بەڕێز کاک خالید یەکگرتنەوەتان لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان چ کاردانەوەیەکی لێ کەوتۆتەوە؟ هەروەها ئێوە لە بەیاننامەی هاوبەشی یەکگرتنەوەدا باس لەوە دەکەن کە لێکترازان چارەسەری کێشە نێوخۆییەکان نییە، بەڵکوو دەبێ بە یەکتر قبووڵکردن و گۆڕان لە سیستم و شێوازی کارکردن کێشەکان چارەسەر بکەن. چ میکانیزمێک بۆ ئەوە داندراوە؟**

بەپێی ئەو خەبەر و وێنە و دیمەنانەی لە سۆسیال‌میدیاش دەیبینن، خەڵک لە نێوخۆی وڵات خۆشحاڵیی خۆیان دەربڕیوە و ئەمەش سروشتییە، چونکی حیزبەکەی ئەوان یەکی گرتوتەوە، ئەو حیزبەی کە پێشەوا دروستی کرد، دوکتور قاسملوو لەسەر چارەسەری ئاشتییانەی مەسەلەی کورد تێیدا تیرۆر کرا و دوکتور شەرەفکەندی بۆ دۆزینەوەی ڕێگاچارەیەکی یەکگرتووی ڕیزەکانی ئێرانی ئەویش تێیدا تیرۆر کرا. بە نیسبەت پرسیاری دووهەم، ئێمەی کورد وا ڕاهاتووین زۆر جار کە کێشە دەکەوێتە نێوانمان لەگەڵ یەکتری پێک نایەین و حەوڵ دەدەین ڕێگاچارەکان بۆ شوێنی دیکە بەرین. کێشەکان ئەوەن کە لە بەرانبەر یەکتری نەوی ناکێشین و یەکتر تەحەمول ناکەین. بەپێی ئەو ئەزموونانەی لە ڕابردوو بوومانە، ئێمە ئێستا وەک حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەسەرمانە ئەو حیزبەی کە پێشەوا دروستی کردوە و خەڵکی کوردستانی ئێران بە ئەمانەت داویانە بە ئێمە، بە یەکڕیزی بیپارێزین و خەسارناسییەکی ورد بۆ هەڵە و چەوتییەکانی ڕابردوومان بکەین.

**کاک خالید میکانیزمی کۆنگرەی هاوبەشتان چۆنە و بە چ میکانیزمێک بەشداریی کۆنگرە ئەکەن؟ هەروەها کۆنگرەی حیزب کەی دەبەسترێ؟**

ئێمە ئێستا لە قۆناغی گواستنەوەداین. لە قۆناغی گواستنەوەدا ئیدارەیەکی هاوبەشمان هەیە و ڕێککەوتنی بەنووسراو و بەڵگەنامەی نێوخۆییمان هەیە. ئەو دەورانی گوزار بۆ ئەوەیە تەمرینی مودیرییەتی حیزبێکی هاوبەش بکەین و کۆنگرەی داهاتووشمان کە کۆنگرەی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان دەبێ، بەشی زۆری بەپێی ئەو ڕێککەوتننایە. ئەوە کە کەی دەبەسترێ، ناتوانم لێرە کاتەکەی دیاری بکەم، بەڵام لەڕووی ئوسوول و پڕەنسیب و پڕۆتۆکۆل لەسەر هەمووی ئەوانە ڕێککەوتووین.

**باسی ئەوەتان کرد کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پرسی کوردی لە ئێران پشتگوێ خستوە. بەڵام ئاخۆ ئێوە هیچ هەوڵتان داوە کە پرسەکە زیاتر بەنێودەوڵەتی بکەن؟ پرسیاری دووهەم ئەوەیە خەباتی چەکداریی ئێوە پاش یەکگرتنەوە چیی بەسەر دێ؟**

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ژیانی سیاسیی خۆیدا هەوراز و نشێوی زۆر بووە. خەباتی ئەسڵی ئێمە خەباتی خەڵکە، خەباتی جەماوەرییە، بە میلیۆن کەس لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دژی نیزامی جمهووری ئیسلامی لەسەر خەتن و هەر ئەو خەڵکەش حیزبی دێموکراتیان دروست کردوە. حیزبی دێموکرات زۆر قۆناغی بڕیوە: کاتێک کە هێرش کراوەتە سەر ئێمە، هێزی پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات ناچار بە بەرگریی ڕەوا بووە و خەباتێکی چەکداریی هەبووە. ئێمە لە بەرنامەماندا نەبووە هەرگیز لە هەرێمی کوردستان‌ڕا هێزی پێشمەرگە بنێرینەوە نێوخۆی وڵات و لەوێ دژی ڕێژیم عەمەلیاتی نیزامی بکەین. بەڵام دەبێ ئەوەمان لەبەر چاو بێ خەڵکی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان خەڵکێکی تووڕەیە لەو نیزامە و بۆخۆیان لە هەموو شێوازێکی خەبات کەلک وەردەگرن. لەگەڵ ئەوەشدا حیزبی دێموکرات حەقی مەشروعی خۆیەتی لە هەر شوێنێک هێرشی بکرێتە سەر، بەرگری لە خۆی بکا.

**لە ماوەی ڕابردوودا ژمارەیەک پێشمەرگە کەوتنە دەست کۆماری ئیسلامیی ئێران. چارەنووسی ئەو پێشمەرگانە بە کوێ گەیشت؟ ئێوە کە بڕیارتان داوە کۆنگرە بگرن ناترسن کۆنگرەکەیان هەڕەشە و مەترسیی لەسەر بێ؟**

لەسەر ئەو پێشمەرگانە ئێستا ناتوانم بچمە نێو ئەو باسە و ئەو لایەنانەی بابەتەکە لای ئەوانە باشتر دەتوانن لە داهاتوودا ڕوونکردنەوەیان هەبێ. بە نیسبەت کۆنگرەش هەر وەک گوتم دیسانەکانە ئەوە پێوەندی بە داهاتوو و ئەو دۆخە هەیە کە ڕێبەری حیزب لە قۆناغی گوزاردا بڕیاری لەسەر دەدا.

**پێتان وایە چ گۆڕانکارییەک لە ئاستی سیاسەتی نێودەوڵەتی لەهەمبەر ئێراندا ڕوو دەدا و ئایا ئێوە ئامادەکاریتان بۆ ئەوە کردوە؟ هەروەها زیاتر لە دووساڵە لەنێو لایەنە کوردییەکان قسە لەسەر دروستکردنی بەرەیەکی کوردستانی هەیە. ئایا ئەو هەنگاوەی ئێوە ئەبێتە هەنگاوێک بۆ دروستکردنی بەرەی کوردستانی؟**

ئێمە ئێستا ناوەندێکمان هەیە بە ناوی ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێران و تەبیعەتەن یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان فاکتۆرێک دەبێ شوێن لەسەر پێوەندییەکانی نێوان هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران دادەنێ و دەبێ بیر لەوە بکەینەوە کە چۆن و بە چ شێوەیەک ئەو هاوکارییانە پەرە پێ بدەین. بە نیسبەت ئێران لە هاوکێشە جیهانییەکاندا، ئێمە لەو باوەڕەداین کە نیزامی کۆماری ئیسلامی دەرەقەتی چارەسەرکردنی قەیرانەکانی بەردەمی نایا و ئەگەر بەرجام و ڕێککەوتنەکەش ببووژێتەوە، ئەو ڕێککەوتنە ناتوانێ وەڵامدەری ئەو کێشە و قەیرانگەلە بێ؛ چونکی بەر لە کێشەی ئەتومییش کۆماری ئیسلامی کێشەی لەگەڵ خەڵکی وڵات لەگەڵ دنیای دەرەوەش بووە و ئەو قەیران و کێشانە ئێستا زیاتر لەهەر کاتێک لەسەر یەک کەڵەکە بوون.

**ئەگەر نەتانتوانی کۆنگرە بگرن، ئایا ترسی لێکدابڕانەوەی ئەم دوو حیزبە هەیە؟ ئایا لەسەر هەموو شتێک بڕیاری یەکلاکەرەوەتان داوە؟ هەروەها لایەنەکانی باشووری کوردستان ڕۆڵیان هەبووە لەو یەکگرتنەوەیەدا؟**

ئێمە ئێستا ئەولەوییەتمان ئەوەیە ئەو ڕێککەوتنانەی هەمانە جێبەجێیان بکەین وکولتووری پێکەوەبوون بنیات بنێین و ئەو کولتووری ڕێککەوتنە بکەینە بنەمایەک بۆ ئیدارەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران. بێگومان لە حیزبێکی سیاسی وەک حیزبی دێموکراتدا جیاوازیی بۆچوون لە ڕابردوودا هەبووە، ئێستاش هەیە و لە داهاتووشدا دەمێنێ. بەڵام من پێم‌وایە ئەوە کە وتووێژەکان بۆ چارەسەری ئەو کێشەیە زۆریان خایاند، ئەمە ڕاهێنانێک بوو بۆ ئەوە کە ئێمە چۆن ئەو کێشانە چارەسەر بکەین. بۆیە ئەمن گەشبینم و لە پاڵ ئەو گەشبینییەشدا ئەرکمان بۆخۆمان دیاری کردوە و ستراتیژی ئێمە ئەوەیە کە بە یەکگرتوویی بمێنینەوە لە داهاتووشدا. لە وەڵامی بەشی دووهەمی پرسیارەکە، لایەنەکانی باشوور کوردستان زۆربەی زۆریان دۆستی حیزبی دێموکراتن و ڕابردوویەکی خۆش و باشیان لەگەڵ حیزبی دێموکرات هەیە. هەرچی بینیومانە هەمیشە قسەی خێریان کردوە، بۆیە جێی خۆیەتی لێرە سپاسیان بکەم.

**ئەو یەکگرتنەوەیە چ کاریگەرییەکی لەسەر دۆخی سیاسیی ئێستای ئێران دەبێ، بەتایبەت لە پێوەندی لەگەڵ ئەو چالاکییانەدا کە دژی کۆماری ئیسلامی دەکرێن. هەروەها بەرنامەی ئێوە بۆ دوای یەکگرتنەوە چییە؟**

لەو سۆنگەیەوە کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کۆنترین و بەڕابردووترین حیزبی کوردستانی ئێران و تەنانەت یەک لە کۆنترین حیزبەکان لە ئاستی ئێران‌دایە؛ لە هەموو ماوەی ژیانی سیاسیی خۆیدا پێوەندیی باشی لەگەڵ حیزب و لایەنە سیاسییە ئێرانییەکان چ لە سەردەمی نیزامی پاشایەتی و چ کۆماری ئیسلامیدا هەبووە. بەتایبەت کە دوکتور قاسملوو وەک سیاسەتمەدارێکی هەڵکەوتوو پێوەندییەکی زۆر باشی لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی هەبوو. ئەمن لام‌وایە هێز و لایەنە سیاسییەکانی ئێرانی یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکراتیان لا گرینگ و بەبایەخە. ئەمەش ئەو چاوەڕوانییە لە ئێمە دروست دەکا کە حیزبی دێموکرات چۆن سەنگ و قورسایی خۆی لە نێوخۆی وڵات و پێوەندییەکانی لە هاوکێشە ناوچەیی و جیهانییەکاندا و هاوپێوەندییەکانی لەگەڵ هێز و لایەنە سیاسییەکانی دیکە لەپێناو بەرینکردنەوەی خەبات دژی کۆماری ئیسلامی بەکار دێنێ تا ئەو ئاستە کە پرسی ئاڵترناتیڤی کۆماری ئیسلامی بباتە خانەیەکی تر. بێگومان یەکگرتنەوەی دێموکرات و ئەرکەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە داهاتووشدا بۆ ئەو ئامانجە دەبێت کە چۆن بکرێ خەڵکی کوردستان و ناوچەکانی دیکەی ئێران پێوەندییەکی باش و تێگەیشتنی هاوبەشیان لەسەر بنەماکانی بنیات‌نانەوەی ئێرانی داهاتوو هەبێ و خەبات دژی کۆماری ئیسلامی چڕتر و هەمەلایەنەتر ببێتەوە.

**پێوەندی ئێوە لەگەڵ حیزب و لایەنە سیاسییەکانی ئۆپۆزیسیۆن لەسەر چ بنەمایەک دەبێ؟**

حیزبی دێموکراتی کوردستان هەمیشە هەوڵ داوە مادام دروشمە ستراتیژییەکەی چارەسەری پرسی کورد لە چوارچێوەی ئێران‌دایە، لەگەڵ هەموو هێز و لایەنە سیاسییە شوێندانەرەکانی ئێران پێوەندیی هەبێ و تێبکۆشی لەمەڕ چۆنیەتیی ئێرانی داهاتوو تێگەیشتنی هاوبەشیان لەگەڵ دروست بکا. کلیلی سەرەکیی وەها پڕۆژەیەک بۆ تێپەڕین لە کۆماری ئیسلامی و ئەو داهاتووە لە باوەڕهەبوون بە دێموکراسی، ڕێککەوتن، دابەشکردنی دەسەڵات و دانانان بە فرەنەتەوەبوونی ئێران و بەڕەسمی‌ناسینی مافی نەتەوایەتیی ئەو پێکهاتە نەتەوەییانەدا دەبینێ کە ئەوە دەبێ لە داڕشتنەوەی یاسای بنەڕەتیی وڵاتدا ڕەنگ بداتەوە. هەوڵەکانی ئێمە لەو پێناوەدا لە داهاتووشدا درێژەی دەبێ.

***

* ئەو پرێس‌کۆنفڕانسە ڕۆژی دووشەممە ٣١ی گەلاوێژ بە بەشداریی کۆمەڵێک میدیاکار و دەزگاکانی ڕاگەیاندنی هەرێمی کوردستان و پەیامنێری تەلەڤیزیۆنەکانی "ایران انترناشنال"، "رادیو فردا" و "صدای آمریکا" بەڕێوە چوو.

# فێمینیزم و خەباتی نەتەوەیی هاوشان و هاوتەریب

## (فیمینیزمی ڕەش و چوارچێوەیەک بۆ فیمینیزمی کورد)

## (٣-٣)



د. ئازاد محەممەدیانی

بیرهێنانەوە:

**وەک لە بەشەکانی پێشوودا باسمان کرد، یەکەم بەرەی فیمینیستەکان ئافرەتانی بەشدار لە بزووتنەوەی مەشرووتە لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا بوون. بەرەی دووهەم لە سەردەمی سەقامگیربوونی دەسەڵاتی ڕەزاشادا سەریان هەڵدا. وەک گوترا لە دەیەی ٤٠ی هەتاوی و بەهۆی بارودۆخی کۆمەڵایەتیی سەردەمی محەمەدڕەزا شا، بەرەی سێهەمی بزووتنەوەی ژنان بە ناچاری بە سەر دوو ڕەوتی گشتیدا دابەش بوو. بەشێکیان پێداگرییان لەسەر گۆڕینی هێندێک یاسای دژی ژن لە ڕێی پێکهاتە حکوومەتییەکان دەکرد و بەشەکەی دیکە بە مەبەستی گەیشتن بە ژیانێکی عادڵانەتر بۆخۆیان تێکەڵ بە ڕێکخراوە سیاسیەکانی ئەو سەردەم بوون بۆ ڕووخاندنی سەرجەم ئەو دەسەڵاتە سیاسیە. بەمجۆرە دێینە سەر بەرەی چوارەم.**

بەرەی چوارەم؛ ئەو فێمینیستانە لە خۆ دەگرێ کە دوای شۆڕش و بە تایبەت دوای شەڕ، بە هێنانە گۆڕێی پرسی ژنان و بابەتە تیئۆریکەکانی پێوەندیدار بە فێمینیزمەوە بە شێوەیەکی بەربڵاو لە کۆمەڵگەدا دەستیان کردەوە بە چالاکی. "شوناسخوازی" بنەمای چالاکیی ئەم قۆناغە بوو. فێمینیسم وەک شێوە ڕوانینێکی سەربەخۆ لەم دەورەیەدا پێک هات، "شوناسخوازی" لەژێر ناوی "فێمینیزمی سۆسیالیستی"، "فێمینیزمی لیبراڵ"، "فێمینیزمی ئیسلامی" و سنوورەکانی نێوان ئەوانە بە مەبەستی پێکهاتنی "شوناسە سەربەخۆکان" هاتە مەیدانی چالاکییەوە. بە هۆی ئەوەیکە لەو دەورەیەدا فێمینیستەکان هەڵگری قورسایی گرفتەکانی پاش دوو قەیرانی شۆڕش و شەڕ بوون، بە دووی دۆزینەوەی شوناسێکی سەربەخۆوە بوون تا سەربەخۆیی خۆیان لە ڕەوتەکانی دیکە ڕابگەیەنن. هەڵبەت بەشێک لە بەشدارانی ئەم سەردەمەی بزووتنەوەی فێمینیستی کەسانێک بوون کە پێیان وابوو دوای شۆڕش کڵاویان سەرچووە و نە تەنیا دەستکەوتێکیان نەبووە بەڵکوو پاشەکشەیەکیش ڕووی داوە، بۆیە بە دووی دیتنەوەی شوناشێکی تایبەتەوە بوون. لە ڕاستیدا ئەم قۆناغە گرینگترین سەردەمی بزووتنەوەی مافخوازیی گەلی کورد لە خۆی دەگرێ کە بۆ یەکەم جار لە مێژووی ئەم گەلەدا ژن وەک سووژەیەک بە دوای ئارمان و ویستە نیشتمانییەکانیدا دەچێ و خەبات بۆ گەیشتن بە مافی نەتەوەیی بەشێک لە سووژەگیی ئەو وەک مرۆڤێکی سەربەخۆ پێک دێنێ، دیارە لەو سەردەمەشدا نە حیزب و ڕێکخراوە نەتەوەییەکان نە جەریانە مارکسیستەکان کە شەپۆلی دووهەمی فێمینیزمی جیهانی پێی لە تیئۆرییەکانی ئەوان دایە نەیانتوانی بابەتی ژن وەک چەمکێکی سەربەخۆ بخەنە گوتاری سیاسیی ڕێکخراوە و خەباتی خۆیانەوە و ژن وەک بەشێک لە پێکهاتەی ئەوان چ ڕەوتی چەپ و چ نەتەوەیی حوزووری هەبوو، بەڵام ئافرەتی کورد وەک نیوەی کۆمەڵگەی ژێر ستەمی کوردی بەرەنگاری ستەمی نەتەوایەتی و چینایەتی ببۆوە و لەو ڕێگایەوە حەولی سڕینەوەی ستەمی ڕەگەزایەتیی دەدا، بەڵام ئێستاش لە ڕوانگەیەکی پیاوانە و لە قەوارەی بزووتنەوەی نەتەوایەتیدا. لە وەها دۆخێکدا کە ژنی کورد بە خۆئاگاییەکی مێژوویی لە قەیرانەکانی دەورووبەری گەیشتبوو، فێمینیزمی ئێرانی نەتەنیا حەولی نەدا بۆ وەسڵکردنەوەی شوناسی ئافرەتی کورد بەو شوناسە لێ ونبووەی کە دوای شۆڕش و شەڕ بە دوایدا دەچوو، بەڵکوو دیسان پرسی ژنی کورد وەک بەشێک لە کۆمەڵگەی ئێرانی دواکەوتوو، کە تووشی سێ و بگرە زیاتری ستەمی کۆمەڵایەتییە، کەوتە پەراوێزەوە. ئەو فێمینیزمە نەتەنیا پێی لە واقعیی کۆمەڵگەی ئێراندا نەبوو کە کوردستانیش بەشێکی ئەو واقعیەتە بوو، بەڵکوو بە دابەزاندنی پرسی ژنی ئێرانی تەنیا بە پرسی چینی مامناوەندیی فارسی ئێران، لە ڕەوتی سەرەکیی فێمینیزم لە وڵاتانی چەند پێکهاتەیی دوور کەوتەوە، دوورکەوتنەوەیەک کە خەسارەکەی دەبێ بە ئاستی دوورکەوتنەوەی کورد و باقی نەتەوەکانی دیکە لە ناوەند مەزەندە بکرێ. ئەم قۆناغە بۆ ژنی کورد گرینگترین سەردەمە، چون یەکەم ئەزموونی بەشداریی ڕاستەوخۆ لە بزووتنەوەی نەتەوایەتیدا ڕوو دەدا و ئەوەش لەسەر خۆئاگاییەکی نوێیە کە ئەم ئافرەتانە پێی گەیشتوون، دیارە بابەتی ژن لە حیزبە شۆڕشگێرەکانیشدا هاتۆتە بەر باس و وەک پرسێک لێی ڕواندراوە، بەڵام هەر وەک باس کرا هەرگیز ژن لە ڕوانگەی ژنانەوە بۆ چارەسەری پرسەکانی خۆی و پرسی نەتەوەیی نەچوو بەڵکوو ئەوە لە ڕوانگەی پیاوێکی شۆڕشگێڕی کوردی نەتەوەییەوە ڕووی دا و ڕوانگەی ژنی شۆڕشگێڕی کوردی نێو ئەو حیزبانە و دەرەوەی ئەو بازنەیەش هەر پیاوانە بوو.

بەرەی پێنجەم؛ ئەم بەرەیە کە بە لایەنگرانی "کەمپەینی یەک میلیۆن واژۆ" پێناسە دەکرێن، بە ڕاگەیاندنی ویستەکانیان لە چوارچێوەی ئەم کەمپەینە و کاری هاوشێوە لە ساحەی گشتی کۆمەڵگەدا دەرکەوتوون. چەشنی دایەگەورەکانیان لە سەردەمی مەشرووتەدا بەرەیەکی "داواکارتەوەر"ن. ئەگەر بەرەی سێهەم بەرەیەکی "ئیدئۆلۆژی تەوەر" و بەرەی چوارەم جیلێکی "شوناستەوەر" بوون، لە بەرەی پێنجەمدا دیسان لەگەڵ نەوەیەکی "داواکارتەوەر" ڕووبەڕووین.




ئەگەرچی داواکاریی بەرەی یەکەم بە پەیڕەوی لە بارودۆخی جیهانی و بە شێوەیەکی نائاگایانە ڕووی دا، بەڵام لەم سەردەمەدا بەهۆی دۆخی نوێی ژیانی ژنان و تیئۆریە فێمینیستیەکان ئەم داواکاریانە لە ئارادان. ئاراستەی پتری هزری بەرەی پێنجەم ئیدۆلۆژیک نییە و سیاسەتی ژیانی خۆی لە بارودۆخی عەینی ژیانی ڕۆژانەدا دەبینێتەوە و دوور لە دەسەڵات و پێکهاتەکانی، خەریکی ئەکتی سیاسی و کۆمەڵایەتییە. ئەم بەرەیە لە لایەکەوە ئەزموونی هەشت ساڵی دەورانی ڕیفۆرمی هەیە و لە لایەکی دیکەوە ڕۆڵەی سەردەمی ئینتێرنێت و ماهوارەیە و ناتوانێ لەو قەوارە ئیدئۆلۆژیکیەی پێشوودا بمێنێتەوە.

ئەگەرچی ئەم بەرەیە لە فێمینیزمی ئێرانی سەربەخۆتر لە جیلەکانی دیکە سەری هەڵداوە و پتر لە هەموویان دەرکەوتەی کۆمەڵایەتیی هەیە و لێکەوتەکانی دیار و بەرچاون، بەڵام جگەلە مافێک کە بۆ ئیرادەی شارستانییەکان[(لە چوارچێوەی تیئۆری مرکز-پیرامون)] لە بەرامبەر ناوەندا ڕەچاو کراوە ئەویش لە بەشێک لە کتێبی "بزووتنەوەی یەک میلیۆن واژۆ ڕەوایەتێک لە نێوەوە" وەک بنەمای تیۆریکی ئەم کەمپەینە و بە گشتی ئەم بەرەیە، هیچ شتێک بە قازانجی کورد و پێکهاتە جیاوازەکانی ئێران بەدی ناکرێ. دیارە ئەم بەرەیە بە دروشمی واقعبینی هاتۆتە مەیدانەوە، بەڵام ئەم ڕوانینە ئێستاش نەیتوانیوە کورد و ژنی کورد وەک بەشێک لەم واقعیەتەی ژنانی ئێران قەبووڵ بکات.

ئەم بەرەیە کە تا ئێستاش درێژەی هەیە کەوتۆتە دەورانێکەوە کە ئیدی ژنی کورد نەتەنیا ئەزموونی خەباتی شۆڕشگێڕانەی شاخی هەیە بەڵکوو لە مەیدانی مەدەنی و وەک بەشێک لە ژنی کۆمەڵگەی جیهانی حوزووری بووە و دەریخستووە کە دەتوانێ سووژەگیی خۆی بە دونیا و کۆمەڵگەی ئێران بسەلمێنێ و پێناسەیەکی نوێ لە ژنی کورد وەک ژنێک کە شوناسێکی چەندفاقی هەیە و لەژێر کاریگەریی ئەو چەندفاقیەتیەدا و ستەمە چەند لایەنەیەدا کە بە سەریدا ڕەوا دەدرێ بوونی هەبێ. تەنانەت لە وەها دۆخێکدا فێمینیزمی ئێرانی نەیویستووە یا نەیتوانیوە ئەم سووژە تازە وە خۆئاگا هاتووە ببینێ و کەڵکەڵەکانی خۆی لە سەر بەشێک لەم واقعیەتەی کۆمەڵگەی ئێران کە کورد بەشێکی گرینگێتی دامەزرێنێ.

فیمینیزمی ڕەش و چوارچێوەیەک بۆ فیمینیزمی کورد

کورد یەک لەو پێکهاتانەی کۆمەڵگەی ئێرانە کە چەند جیاوازیی لەگەڵ ناوەند هەیە کە بوونەتە هۆی ئەوەیکە وەک نەتەوەیەک بە شوناسی چەندفاقەوە لێی بڕواندرێ، دیارە ئەگەر کورد خاوەن کیان و دەوڵەتێکی سەربەخۆ و تایبەت بوایە ئەم جیاوازییانە نەیدەتوانی ببێتە هۆکارێک هاوشێوەی ئەوەی ئێستا بۆ کورد لە چوارچێوەی وڵاتە فرە پێکهاتەکاندا لە ئارادایە. بەپێی ئەم ڕاستییە کورد وەک ڕەشپێستەکان لەنێو وڵاتە سپیپێستەکاندا کە چەند شوناسی جیاوازیان هەیە، چەند شوناسی جیاوازی لەنێو کۆمەڵگەی ئێراندا هەیە. دیارە جۆری فێمینیزمی ڕەش بۆ ئێعتراز بە ڕەوتی سەرەکیی فێمینیزم سەری هەڵدا، جۆرێک لە بزووتنەوەی ژنان کە هەڵقوڵاوی دۆخی تایبەتیی خۆیان بوو. فێمینیزمی ڕەش بەپێی ئەوەی کە لەسەر بنەمای چەندفاقەبوونی شوناس و ستەمی چەند لایەنە دامەزراوە، دەتوانێ بنەمایەکی باش بێ بۆ فێمینیزمی کورد. ئەوە لە حاڵێکدا دەگوترێ کە بە لێکدانەوەی پتر لە سەد ساڵ تەمەنی فێمینیزمی ئێرانی هیچ خاڵێک بەدی ناکرێ کە ئافرەتانی کورد خۆی تێدا ببیننەوە و لە بنەمادا ئەم فێمینیزمە کەڵکەڵەی ئەم پێکهاتەیەی ئێران بەو شوناسە تایبەتەوەی نییە.

فێمینیزمی ئێرانی وەک فێمینیزمی نەتەوەی سەردەست نەتەنیا حەولی ئەوەی نەبووە بۆ پرسی ژنی کورد کە لەژێر باری ستەمی ڕەگەزایەتی، نەتەوایەتی و چینایەتی‌دایە بەرنامەیەکی هەبێ بەڵکوو بە دابەزاندنی پرسی ژنی ئێرانی تەنیا بە ژنی فارسی چینی مام ناوەندی شار، بۆتە هۆی پەراوێز کەوتنی پرسی ژنی کورد و بۆخۆی وەک داپلۆسێنەری ئەوان ڕۆڵی گێڕاوە. کەواتە ئافرەتی کورد لە چوارڕێیانی ستەمە جۆراوجۆرەکاندا گیرۆدەی ئینتێرسێکشناڵیتیەکی تایبەتە کە لە هەر چوار لاوە تووشی چەوساندنەوەیە و ئاستی کاریگەریی ئەم ستەمانە لەسەر ڕەوانی ژنی کورد چەند قاتە و ئەم ترافیکە کە بەرهەمی ستەمی هەمەلایەنەیە لە ئەگەری تێکەڵبوون بە ڕەوتی سەرەکیی فێمینیزمی ئێرانیشدا چارەسەر ناکرێت، بەڵکوو بۆ دەربازبوون لەم بارودۆخە و سەرکەوتن بە سەر ئەو ستەمە چەند فاقەیەدا پێویستە جۆرێک لە فێمینیزم سەرهەڵبدا کە ئەم تایبەتمەندییانەی هەبێ:

یەکەم؛ گوتاری ئەم فێمینیزمە دەبێ لە پلەی یەکەمدا ڕووبەڕووی کۆمەڵگەی باوکسالاری خۆی بێت و حەول بدا بۆ شکاندنی ئەو داب و نەریتانەی کە ژن لەوێدا ئۆبژەیەکی دەست و باڵ بەستراوە و بەردەوام لەژێر قەزاوەتی ئەم نەریتانە دایە.

دووهەم؛ ئەم فێمینیزمە دەبێ گوتاری خۆی لە چوارچێوەی شکاندنی یاسا پاشکەوتوەکانی دەسەڵاتی زاڵی ناوەند مەفسەلبەندی بکات و حەول بدات بۆ دەربازبوون لەو یاسایانەی کە فێمینیزمی ناوەندیش ڕووبەڕووی وەستاوە؛ لێرەدا لە گەڵ فێمینیزمی ناوەند لە یەک سەنگەردا دەتوانن یەک بکەون.

سێهەم؛ فێمینیزمی کوردی لە قەوارەی چینی مامناوەند و باڵادەستی کۆمەڵگە بێتە دەرێ و چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی کوردی بەتایبەت چینی ژێردەستی ئەم کۆمەڵگەیەش بخاتە ژێر چەتری خۆیەوە، چوون بەشێکی ئەم خەباتە بۆ ڕزگاربوون لە ستەمی چینایەتییە.

چوارەم؛ فێمینیزمی کوردی پێویستە هێژمۆنیی فێمینیزمی ناوەند بشکێنێ و وەک کۆمەڵگەیەکی چەند شوناسی بە شوناسی تایبەتیی خۆیەوە بەرگری لە ماف و ویستەکانی خۆی بکات و وەک ژنی کورد بە ڕوانگەیەکی ژنانە و کوردانەوە پێناسەی فێمینیزمی سەردەم بکات.

پێنجەم؛ فێمینیزمی کورد ئەگەرچی وەک بەشێکی بزووتنەوەی نەتەوەیی مافخوازانەی کورد دەبێ لە مەیدان دابێ بەڵام بەو مانایە نییە خەبات بۆ مافی خۆی وەک ئافرەتێکی ژێرچەپۆک، پاشکۆی ئەم بزووتنەوەیە بێ، بەڵکوو هاوکات و هاوڕێ لەسەر ویستە حقوقی، کۆمەڵایەتی و ئینسانییەکانی خۆی ڕاوەستێ و بزووتنەوەی فێمینیستیەکەی گرێدراو و هاوکات لەگەڵ بزووتنەوەی نەتەوەیی، دژ بە ستەمی نەتەوەیی بێ.

شەشەم؛ لە ڕاستیدا ڕوانین بۆ قەیرانەکان، لێکدانەوەی قەیرانەکان، دۆزینەوەی ڕێگاچارە بۆ چارەسەری قەیرانەکان دەبێ لە چاوێکی ژنانەوە بێ و ئەو فێمینیزمە لە سەر عەقڵیەتی ژنانە بە هەموو تایبەتمەندیەکانیەوە دابمەزرێ بۆ سڕینەوەی ئەم چەند جۆرە ستەمەی کە لەسەریەتی.

ئەوە ڕوانگەی فیمینیزمی ڕەش یا لە ڕاستیدا فێمینیزمی پێکهاتەکان بە شوناسی چەندفاقەوەیە کە دەتوانێ بۆ فێمینیزمی کورد وەک پێکهاتەیەکی فرەشوناس بەکەڵک بێ.

ئاکام

بە لەبەرچاوگرتنی ئەم دۆخەی کە ئێستا بزووتنەوەی کورد لەسەر دەستی جەریانە نەتەوەییەکان تێیدایە و ئەو ڕەوتەی ژنی کورد وەک تاکێک لە کۆمەڵگەی ژێر ستەمی ئێراندا لە گەڵی ڕووبەڕوویە، شتێک بە ناوی بزووتنەوی ئافرەتانی کورد لە چوارچێوەی فێمینیزم و تیئۆریە فێمینیستیەکان لە ئارادا نییە. دیارە ئافرەتی کورد ڕێگایەکی دوورودرێژی پێواوە تا وەک سووژەیەک دژ بە ئۆبژەیی مێژوویی خۆی سەرهەڵبدا و لە مەیدانی خەباتی شۆڕشگێڕانە و مەدەنیدا سەربەخۆیی خۆی بسەلمێنێ. بەڵام لەم ڕێیەدا نە کۆمەڵگەی کوردی و نە بزووتنەوە نەتەوەییەکەی بەو ڕادەیە لە گەشەسەندوویی گەیشتبوو کە ژن لەوێدا بەشێک لەو ڕەوتە نەبێ، بەڵکوو شوناسێکی جیاوازی هەبێ و بە ڕوانگەیەکی ژنانە و تەحلیلی ژنانە و وەڵامی ژنانەوە بۆ پرسەکانی کۆمەڵگەکەی بچێ. ئەگەر ژن دەبێ بوونی کاریگەریی هەبێ لەو بزووتنەوەیەدا، پێویستە وەک کاراکتەرێکی سەربەخۆی ژنانە و لە ڕوانگەی ژنانەوە دژ بە ستەمە جۆراجۆرەکان و بەتایبەت ستەمی نەتەوایەتی ڕابوەستێ. هەڵبەت جیاکردنەوەی ئەم دوو شتە لە یەک و قایلبوونی ئەم ڕۆڵە سەربەخۆیە لەسەر دەروونناسیی ژنانە بۆ ئافرەتان کارێکی دژوارە، وەک باربارا ئیسمیت دەڵێ: "واتای هاوکاتی ستەمەکان ئێستاش یەک لە دژوارترین پرسەکانی فێمینیزمی ڕەش بۆ تێگەیشتن لە حەقیقەتی سیاسهیە، کە من پێموایە یەک لە گرینگترین بنەماکانی تیئۆری ئیدئۆلۆژیکی ئەندێشەی فێمینیزمی ڕەشە"

سەرچاوەکان

-احمدی خراسانی، نوشین. جنبش یک میلیون امضا روایتی از درون. ١٣٨٦، تهران.

-اسمیت، شارون و امین حصوری و نیما کوشیار. فمینیسم سیاه. ١٣٩٣، بی جا، انتشارات پروسه

-درویش پور، مهرداد. فمینیسم در ایران و چالش‌های پیش رو. ١٣٩١، اینترنت ((radio-farda.com

-ریتزر، جرج. نظریه‌های جامعه‌شناسی در دوران معاصر. ترجمه‌ی محسن ثلاثی. ١٣٨١، تهران، انتشارات علمی.

-فریدمن، جرج. فمینیسم. ترجمه‌ی نوشین احمدی خراسانی و دیگران. ١٣٨٣، تهران، توسعه.

-مگی، هام و سارا گمبل. فرهنگ نظریه‌های فیمینیستی. ترجمه ی فیروزه ی مهاجر، نوشسین احمدی خراسانی و فرخ قره‌داغی، ١٣٨٢، تهران، نشر چشمه.

-مشیرزاده، حمیرا. از جنبش تا نظریه‌ی اجتماعی: تاریخ دو قرن فیمینیسم. ١٣٩٠، تهران نشر و پژوهش شیرازه.

## دیار زاگرۆس

# یەکگرتن و پێشکەوتن

پێژمان شەریعەتی

لە ڕوانگە و زانستە جۆرواجۆرەکاندا بە تایبەت کۆمەڵایەتی، سیاسی، کولتوری و ... بە بەردەوامی جەخت لەسەر ئەوە کراوە کە کۆمەڵگەکان بەپێی پێوەرە نێوخۆیی و ناوچەیی و جیهان پەیویستیان بە یەکگرتوویی هەیە، لە ڕاستیدا ئەمە ستایلێکی ژیانی کۆمەڵایەتی بەتایبەتی لە جیهانی مودێرنە.

یەکگرتوویی هێز، ئەندیشە و ڕێباز دروست دەکا و تاکەکان لە خزمەت بە هەموو کۆمەڵگە ڕەوڵی باشتر دەگێڕن، ئەمە لە حاڵێکدایە کە یەکگرتوویی لەوانەیە بۆ ئامانجێکی ڕۆخێنەریش ڕوو بدات، وەکوو گرووپێکی تیرۆریستی، مافیایی و دیکتاتوری، بەڵام بە گشتی یەکگرتوویی زۆرتر لە ڕوانگەی پوزتیڤ هەڵسەنگاندنی بۆ دەکرێ و بۆ ئامانجێکی ڕەوا وڵامدەرە.

لە کولتووری ئێمەی کورددا بەتایبەتی لەو کاتەوە کە کوردستان داگیر کراوە، کۆمەڵانی خەڵک و ڕێبەران و بیرمەندانی کوردستان بە بەردەوامی باسیان لەوە کردوە کە خاڵی سەرەکیی سەرکەوتنی کورد یەکگرتوو‌ییە، یان بە شێوازێکی دیکە خەڵک باس لەوە دەکەن کە "یەکگرتوو نین بۆیە سەر ناکەوین" ، ئەم قسەیە لەنێو کۆمەڵانی خەڵکدا هەیە و ڕەنگە لە ڕوانگەیەکی سادە و ساکار چاوی لێ بکرێت، بەڵام ئەمە بەشێکە لە ڕاستیی دەروونیی کۆمەڵگەی کوردەواری و لە ڕوانگەی دەروونناسی کۆمەڵایەتی، زۆر هۆکار هەن کە دەبنە هۆی ئەم دۆشداماوییە و دووپاتکردنەوەی وای کردوە لە زەینی تاکەکانی کۆمەڵگەی کوردستاندا جێگیر بێت.

بەشێکی سەرەکی بۆ ئەم شێوازە لە ڕوانین بە نیسبەت کورد و داهاتوو، دەگەڕێتەوە سەر سیاسەت و پیلانەکانی داگیرکەر، کە دەیهەوێ بە بەردەوامی بە شکستدان و دروستکردنی دووبەرەکی و لەتکردنی کۆمەڵگەی کوردستان بەسەر زاراوە، ئایین و خەتی فکری و سیاسی، ئیرادەی گشتی و هێزی نیشتمانی لە کۆمەڵگەی کوردەواری بستێنێت. لەم نێوانەدا بەشێک لەم پروپاگاندا و پیلانانە بەدژی حزبە کوردستانییەکان بکار دەبردرێ و لە لایەکیش بەشێکی زۆرینەی کۆمەڵگە وەکوو تاکێکی نیشتمانپەروەر ئەو چاوەڕوانییەیان هەیە بە نیسبەت حیزبە کوردستانیەکان، کە هەم وەکوو جەریانی سیاسی یەکگرتوو بن، هەم هەوڵ بدەن کە کۆمەڵگە یەکگرتوو بکەن.

حیزبێک وەکوو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە پێشەنگە لە ڕەوتی خەباتی دێموکراتیک لە کوردستانی ئێران، کە ٧٧ ساڵ بەسەر تەمەنی ئەم حیزبەدا تێپەڕ دەبێت و لە درێژەی خەباتی خۆیدا زۆر شانازی و دەسکەوتی بووە بۆ نەتەوەکەی و هەڵقوڵاوی کۆمەڵگەی کوردەوارییە، چاوەڕوانییەکان بە نیسبەت ئەم حیزبە زۆرترە و بەرپرسایەتیی نیشتمانیی قورسی لە ئەستۆیدایە، کە بە خۆشییەوە دیسانەوە سەلماندی کە باوەڕی بنچینەیی بە دێموکراسی و کاری ڕێکخراوەیی هەیە و بەرژەوەندیی نیشتمانی لەسەرەو هەموو باس و بابەتێکە بۆ حزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران.

لێرەدا یەکگرتوویی دێموکرات، جیا لەو هەست بە بەرپرسیارەتییانە، دەسکەوتی زۆری بۆ گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەبێت بە تایبەتی لە ناوچەکانی باشووری ڕۆژهەڵات.

حیزبی یەکگرتووی دێموکرات بەسەر خستنی هێز و تواناکان، ڕێگر دەبێ لە پەرتەوازەیی هێز و دابڕانی ناوچەکانی ڕۆژهەڵات.

لە لایەکی دیکەشەوە لە ڕەوتی پێشکەوتنی کۆمەڵگە و تێپەڕاندنی کۆمەڵگەیەکی مکانیکی کە پێوەرەکان تەنیا عەشیرە، ئایین، بنەماڵە و ...ن، بەرەو کۆمەڵگەیەکی ئۆرگانیک کە بەرژەوەندی گشتی، ئەرک و تواناکانە، کاریگەری حیزبی دێموکرات چ لە ساختاری حیزبی چ لە ساختاری کۆمەڵایەتی بەرچاو دەبێت.

واتە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ئەنتگرەکردنی کۆمەڵگەی کوردەواری دەتوانێ ببێتە هێزێکی شوێندانەر و بەشداریی کۆمەڵایەتی و سیاسی لە کومەڵگادا بباتە ئاستێک کە هەتا ئیستا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەزموون نەکراوە. بە تایبەتی کە هێڵەسوورەکانی نیشتمانی و دیموکراسی و بەرژەوەندی گشتی بوونە پێوەری سەرەکی، زۆربەی ناوچەکانی کوردستان بە تایبەتی باشووری ڕۆژهەڵات خۆیان باشتر تێدا دەبیننەوە و لە بەرامبەردا حیزبی دێموکرات دەبێتە خاون هێزێکی بە تواناتر کە هیچ داگیرکەرێک نەتوانێت لە بەرانبەر ئازادیخوازی و مافی نەتەوایەتی ڕێگر بێت. ئەمەش پێویستیی بە خوێندنەوەیەکی وردتر و ڕوانینێکی هەمەلایەنە هەیە تاکوو ڕەوتێکی سیاسی بتوانێت دیسکورس و پلانەکانی گشتگیر بکاتەوە، کە بە دڵنیاییەوە بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ جەریانەکانی سیاسی بزوتنەوەی کوردی، حیزبی دێموکرات لە سەرەوەی هەموویاندایە، بەو واتایە کە توانای ئەنتگرە کردن و بە جەماوەری کردنی گوفتمان لە حیزبی دێموکرات زۆرترە.

کاتێک کە تاک و کۆمەڵ هەست بەوە بکەن کە بەشێکن لە هەر جەریانێک و داهاتوویان گرێ دراوە بە بەرژەوەندی گشتی و لەم نێوانەدا مەیدانێک هەیە کە ئەو هەلە دەرەخسێنێ، بە دڵنیاییەوە بە ئامانج نزیکتر دەبێتەوە و سەرکەوتنی مسۆگەر دەبێت.

بۆیە حیزبی یەکگرتووی دێموکرات ئەو خوێندنەوە و ڕوانینەی بەباشی هەست کردووە و بە کردەوە مەیدانی خەباتی کوردایەتی بەربڵاوتر دەکاتەوە و لە گوزار بەرەو کۆمەڵگەیەکی ئۆرگانیکی مودێرن کە بەرژەوەندیی وڵات لە سەرەوەی هەموو شتێکدایە بەردەوام دەبێت.

# قادر وریا: پاراستنی یەکگرتوویی حیزب، دایکی هەموو ئەرکەکانی دیکەیە

# سامان موکریانی: ئەرکەکانی پاش یەکگرتن، قورستر، گرینگتر و بەرفراوانترن

ئا: سروور



**پرسیار ئەوەیە: پێویستی یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکرات لە چیدا بوو، و ئەم یەکگرتنەوەیە چ دۆخێکی نوێی دیکە بۆ حیزبی دێموکرات دەخوڵقێنێ؟ یەکگرتنەوەی ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات چ کاریگەرییەکی لەسەر یەکڕیزی و هاوخەباتی حیزبە و لایەنە سیاسیەکانی کوردستان دادەنێت؟ ئەمە دەکرێ چەند هەنگاو بۆ پێشەوە بێت؟ هەر لەو چوارچێوەیەدا دەتوانێ چ شوێنکارێکی لەنێو ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی بە دێموکرات و ناوەندگەراوە هەبێت؟ یەککەوتنەوەی ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات چ شوێنێک لەسەر پێگە و ستاتوی حیزب دادەنێ و چەندە مەیدان بۆ خەباتی سیاسی و دیپلۆماسیی حیزب لە هاوکێشە ناوچەیی و جیهانییەکان ئاوەڵاتر دەکا؟ ڕوانینی کۆماری ئیسلامیی ئێران یەمجارەیان بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی یەکگر و یەکگرتوو چۆن دەبێت؟ یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران چ ئەرک و بەرپرسایەتییەکی دی بۆ ڕێبەران و تێکۆشەرانی ئەم حیزبە دروست دەکا؟ یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران چ ئەرک و بەرپرسایەتییەکی دی بۆ ڕێبەران و تێکۆشەرانی ئەم حیزبە دروست دەکات"؟**

**ئەم مژارەمان وەک پرسیار بەرەوڕووی قادر وریا، ئەندامی دەفتەری سیاسیی پێشوو و تێکۆشەری دێرینی حیزب و سامان موکریانی (ناوی خوازراو)، چالاکی سیاسی و مەدەنی لە نێوخۆی وڵات کردوە.**

**قادر وریا:**

یەکێک لە گرنگترین و هەستیارترین ئەرکەکانی ڕێبەری، کادرەکان، پێشمەرگەکان، ئەندامان و بە گشتی هەموو ئەو کەسانەی لە ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی یەکگرتوودا تێکۆشانیان هەیە، لە قۆناغی نوێدا ئەوەیە کە ئەم یەکیەتی و یەککگرتووییە وەک گلێنەی چاو بپارێزن.

ئەزموونی ساڵان و قۆناغەکانی ڕابردوو پێمان دەڵێت ئەگەر حیزبێک چەند بەرەکی و ململانێی ناسالمی تێدا بێت، وزە و کات و توانای تاکەکانی بەرەو بەربەرەکانی لە گەڵ یەکتر دەچێت، ئامانج و ئەرکە سەرەکییەکان لای ئەوان کەمڕەنگ دەبنەوە و پشتگوێ دەخرێن. بەڵام ئەگەر تەبایی و یەککگرتوویی و هاودڵی بە سەر حیزبدا زاڵ بێت، فکرەکان و تواناکان بۆ جێبەجێکردنی ئەرکە ئەسڵییەکان تەرخان دەکرێن.لە ڕووی دەروونییشەوە، ڕێبەریی، کادرەکان، پێشمەرگەکان و ئەندامانی حیزب هەست بە ئاسوودەیی و دڵنیایی و متمانە بەیەکتر دەکەن. ئەم بارە دەروونییە هەستی پشت پێکبەستن و بڕوابەخۆبوون لە تێکڕایاندا بە هێز و، بە تێکۆشان و خەبات دڵگەرمتریان دەکات. ڕێگریش دەبێت لە سەرکەوتنی زۆر لە پیلانەکانی نەیارانی ئەم حیزبە بە تایبەتی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران، بەرامبەر حیزبی دێموکرات و بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان.

هەمووومان دەزانین و دەبینین کە حیزبی دێموکرات بە وەدەستهێنانەوەی یەککگرتوویی خۆی، چاوەڕوانی و هیوایەکی زۆری لە دڵی هۆگرانی ئەم حیزبە و خەڵکی کوردستاندا بە گشتی پێک هێناوە. چاوەڕوانی و هیوایەک کە لێمان دەخوازێ لە هەموو مەیدانەکانی تێکۆشاندا، لە پێشوو دیارتر و چالاکتر بین و ڕۆڵێکی گەورەتر لە بەرەوپێشبردنی خەباتی نەتەوەیی و ئازادیخوازی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، بگرینە ئەستۆ. ئەم چاوەڕوانی و هیوادارییەش لە جێی خۆیدایە، چونکە:

حیزبی دێموکرات، مێژوویەکی پڕ لە قوربانیدان و هەر لەو کاتەدا پڕ لە شانازیی هەیە. ئامانج و ستراتیژی و بەرنامەیەکی هەیە کە کە خەڵکی کوردستان بە هی خۆیانی دەزانن. ئەو ڕەمز و هێما و دەسکەوتانەی لە سەر دەست و لە داوێنی ئەم حیزبەوە هاتوونە نێو بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد، بوون بە ملکی گشتی و هەموان شانازیی پێوە دەکەن. کۆماری کوردستان، ئاڵای کوردستان، هێزی پێشمەرگە، سروودی نەتەوەیی،٨٠ ساڵ خەبات و کۆڵنەدان(بەو ٣ساڵەشەوە کە لە ژێر ناوی کۆمەڵەی ژێکافدا خەباتی کردووە)، گیانبەختکردنی هەزاران کەس لە تێکۆشەرانی و لە سەرووی ئەوانەوە ناو و یادی ڕێبەرە شەهیدەکانی بە تایبەتی پێشەوا قازی محەمەد، د.قاسملوو و د.شەرەفکەندی، ڕەگ و خۆشەویستیی حیزبی دێموکراتیان بە ناخی نەتەوەکەی و بە پانایی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا شۆڕ کردووەتەوە. حیزبی دێموکرات ناسراوی و ئیعتیبارێکی سیاسی و خەباتگێڕانەی گەورەی لە ئاستی ناوچە و کۆڕ و کۆمەڵی نێودەوڵەتیدا هەیە. هیزێکی گەورەی مرۆیی هەیە کە سەدان کەسایەتی و خەباتکاری لێوەشاوە و لێهاتوو لە بواری جۆراوجۆر لە نێویاندان. ئەم خاڵ و تایبەتمەندییە ئەرێنیانە و ئەزموونێکی دوورودرێژ و دەوڵەمەند کە لە مەیدانی خەباتی هەمە لایەنەدا کۆی کردووەتەوە، گەورەترین سەرمایە بۆ بەردەوامی و بەرەوپێشچوونی ئەو حیزبەن. ئەگەر لە دوو دەیەی ڕابردوودا، ناکۆکی و لەتبوون و لێکدابڕان بە خۆیەوە خەریکی کردبوو، ئێستا بە وەسەریەککەوتنەوەی بنەماڵەی گەورەی دێموکرات و دەرسوەرگرتنی هەموو ئاستەکانی حیزب لە لێکدابران و وێکهەڵنەکردن، دەبێ چاوەڕوانی قۆناغێکی نوێی تێکۆشان و خەبات لە ژیانی ئەو حیزبەدا بین.

لە ڕوانگەی منەوە پاراستنی یەککگرتوویی حیزب، سەرچاوە و دایکی هەموو ئەرکەکانی دیکەیە. دەستەبەری پارێزرانی ئەم یەککگرتوو‌ییەش هەر وەک لە بەیاننامەی یەککگرتنەوە(بەیاننامەی هاوبەشی حیزبی دیموکراتی کوردستان و حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران)دا هاتووە، بریتییە لە: " ئەزموونوەرگرتن لە هەڵە و کەموکوڕییەکانی ڕابردوو، ڕێگەگرتن لە کۆمەڵێک دیاردەی نەرێنی و نەخوازراو، ڕەخنەگرتن و ڕەخنەقبووڵکردن و ڕاشکاوبێژیی ڕێبەری و ئەندامان لە نێوخۆی حیزبدا، گۆڕین و نوێکردنەوەی کولتوور و سیستەم و شێوازی حیزبایەتی و پێکەوە کارکردن، ڕەخساندنی هەلومەرج بۆ شایستەسالاری، پێکهێنانی گیانی هەستکردن بە بەرپرسیارەتی لە ئاست یەککگرتوویی حیزب و پەسندکراوەکانی، پەروەردە و بارهێنانی ئەمڕۆیی و ڕاهێنانی تاکەکان بە گیانی وێکهەڵکردن و ڕێزگرتن لە جۆراوجۆری و جیاوازییەکان، خوڵقاندنی کەشوهەوایەک کە هەموان حیزب بە هی خۆیان بزانن."

**سامان موکریانی:**

یەککگرتنەوەی حیزبی دێموکرات لە سێ ئاستدا بۆ بەرەو پێشبردنی پرسی کورد پێویست بوو. یەکەم، لە ئاستی نێودەوڵەتیدا، ئێستا کە هەموو جیهان سەرقاڵی کێشەی ناوکی و دەستێوەردانەکانی ناوچەیەیی ڕێژیمی ئێرانە، ئەو یەککگرتنەوەیە پێگەی پرسی کورد وەک فاکتۆرێکی گرینگ لە ئاستی نێودەوڵەتیدا دێنێتە ئاراوە و بەهێزی دەکا. لە دیپلۆماسیدا دەبێ لە بیرمان بێ هەر جەریانێکی سیاسی بێتوو نەتوانێ خاوەن هێز بێ و کەریگەری لەسەر جەمسەربەندی بەرژەوندییەکان هەبێ زۆر بە هێند وەرناگیرێ و ئاوڕی لێ نادەنەوە. حیزبی یەکگرتوو لە ئاستی کۆمەڵایەتی، لە ئاستی هێزەکانی نێوخۆیی ئێران و لەئاستی کاریگەری لە هاوکێشەکان و ئەگەرەکان خاوان هێزێکی زیاترە. لە نیزامی نێودەوڵەتی و مەیدانی دیپلۆماسیشدا زیاتر حیسابی بۆ دەکرێ. دووەم، لە ئاستی ناوچەیی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، لەلایەک کێشەکانی ئاڵۆزن و لێکگرێدراون و لە لایەکی‌تر کارێکتێرەکانی زۆر و جۆراجۆرن. لەو چوارچێوە ئاڵۆزەدا زلهێزەکان و هێزە ناوچەیەکان لە ڕوویی جەمسەربەندی و دەستەبەرکردنی بەرژەوەندی خۆیان ئەگەر هێزە کوردییەکان لاواز و لێکبڵاو بن بەهاسانی وەپشت گوێیان دەخەن. بۆیە یەککگرتنەوەی حیزبی دێموکرات لە هاوکێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پێگەی ستراتیژیی پرسی کورد بەهێزتر دەکات. سێهەم، لە ئاستی نێوخۆیی کوردستانی ڕۆژهەڵات، یەککگرتنەوە ڕێزەکانی کۆمەڵگە پتەوتر دەکا، ورەی سیاسی و کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگە بۆ داکۆکی و پشتیوانی لە پرسی کورد زیاتر دەکا و توانای ڕێژیم بۆ شکاندی ورەی کۆمەڵایەتی و سیاسیی خەڵک و بردنەپێشی پرۆژەکانی نەرمی ڕێژیم دادەبەزێنێ. بۆیە یەککگرتنەوە حیزبی دێموکرات وزەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی بۆ ئیستا و داهاتوی هێزە کوردییەکانی ڕۆژهەڵات دەستەبەر دەکا. لەوانەش گرینگتر، بەهۆی ئەوە کە جەوهەری فکری و دوورەدیمەنی پرۆژەی سیاسی حیزبی دێموکراتی یەکگرتوو لەسەر بنج و بنەوانی پەرەی دێموکراسی و گەشەی دادپەروەری و دابەشکردنی هێزی سیاسی لە سەر بنەمای دابینکردنی مافی سیاسی پێناسە کراوە، بۆیە یەککگرتنی حیزبی دێموکرات دەرفەتێکی زێرینە بۆ هەموو ئەو هێزانەی بە شوێن ئێرانی دێموکراتیکدا دەگەڕێن.

بەڵام لەوبەرییش کۆماری ئیسلامی وەستاوە. کۆماری ئیسلامی ئێران یەککگرتنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە خەتەرەکی گەورە و کاریگەر بۆ سەرخۆیی لە سێ ئاستدا لێک دەداتەوە. یەکەم، لە ئاستی نێوخۆی ئێران و کوردستان ئەو یەککگرتنەوە ورەی کۆمەڵایەتی و سیاسی کۆمەڵانی خەک لەدژی کۆماری ئیسلامی ئێران بەرز دەکاتەوە. دووەم، لە ئاستی ئۆپۆزیسیونی ئێرانی و کوردی ، یەککگرتنی حیزب دێموکرات بۆ کۆماری ئیسلامی بە شێوەیەکی سەرتاسەری دەتوانێ "بەرەی بەرەنگاری" بەهێز بکا و گوشاری سیاسی و کۆمەڵایەتیی پتری لەدژی ڕێژیم لێ بکەوێتەوە. سێهەم، لە دوو ئاستی ناوچەیی و نێودەوڵەتییش ئەو یەککگرتنە بۆ کۆماری ئیسلامی بە پێشهاتێکی زیانبار شرۆڤە دەکرێ.

ئەم یەککگرتنە "هیوایی سیاسیی" کۆمەڵگە بە داهاتوی شۆڕش پتەوتر دەکا و توانای هێزە دەستکردەکانی ڕێژیم وەک ئیسلامی سیاسی-ئیخوانی لەڕوویی کۆمەڵایەتی کز و لاواز دەکات.

دواسەرنج پرسی ئەرک و بەرپرسیارەتییەکانە. ئەو ئەرکانە لە چەند ئاست و قۆناغدا خۆیان دەبیننەوە. یەکەم، لە ئاستی ڕێبەریی، ڕێبەریی حیزبی پێوستە لە هەموو بارێک یەککگرتن و پرەنسیپەکانی یەککگرتن لە هەناوی هەموو ئۆرگانەکانی حیزب جێگر بکات. ڕێبەری حیزب، پێویستە یەککگرتن وەک بە شێک لە پرۆژەیی" شۆڕشی نۆی" بۆ کۆردستانی ڕۆژهەڵات تێۆریزە بکات. لە ئاستی دیپلۆماسی کاری پێ بکات و متمانەی نێودەوڵەتی بۆ بزووتنەوەی دژی ئێرانی پێ زیاد بکا. لە چوارچێوەی ئۆپۆزیسیونی ئێرانی ئەو پرۆژە ستراتیژیکە وەک ژێرخانێک بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ ڕێژیم باس بکات. لەنێو هێزە کوردستانییەکاندا، دەبێ پرۆژەی یەککگرتنەوە بکاتە ژێرخانی بەرەیەکی پتەوەی کوردی کە لە هەموو بوارەکان وەڵامدەری پرسی کورد بێت.

ئەرکی کادرەکان و تێکۆشەرانی حیزبیش لە جاران زیاترە، کادیرانی حیزب کۆڵەکەکانی هێزی حێزب بە ئەژماردێن. پێویستە پرەنسیپەکانی یەککگرتنەوە لە هەموو ئۆرگان و جوومگەکانی حیزبدا پراکتیزە بکا. خاڵێکی دیکە ئەوەیە کە پێویستە ئادمیسێن و ڕۆژنامەوان و مێدیاکارەکان پێویستی یەککگرتنەوە لە ڕوانگەی جۆراجۆر بخەوە بەرباس و بیکەنە ڕۆژەڤی فکری لە پێناو گەشەی خەباتی سیاسی، کۆمەڵاتی و دیپلۆماسی گەلی کور. بۆیە ئەرکەکانی پاش یەککگرتن گرینگتر و بەرفراوانترن .

# بایەخی یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکرات



د. ئاسۆ حەسەن‌زادە

پاش چەندین دەور لە وتوویژ و تێپەڕکردنی هەوراز و نشێوی زۆر، سەرەنجام پرۆسەی یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستان و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە ئاکام گەیشت و ڕۆژی ٢١ی ئووتی ٢٠٢٢ی زایینی ڕاگەیاندرا. لەسەر بنەمای کۆمەڵێک ڕێککەوتن کە بە ڕوحی لێکگەیشتن و هاوسەنگی داڕێژراون، لەمەودوا هەردوو حیزب لە چوارچێوەی حیزبێکی یەکگرتوودا بەناوی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە تا بەستنی کۆنگرە لەلایەن ڕێبەرییەکی هاوبەشەوە بەڕێوە دەبرێ، خەباتی خۆیان بەدژی کۆماری ئیسلامی و بۆ وەدیهێنانی مافەکانی خەڵکی کوردستان درێژە پێ دەدەن.

ئەم یەکگرتنەوەیە کۆتایی بە درزێکی ڕێکخراوەیی دێنێ کە نزیک بە شازدە ساڵ لەمەوبەر واتە لە سەرماوەزی ١٣٨٥دا ڕووی دابوو.



دابڕانێک کە لەگەڵ ئەوە کە گرینگترین دابڕانی مێژووی ئەو حیزبە بوو، زۆرتر بەرهەمی قەیرانێکی تەشکیلاتی و بەڕێوەبەری بوو تا جیاوازیی سیاسی و ستراتیژی. لە ماوەی زیاتر لە دەهە و نیوێک خەباتی بەجیای ئەم دوو حیزبەدا، سەرەڕای گرتنەبەری کۆمەڵێک کارکردی ڕێکخراوەیی و خەباتگێڕیی جیاواز لە هێندێک بڕگەدا، هەردوولا وەک میراتگری مێژووی حیزبی دێموکرات و بەپشتبەستن بە هەمان سامانی ڕەمزی (بەتایبەتی کۆماری کوردستان و ڕێبەرانی شەهیدی ئەو حیزبە قازی محەممەد، عەبدولڕەحمان قاسملوو و سادق شەڕەفکەندی) و بە پێڕەوی لە هەمان ستراتژی (چارەسەری مەسەلەی کورد لە چوارچێوەی ئێراندا) درێژەیان بە خەباتی خۆیان دا.

ڕەوتی ئاسایی‌بوونەوەی پێوەندییەکانی دوولایەن و وتوویژەکانی یەکگرتنەوە لە مەودایەکی نە زۆر دوور پاش جیابوونەوەکە دەستی پێ کردبوو و لە ساڵانی دواییدا دێموکراتەکان پێکەوە هەم لە کۆمەڵێک کۆڕوکۆمەڵی دەرەکی (بۆ نموونە ئەنترناسیۆنال سۆسیالیست و هێندێک هاوپەیمانیی ئێرانی)دا بەشدار بوون، هەم لە چوارچێوەی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێراندا هەماهەنگییان لەگەڵ یەکتر دەکرد. دیاردەی دوو دێموکراتی ئەوەندە درێژەی کێشا کە لە بیروڕای گشتی و لە دیکۆری کۆمەڵگەی سیاسیی کوردستان و ئێراندا بەتەواوی جێ کەوتبوو. بەڵام هەرگیز نە خەڵکی کوردستان بە "دوو دێموکراتی" ڕازی بوون و نە ڕێبەرانی دوو لایەنیش لە زەروورەتی وەسەریەکخستنەوەی ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات غافڵ بوون.

**ئەو یەکگرتنەوەیە لەبەر ئەوە کە دەتوانێ دروستبوونی جەمسەرێکی سیاسیی تەبا و پایەدار بۆ کوردەکان لە ئێرانیدا لێ بکەوێتەوە، بۆ کۆمەڵگەی سیاسیی ئێران (چ دەسەڵات و چ ئۆپۆزیسیۆن) دەتوانێ سەرچاوەی ئاڵەنگاری بێ، بەتایبەتی لە بەستێنی نەتەوەکان و ویستە شوناس تەوەرەکاندا کە گرینگترین فاکتەری پێکەوەژیانی ئاشتییانە لە ئێرانی ئایندەدایە.**

جێگە و پێگەی مێژوویی حیزبی دێموکرات لە بزوتنەوەی کورد و خۆشەویستیی ئەو حیزبە لەلای خەڵک بە ڕادەیەکە کە لەگەڵ بەئەنجامگەیشتنی وتوویژەکانی یەکگرتنەوەی دێموکرات، شەپۆلێکی بێ‌وێنە لە پێشوازیی سەرتاسەری کوردستانی داگرت. هەر ئێستا کە تەنیا ماوەیەکی کەم لە ڕاگەیاندنی یەکگرتنەوە تێ‌دەپەڕێ، دڵخۆشیی خەڵکی کوردستان و پێ‌ناخۆشبوونی کۆماری ئیسلامی بە چەشنێکە کە حاڵەتێکی تەواو نائاسایی لە شار و گوندەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان زاڵە.

یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستان و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران گرینگترین ڕووداوی سیاسیی پێوەندیدار بە کوردستانی ئێران لە دوو دەیەی ڕابردوودایە. بایەخی ئەم ڕووداوە تەنیا لەوەدا نییە کە بەمجۆرە کۆتایی بە کۆمەڵێک گیروگرفتی نێو تیئاتری خەباتی کوردەکانی ئێران دێ کە هیچ پێوەندییەکیان بە پرسی خەباتی ئەو گەلەوە نەبوو و بگرە زیانیشیان پێ دەگەیاند، بەڵکوو لەڕووی زێهنیی و کردارییەوە یەکگرتنەوەی دێموکرات شوێنەواری ئەرێنی لەسەر سنووربەندی و کارتێکەرییەکانی لەمەودوای نێو ڕەوتی گۆڕانخواز لە کوردستان و ئێران دادەنێ. بە یەکبوونەوەی هەموو ئەو هێز و پۆتانسیەلە کۆن و تازەیەی خەبات کە لەنێو و بەدەوری حیزبی دێموکراتدا کۆ ببۆوە، ڕۆڵی تەوەریی حیزبی دێموکرات لە بزوتنەوەی کورد لە ئێراندا جارێکی دیکە بەرجەستەتر دەبێتەوە و دەتوانێ کۆی کایەی سیاسیی کورد لە ئێراندا بخاتە ژێر تیشکی خۆی.

بە لەبەرچاوگرتنی ئەوە کە پێوەندییەکانی نێوان حیزبی دێموکرات و هێزە سیاسییە ڕەسەنەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەتی "کۆمەڵە"کان زۆر باشە، هەروەها ئەوە کە هەردوو لایەنی پێشووی حیزبی دێموکرات وێڕای هەبوونی هێزی پێشمەرگە، لەنێو خەڵکدا خۆشەویستن و ڕوانینێکی پۆزەتیڤ و کارایان بۆ خەباتی خەڵک لە نێوخۆی وڵات و چالاکانی مەدەنی هەیە، یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکرات دەتوانێ بەفەرمی یا لە کردەوەدا ببێتە هۆی دروستبوونی ئادرەسێکی تازەی سیاسی بە کۆمەڵێک سازوکاری خەباتگێڕیی بەبڕشت و هەمەلاگیرەوە. ئەمەش یارمەتی بە وەدەرکەوتنی زیاتر و باشتری توانستی خەبات و دنیابینیی سیاسیی کوردەکانی ڕۆژهەڵات لە سێ ڕەهەندا دەکا: ڕوو بە پارچەکانی دیکەی کوردستان کە هێندێک لە هێزەکانیان هەوڵ دەدەن دەست لە کاروباری کوردستانی ئێران وەربدەن؛ ڕوو بە کۆمەڵگەی سیاسیی ئێران کە هێشتا هەڵگری ڕوانینێکی یەکدەست و دڵخواز بۆ ویستەکانی خەڵکی کوردستان نییە، و ڕوو بە کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی کە بەهۆی پەرش و بڵاویی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی هێشتا هێزەکانی نەیاری کۆماری ئیسلامی و تەنانەت خەڵکی ئێران لە لێکدانەوەکانی پێوەندیدار بە مامەڵە لەگەڵ ڕێژیم و ڕوانین بۆ ئایندەی ئەو وڵاتە وەبەرچاو ناگرێ.

یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکرات ئەگەرچی بە پلەی یەکەم بۆ گواستنەوەی خەباتی کوردی ڕۆژهەڵات بۆ قۆناغێکی باشتر ئەنجام دراوە، بۆ ئۆپۆزیسیۆنی نالێکی ئێرانیش هەڵگری پەیامی یەکیەتی و پێکەوە کارکردنە. ئەو یەکگرتنەوەیە لەبەر ئەوە کە دەتوانێ دروستبوونی جەمسەرێکی سیاسیی تەبا و پایەدار بۆ کوردەکان لە ئێرانیدا لێ بکەوێتەوە، بۆ کۆمەڵگەی سیاسیی ئێران (چ دەسەڵات و چ ئۆپۆزیسیۆن) دەتوانێ سەرچاوەی ئاڵەنگاری بێ، بەتایبەتی لە بەستێنی نەتەوەکان و ویستە شوناس تەوەرەکاندا کە گرینگترین فاکتەری پێکەوەژیانی ئاشتییانە لە ئێرانی ئایندەدایە.

گرینگترین ئاڵەنگارییش نابێ لە کورتماوە و لە تۆکمە بوونەوەی هێزی خەباتگێڕانەی کورد لە ئێراندا ببینرێ، بەڵکوو پێویستە لە درێژماوە و لە بەستێنی سیاسی و گوتاریدا بۆی بگەڕێن. بەشێوەیەکی تایبەتی، حەفتا و حەوت ساڵ پاش دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، بە هەموو ئەو تێچووەوە کە کوردەکانی ئێران لەپێناو ئازادی و دێموکڕاسیدا داویانە و سەرەڕای ئاقارە بەگشتی نەرمئاژۆ و ئاشتیخوازەکانی هێزە سیاسییەکانیان، سەرنجنەدانی کۆمەڵگای سیاسیی ئێران بە جەوهەری ئەسڵیی مەسەلەی کورد خەریکە نەک هەر نەوەکانی لەمەودوا بەڵکوو بەشێک لە بژاردە سیاسی و مەدەنییەکانی هەنووکەی کوردی ڕۆژهەڵاتیش بەو ئەنجامگیرییە دەگەیەنێ کە ئەگەر بڕیار بێ ڕوانین و مامەڵەی دەسەڵات و کۆمەڵگەی سیاسیی ئێران بۆ پرسی کورد هەر ئەوە بێ کە تا ئێستا بووە، ڕەنگە ئەو نەوە و بژاردانە چیدیکە خۆیان بە ئەسڵی تەواوەتیی ئەرزیی ئێران نەبەستنەوە و بەکردەوە بۆ دیاریکردنی مافی دیاریکردنی چارەنووس لە پێشکەوتووترین شکڵیدا خەبات بکەن.

بەوپێیە ئۆپۆزیسیۆنی ئێران و مایەکانی دەسەڵاتی داهاتوو لە ئێراندا دەبێ ئاگاداری ئەو ڕاستییە بن کە ئەگەر بەڕاستی لە خەمی پێکەوەژیانی ئاشتییانە لە ئێرانی دوارۆژدان، پارتنێر و موخاتبێکی بەهێزتر و مەعقوولتر لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیان وەدەست ناکەوێ. حیزبی دێموکراتی کوردستان بەدرێژایی زیاتر لە حەوت دەیە و نیوی ڕابردوو لەگەڵ ئەوە کە لەلایەن هەردوو دەسەڵاتی یەک لەدوای یەکی ئێرانەوە هەمیشە ئامانجی توندوتیژترین جۆرەکانی هێرش و سەرکوت بووە، بەڕابردووترین هێزی سیاسیی ئێرانە کە هێشتا لە مەیدانی سەرەکیی خەباتدا ماوە؛ پێگەیەکی خەڵکیی بەربڵاو و دیاری هەیە؛ و لە ئاستی دەرەوەشدا لە هەموو هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی زیاتر خاوەنی پرستیژ و پێوەندییە. لەلایەکی دیکەوە، ئەو حیزبە سەرەڕای نفووز و توانایەک کە هەیەتی و سەرەڕای ئەو ستەمەش کە لە خۆی و خەڵکەکەی کراوە، هێشتا لەسەر سیاسەت و ئاقارە مەعقوول و دێموکراتیکەکانی خۆی سوورە.

ئاشکرایە کە یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکرات بۆ خودی ئەو حیزبەش بەدوور لە ئاڵەنگاری نییە. ڕێبەرانی لەمەودوای ئەم حیزبە جیا لەوە کە دەبێ پاراستنی هەرچی باشتری دەسکەوتی یەکگرتنەوە لە قووڵکردنەوەی هەرچی زیاتریدا ببینن، پێویستە بەسوودترین سەنتێز لە زەرفییەت‌سازییە سیاسی و تەشکیلاتییەکانی پێشووی دوو حیزب بخەنە ڕوو و جێبەجێی بکەن و زیاتریش سەرنج بدەنە بەشداریی هێزی لاو و ژنان و ڕەنگدانەوەی فرەچەشنییە نەریتی و تازە وەدەرکەوتووەکانی نێو کۆمەڵگەی کوردستان لە سیاسەت و بەڕێوەبردنی حیزبدا. بە بارێکی دیکەدا، بەلەبەرچاوگرتنی هەموو ئەو ئاستەنگانە کە مانەوەی سەرکردایەتیی حیزبی دێموکرات لە هەرێمی کوردستانی عیراق و نەخشی تێکدەرانەی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەدا دروستیان دەکا، پێویستە پێکهاتە و کارکردی ئۆرگانیزمی حیزب وەها نۆژەن و کارا بکرێتەوە کە خەباتی ئەو حیزبە و سەرجەم کوردەکانی ئێران لە هەموو بەستێنەکاندا لە جاران هەماهەنگتر، بەمەیدانی‌تر و شوێندانەرتر بچێتە پێش.

ئەولاتر لە هەموو ئەمانە، ئەگەرچی یەکگرتنەوەی سەرلەنوێی ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات هەنگاوێکی زۆر گەورەیە، بەڵام هەنگاوی گەورەتر یەکگرتنی زیاتری جووڵانەوەی سیاسیی کورد لە ئێران و دەستڕاگەیشتن بە هاوپەیمانیی وەها لە ئاستی ئۆپۆزیسیۆنی ئێراندایە کە هاوکات هەردوو ئیمپراتیڤ (مهم)ی دێموکڕاسی و مافی نەتەوەکان لەبەرچاو بگرێ.

یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکرات نیشاندەری پێگەیشتوویی و بەرپرسیارێتیی ڕێبەران و ئەندامانی ئەو بنەماڵە گەورە سیاسییە و مزگێنی‌دەری سەرفەسڵێکی هیوابەخش لە خەباتی گۆڕانخوازانەی خەڵکی کوردستان و ئێرانە. هەموو ئەو کەس و لایەنانەی خوازیاری وەها قۆناغێک بوون دەبێ بە یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکرات و بەوە کە هێزێکی ئەوەندە مەتین و خاوەن ڕابردوو بەهێز بێتەوە دڵخۆش بن.

بلێز پاسکاڵ دەڵێ: "هەر فرەییەک یەکبوونی لێ نەکەوێتەوە، ئاکامەکەی بێ‌سەرەوبەرەییە. هەر یەکبوونێکیش پشت بە فرەیی نەبەستێ، ئاکامەکەی سەرەڕۆییە". با ئەم وتەیە نەخشەڕێگای لەمەودوای دێموکراتەکان و ئازادیخوازان لە کوردستان و ئێران بێ.

## وێستگە

# یەکگرتنەوەی دێموکرات و پرسی ژنان

هێمۆ

لە پاش ساڵی ١٣٨٥ی هەتاوییەوە کە دابڕان کەوتە نێو ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات و ئەم دوو حیزبە بە دوو ناوی جیاوازەوە درێژەیان بە خەبات و تێکۆشانی خۆیان دژ بە کۆماری ئیسلامی دا، تاکوو ئەمڕۆ کە بە خۆشحاڵییەوە پاش نزیک بە ١٦ ساڵ دابڕان، ڕیزکانی حیزبی دێموکرات وەسەریەک کەوتوونەتەوە و ئێستا لەژێر ناوێک و لە قەبارەی حیزبێکدا درێژە بە خەبات و تێکۆشانی خۆیان دەدەن، پرسی ژنان هەمیشە یەکێک لە پرسە گرینگەکان بووە کە لەلایەن هەر دوو لایەنی حیزبی دێموکراتەوە بایەخی تایبەتیی پێ دراوە.

حیزبی دێموکرات وەکوو حیزبێکی مۆدێڕن و خاوەن پێگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەمیشە بەرانبەر بە پرسە جیاوازەکانی کۆمەڵگە و هەروەها چین و توێژەکانی پێکهێنەری ئەم جوغرافیایە خۆی بە بەرپرسیار زانیوە، ئەم بابەتەش لە ڕاستیدا سەرچاوەگرتوو لەو ڕاستییەیە کە حیزبی دێموکرات، حیزبێکی هەڵقوڵاو لە هەناوی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ویست و داخوازییەکانی ئەوانە.

ناکرێ حیزبێک سەرچاوەگرتوو لە کۆمەڵگەیەکی دیاریکراو و جەماوەری ئەو کۆمەڵگەیە بێت، بەڵام ویست و داخوازی و پێویستییەکانی لەلا گرینگ نەبێ، هەر ئەم ڕاستییەشە کە حیزبی دێموکراتی کردووەتە حیزبی خۆشەویستی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان. هەر لەم سۆنگەیەوە، حیزبی دێموکرات بە درێژایی ٧٧ ساڵ خەباتی بێوچانی خۆی لەپێناو دەستەبەرکردنی ئازادی بۆ خەڵکی کوردستان و بەتایبەتیش توێژی ژنان، لە هیچ هەوڵ و تێکۆشانێک درێغی نەکردوە. هەر لە کۆماری کوردستانەوە بگرە تاکوو ئەمڕۆ کە حیزبی دێموکرات لە تێکۆشانی نەتەوەیی خۆی بەردەوامە، ژنان توانیویانە باشترین ڕۆڵ و گرینگترین ئەرکیان لەئەستۆ بێ، زۆر جار بینیومانە کە نەتەنیا شان بە شانی پیاوان، بەڵکوو زۆر بەهێزتر و بوێرانەتر لەوان ئەرکی پێشەنگایەتیی خەباتیان لەئەستۆ بووە، قوربانییان داوە، ئازاری دووری و غەریبی و بێکەسییان چێشتوە، بەڵام گەیشتن بە ئامانجە پیرۆزەکەیان، بووەتە هەوێنی گرینگی بەردەوامییان لەم ڕێبازەدا.

ئێستا کە ٧٧ ساڵ بە سەر دامەزرانی حیزبی دێموکراتدا تێدەپەڕێ و ڕیزەکانی حیزبیش یەکیان گرتۆتەوە و بەرنامەی داهاتووی ئەم حیزبەش لەسەر بنەمای بەردەوامیدان بە خەبات و تێکۆشان بۆ بەرەنگاربوونەوەی جیدیتر لەگەڵ ڕێژیمی ئیسلامیی ئێرانە، نابێ لەبیرمان بچێ کە ژنان چۆن دەتوانن لە سەرکەوتنی پرۆسەی خەبات دژ بە داگیرکەردا ڕۆڵی ئەرێنی و کاریگەر بگێڕن.

گرینگیدانی حیزبی دێموکرات بە ژنان وەکوو نیوەی کۆمەڵگەی کوردستان و هەروەها پرس و بابەتەکانی پێوەندیدار بەم توێژە ڕەنگە لە هەندێ بوارەوە جێگای ڕەخنە و سەرنجی ورد بن، بەڵام بێگومان خاڵە بەهێزکانیش ئەوەندە هەن کە بتوانرێ گەشبینانە لە ڕاستای هەوڵ و هەنگاوەکان بۆ بەرەپێشبردن و پێشخستنی پرسەکانی ژنان چاوی لێ بکرێ.

ژنان لە چوارچێوەی ئەم قەبارە سیاسییەدا جیا لەوەی کە دەرفەتیان پێ دراوە تاکوو خۆیان ببیننەوە، بە بەردەوامی هان دراون کە ئەرک وەئەستۆ بگرن، پشتگیری کراون تاکوو هەنگاوی ئەرێنی لەپێناو گەیشتن بە ئامانجەکانی خۆیان وەکوو ژنان و ئامانجی گەورەتر واتە دوورەدیمەنی ڕزگاریی نەتەوەکەیان هەڵبگرن و بتوانن بە کردەوە هەست بە گرینگی هەبوونی خۆیان بکەن، کە ئەم ڕاستییە لە ڕێژەی بەشداریی ژنان لە ئاستی ڕێبەریی حیزبی دێموکرات و بەگشتی لە ئۆرگانیزاسیۆنی حیزبدا بەڕوونی بەدی دەکرێت. ئەم هەبوون و تێکۆشانە ڕێک خاڵی بەرانبەری پێناسەی کۆماری ئیسلامی لە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕیی کوردستان و بەشداریی ژنانە کە بە درێژایی هەموو ئەم ساڵانە، هەوڵی داوە تووشی لاوازیی بکات و بە سەرکوتی هێزی ژنان، کۆمەڵگا بەرەو هەڵدێرێکی نالەبار ببا.

لە ڕاستیدا پرسی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان ئەگەرچی هەواڵێکی زۆر ناخۆش بۆ کۆماری ئیسلامییە و بەگشتی بووە هۆی ناهومێدبوونی ڕێژیم لە گەیشتن بە ئامانجەکانی، بێگومان بە پێچەوانەوە بەتایبەت بۆ توێژی ژنان جێگای هیوایە.

یەکگرتنەوە، دەرفەتێکی نوێیە بۆ ئەو ژنانەی کە لە چوارچێوەی ئەم حیزبەدا، قۆڵی هیممەتیان لێ هەڵماڵیوە و تێدەکۆشن تاکوو سەرەڕای دابینکردنی مافەکانی خۆیان وەکوو ژن، لە چارەنووس و داهاتووی سیاسیی نیشتمانەکەشیاندا کاریگەرییان هەبێ.

ژنان لە ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتدا لە ڕیزی پێشەوەی خەباتەکەدان و بێگومان کەڵکوەرگرتن لە هێز و توانایی و لێهاتووییەکانیان لە چوارچێوەی ئەم حیزبەدا ئەتوانێ زۆر گرینگ بێ.

بەرنامەی حیزبی دێموکرات و ئەو دوورەدیمەنەی کە بۆ بونیاتنانەوەی ئەم نیشتمانە لەم حیزبەدا پێناسەی بۆ کراوە، پێویستی بە هەموو هێز و پۆتانسیێل و توانای خەڵکی کوردستان هەیە، لەم نێوەشدا ژنان ئەرکی قورسیان لە سەر شانە، چونکە بەپێچەوانەی هەموو چین و توێژەکانی دیکەی کۆمەڵگەی کوردستان هاوکات چەندین ئەرکی دیکەیان لەسەر شانە کە دەبێ هاوتەریب خەبات بۆ جێبەجێکردنیان بکەن؛ بۆیە پێویستە ژنان و بەتایبەت ئەوانەی کە لە ڕیزەکانی شۆڕشدان، زیاتر هەست بە بەرپرسایەتی و پێشەنگایەتی بکەن و یەکگرتنەوەی ڕێزەکانی حیزب بکەنە دەرفەتێکی نوێ بۆ هەستانەوەیەکی دووبارە بۆ گەیشتن بە ئامانجە گەورەکە.

## هەگبەی شاخ و شۆڕش





براییم چووکەڵی

شەهید ئەو ڕۆڵە فیداکار و گیان‌لەسەردەستەیە کە بەنرخترین سەرمایەی ژیانی، واتە گیانی شیرینی بەختی وەدیهێنانی مافی ڕەوای نەتەوەکەی دەکا بۆ ئەوەی سەربەستی و سەربەرزیی بۆ بەدیاری بێنێ. حیزبی دێموکرات بەپێوانەی تەمەنی لەو شانازییە مەزنە بێبەش نەبووە و بۆ ڕزگاربوون لە کۆت‌وبەندی بێدادی، بەدرێژایی ژیان، گیانی پاکی باشترین ڕۆڵەکانی کردۆتە دەستمایەی خەبات و خۆڕاگری. ڕوون و ئاشکراشە کە حیزبی دێموکراتی کوردستان لە مێژووی پڕ لە شانازی و پڕ سەروەریی و ڕابردووی خەباتی دەیان ساڵەی پڕ لە فرمێسک و خوێن و دارماڵ لە حەماسە و خۆڕاگریی خۆیدا، پشت‌ئەستوور بە پشتیوانیی هەمەلایەنەی خەڵکی کوردستان و هێزی باسک و دەست‌ومەچەکی ڕۆڵە فیداکارەکانی، لە بەرانبەر ڕێژیمە دژ بە کوردە یەک لە دوای یەکەکانی زاڵ بە سەر وڵاتەکەماندا، لە سەنگەری خەبات بۆ وەدیهێنانی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلدا داوە. لەنێو دەیان ڕۆڵەی بەمرادنەگەیشتووی ئەو گەلەدا و "لە هەگبەی شاخ و شۆڕش"ی ئەمجارەماندا یادێک لە شەهید "کەرەم کەڵەشی" دەکەینەوە.

شەهید کەرەم کەڵەشی ساڵی ١٣٣١ لە بنەماڵەیەکی زەحمەتکێش لە گوندی "کوورەی سەروو" لە ناوچەی ئەنزەل سەر بە شاری ورمێ چاوی بە دنیای ڕوون کردەوە. هەر لە منداڵییەوە ژیانی پڕ دەرد و مەینەتیی وەک هەموو منداڵە ڕووت‌وڕەجاڵەکانی کوردستان دەست پێ کرد و بوونی کۆسپ و هەوراز و نشێویکی زۆر لە ژیانیدا ڕێگای قوتابخانەی لێ بڕی. کەرەم پێ‌بەپێی گەورەبوونی زیاتر هەستی بە قورسایی ژیان لە سەرشانی خۆی دەکرد. هەربۆیە بۆ دەستەبەری ژیانێکی باشتر ڕووی لە شارەکانی دیکەی ئێران کرد. بە هۆی ئەوەی ناوچەی ژیانی لەگەڵ ئازەری‌زمانەکان جیران بوو، بەتەواوی هەستی بە جیاوازیی دۆخی نەتەوەکان و ستەمی چەندقات لەسەر کوردەکان دەکرد، هەربۆیە زۆر زوو بیری ئازادیخوازی و ڕزگاری لە چنگ ژیانی ناخۆشی و ناعەداڵەتییەکانی نێو کۆمەڵ مێشکی تەنی. شەهید کەرەم سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێرانی بە باشترین دەرفەتی بۆ ڕزگاربوون لەو ژیانە زانی.

ئەو وەک زۆربەی لاوانی بەهەستی کورد لە خۆپێشاندانەکانی شۆڕشی گەلانی ئێران دژی حکومەتی پاشایەتیدا بەشداریی کرد. بەڵام پاش سەرکەوتنی شۆڕش زۆری نەکێشا کە ویستی گەلانی زۆرلێکراوی ئازادیخواز بەگشتی و گەلی کورد بەتایبەتی لەلایەن حکومەتی تازە بە دەسەڵات گەیشتوویی کۆماری ئیسلامییەوە بە چەک و سەرکوت وەڵام درایەوە. ئەوە بوو کە شەهید کەرەم کەڵەشی نەیتوانی لە ئاستی جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامیدا چاولێکەر بێ، بۆیە لەگەڵ تێکۆشانی ئاشکرای حیزبی دێموکرات دەستی‌دایە چەک و وەک ڕۆڵەیەکی فیداکار بۆ دیفاع لە خاکی نیشتمان لەنێو ڕیزەکانی حیزبدا سازمان درا.

کەرەم پێشمەرگەیەکی ڕوح‌سووک و لەسەرەخۆ و بەئەخلاق بوو. لەنێو خەڵکی ناوچەدا خۆشەویست بوو. ئازایەتیی کەرەم لە شەڕە حەماسییەکانی ناوچەی شومالی کوردستان دەرکەوت کە چۆن دوژمن لە ئاستیدا زەبوونە. ئەو بەهۆی تواناییەکانی زۆر زوو بەرپرسایەتیی نیزامیی پێ سپێردرا و وەک کادرێکی دڵسۆز لەنێو خەڵکی ناوچەی ئەنزەلدا کاری دەکرد. کاتێک لە ساڵی ٦١دا هێزەکانی پێشمەرگە بۆ ماوەیەکی کاتی ناوچەیان چۆڵ کرد، شەهید کەرەم لەگەڵ چەند هاوڕێی لە ناوچەدا مانەوە و سیاسەتی حیزبیان لەنێو خەڵکدا تەبلیغ دەکرد و نەخشە و پیلانەکانی ڕێژیمیان پووچەڵ دەکردەوە. هەربۆیە ڕێژیم بە پیلانێک هێرشی کردە سەر ئەو پێشمەرگانە کە لە ناوچەی ئەنزەل بوون، بەڵام ئەوان بە فەرماندەیی شەهید کەرەم کەڵەشی پێشیان بە هێرشکەران گرت و پاشەکشەیان پێ کردن و زەبرێکی کاریگەریان لێ وەشاندن.

ساڵی ١٣٦١ کاتیک پیشمەرگە بەرەو ناوچەی شومالی کوردستان گەڕانەوە، بەهۆی قارەمانەتی و چاونەترسی لە سازماندەهی تازە لە هێزی سەرگورد عەباسیی ئەوکاتدا بوو بە فەرماندەری دەستە و پاشان وەک فەرماندەری لک دیاری کرا. کەرەم لە بەرپرسایەتیی تازەیدا سەلماندییەوە کە چەندە باوەڕی قووڵی بە ڕێبازەکەیەتی و، بەگوڕتر لە جاران لە مەیداندا مایەوە و بڕیارەکانی حیزبی جێبەجێ دەکرد. عەمەلیاتەکانی سەرجادەی ورمێ و، کەمینی کارخانەی قەند و چەندین عەمەلیاتی دیکە بە فەرماندەیی شەهیدی کەرەم کەڵەشی بەڕێوە چوون. کاتیک دوژمن هێرشی کردە سەر کوندی "کانیەڕەش" لە شومالی کوردستان و ٦ پێشمەرگەی شەهید کرد و پاشان ڕەشەکوژیی لە خەڵک کرد، شەهید کەرەم ئۆقرەی لێ هەڵگیرا. لەوکاتەدا هێزی ڕێژیم پەلاماری گوندی کوورەی سەرووی دابوو، و نیازی کۆمەڵکوژکردنی خەڵکی ئەو گوندەشی بوو. بەڵام شێرەکوڕانی دێموکرات بە فەرماندەیی کەرەم کەڵەشی بڕیاریان دا زەبرێکی کاریگەر لە پەلاماردەران بدەن. بۆیە تامی تاڵیان بە هێزی کۆنەپەرەستی چێشت و نەیانهێشت تاقە هەنگاوێک بێنە نێو گوندەکە. شەڕێکی خوێناوی و سەنگەر بە سەنگەر لەگەڵ هێزەکانی ڕێژیم دەستی پێ کرد. دوژمن زەبری بەژانی وێ کەوت و پاش کوژران و بریندار‌بوونی ژمارەیەکی بەرچاو لە هێزەکانی ڕێژیم، دوژمن تێک‌شکا و پاشەکشەی پێ کرا؛ بەوەش ئازایەتیی شەهید کەرەم ئەوەندەی دیکە ناوبانگی دەرکرد.

ڕۆژی ٧ی خەزەڵوەری ساڵی ١٣٦٣ هێزێکی زۆری دوژمن هێرشی کردە سەر چیای "شێخ‌بازید" لە نێوان ناوچەکانی ئەنزەل، کەناربەڕۆژ و سۆما. قارەمانانی مەڵبەندی شومال دژیان وەستانەوە و بە فەرماندەیی شەهید کەرەم زەبریکی گورچکبڕیان لێدان. مخابن کە خوێنبایی ئەو سەرکەوتنە شەهیدبوونی کەرەم کەڵەشی و دووهاوسەنگەری دیکەی بە ناوەکانی تاجەدین بێهنام و باپیر مەولوودی بوو.

# ٢١ی خەرمانان و دەروەستیی نەتەوەیی


ڕەحمان سەلیمی

لە مێژووی خەباتی گەلی کورد لە پێناو مافە سیاسی و نەتەوەییەکانی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا زۆر وێستگەی مێژوویی هەن کە خاوەن واتای تایبەت و پەیامی ڕوون و ئاشکران. بە چاوخشاندن بە ڕۆژژمێری ئەو مێژوویە، تووشی ڕووداوی ئەوتۆ دەبین کە لەلایەک بوونەتە بەشێک لە بیرەوەریی گشتیی خەڵکی کوردستان و لە لایەکی دیکەشەوە وەک میراتێکی دەوڵەمەند لە قۆناغە جیاوازەکانی خەباتدا وره و تینی بەرگرییان بە بزووتنەوەی ئازادیخواز و ڕزگاریخوازی کورد بەخشیوە. زۆر فاکتی مێژوویی هەن کە پێمان دەڵێن بزووتنەوەی کورد لە ئێراندا دەوڵەمەندە بە تاقیکردنەوەی مێتۆدە جۆراوجۆرەکانی خەبات و بەرگری دژی دوژمنانی ماف و ئازاییەکانی گەلی کورد.

هەرچەند زۆرن ئەو ساتە مێژووییە لەبیرنەکراوانەی لە سەدەی ڕابردوودا گەلی کورد لە پێناو چەسپاندنی شوناسی نەتەوەییدا تۆماری کردوون، بەڵام لەو نووسینە کورتەدا تەنیا ئاماژەیەکی کورت بە گرینگترین ڕووداوەکانی دوای شۆڕشی ٥٧ و بەتایبەت مانگرتنی بەرین و سەراسەریی خەڵکی کوردستان لە ٢١ی خەرمانانی ساڵی ٩٧ دەکەین.

هەر لەگەڵ هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی و دەرکەوتنی ویستی ئاشکرای خومەینی و دارودەستەکەی بۆ سەرکوتی گەلی کورد و پێشێلکردنی مافە یاسایی و ئینسانییە بنەڕەتییەکانیی، بەرەنگاری دژی ڕێژیم لە سەرتاسەری کوردستاندا سەری هەڵدا. هاوپەیوەندیی نەتەوەیی کورد لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستان کە دەسکەوتی بزووتنەوەی مافخوازانەی گەلی کورد و شۆڕشەکانی بوو، تایبەتمەندییەکی بە کوردستان بەخشیبوو کە لە ناوچەکانی دیکەی ئێران و تەنانەت لەنێو گەلانی ستەملێکراوی نێو جوغڕافیای ئێراندا نەدەبینرا. نەهادینەبوونی کولتووری حیزبایەتی و چالاکیی ڕێکخراوەیی، دەرەنجامی خودئاگایی نەتەوەیی و مافخوازیی چین و توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگەی کوردییە وەهەر ئەوەش وای‌کردبوو کوردستان لە ساڵانی سەرەتای شۆڕشی ٥٧دا بە سەنگەری پارێزەری ئازادی لە ئێراندا بناسرێ.

گەلی کورد سەرەڕای هەڵاواردنی سیستماتیک، چەوساندنەوەی بەرنامە بۆداڕێژراو لەلایەن ڕێژیمەکانی پاشایەتی و کۆماری ئیسلامی، زاڵبوونی فەزای قورسی میلیتاریستی بەسەر کوردستاندا و لە هەمان کاتدا تەنیاکەوتنی لە هاوکێشە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکاندا و، تەنیا بە پشتبەستن بە بەها خەملێنراوە نەتەوەیی و مرۆییەکانی، ئاستێکی کەم‌وێنەی لە هەرەوەزی نەتەوەیی لە قۆناغە جیاوازەکاندا بە دۆست و دوژمن سەلماندوە. گرینگیی ئەو هەرەوەزە نەتەوەییە ئاشتیخوازانەیە کاتێک زیاتر دەردەکەوێ کە ئەو واقعیەتە لەبەر چاو بگرین کە لە مێژووی هاوچەرخی ئێراندا بەردەوام ڕێژیمە دیکتاتۆرەکان دەسەڵاتیان هەبووە و لە داخراوبوونی کەشی سیاسیدا، بە کردەوە دەرفەتی چالاکیی سیاسی و ڕێکخراوەیی لە گۆڕێدا نەبووە.

کۆچی مێژوویی خەڵکی مەریوان لە سەرەتای بەدەسەڵات گەیشتنی کۆماری ئیسلامی وەک هەڵوێستێکی شۆڕشگێڕانە دژی هێرشە داگیرکارییەکانی سەر کوردستان، بەشداری نەکردنی یەکگرتووانە لە ڕیفراندۆمە گاڵتەجاڕییەکەی خومەینی بۆ دیاریکردنی سیستەمی سیاسیی ئێران، هەڵوێست‌گرتن بەرامبەر تیرۆری ڕێبەرانی گەلی کورد و حیزبی دێمۆکڕات سەرەڕای سەپاندنی کەشی ترس و تۆقان و ... و لە کۆتاییدا مانگرتنە بەشکۆکەی ٢١ی خەرمانانی ١٣٩٧ لە نموونە بەرچاوەکانی گەشەی سیاسیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانن. ئاراستەکردنی ئیرادەی جەمعی و درەوەست‌بوونی خەڵک بەرامبەر پرسە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان وەک پارادایمی سەرەکیی گەشەی سیاسی، لە تایبەتمەندییە بەرچاوەکانی بزووتنەوەی کوردن. ڕاهاتنی کۆمەڵگەی کوردستان بە وەڕێخستنی ڕێکخستنی جیاوازی خوێندکاران، مامۆستایان، ژینگەپارێزان و ... زەمینەی سەرهەڵدانی مانگرتن و ناڕەزایەتیی مەدەنی و زۆرجار ڕادیکاڵی ڕەخساندوە. بەتایبەت




**ئاراستەکردنی ئیرادەی جەمعی و درەووەست‌بوونی خەڵک بەرامبەر پرسە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان وەک پارادایمی سەرەکیی گەشەی سیاسی، لە تایبەتمەندییە بەرچاوەکانی بزووتنەوەی کوردن. ڕاهاتنی کۆمەڵگەی کوردستان بە وەڕێخستنی ڕێکخستنی جیاوازی خوێندکاران، مامۆستایان، ژینگەپارێزان و ... زەمینەی سەرهەڵدانی مانگرتن و ناڕەزایەتیی مەدەنی و زۆرجار ڕادیکاڵی ڕەخساندوە. بەتایبەت کە کۆی داواکارییە پیشەیی و سینفییەکانی خەڵک پاشخانێکی سیاسی و نەتەوەیی بەهێزی هەیە کە لە ماوەیەکی کورتدا دەتوانێ جەماوەر بۆ دەربڕینی ناڕەزایەتی مۆبیلیزە بکا.**

کە کۆی داواکارییە پیشەیی و سینفییەکانی خەڵک پاشخانێکی سیاسی و نەتەوەیی بەهێزی هەیە کە لە ماوەیەکی کورتدا دەتوانێ جەماوەر بۆ دەربڕینی ناڕەزایەتی مۆبیلیزە بکا. ڕێبەری‌کردنی ئەو ناڕەزایەتی دەربڕینانە، یان هێزە سیاسییە شوێندانەرەکانی کوردستان بوون، یان خەڵک خۆی بە شێوەی خۆڕسک دەسپێشخەریی ئەو حەڕەکەتانەی کردوە.

مانگرتنی ٢١ی خەرمانان، مانگرتنێکی سەرتاسەری بوو کە خەڵکی کوردستان لە وەڵامی مووشەکبارانی قەڵای دێمۆکڕات و ئێعدامی ٣ زیندانیی سیاسیی کورد لە ڕۆژی ١٧ی خەرمانان لە لایەن سپای پاسدارانەوە، هاواری خاوەندارێتیی لە ڕۆڵەکانی خۆیان و بەشێوەیەکی گشتی لە پرسە سیاسی و نەتەوەییەکەیان دژی دەسەڵاتی کوردکوژی تاران بەرز کردەوە. وەردانەوە و دەستنشان‌کردنی لایەنە جۆراوجۆرەکانی ئەو مانگرتنە و ئەزموون‌لێوەرگرتنی و لە هەمان کاتدا زیندووڕاگرتنی لە کۆڕ و کۆمەڵی نێوخۆیی و نێودەوڵەتیدا، نەخشێکی بەرچاوی لە چارەنووسی بزووتنەوەی سیاسیی گەلی کورد دەبێ. ئەو مانگرتنە بەربڵاوە کۆمەڵێک پەیام و دەلالەتی گرینگی لەخۆ گرتبوو کە دەتوانرێ وەک میراتێکی مەعنەویی گرینگ لە داهاتووی بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پشتی پێ ببەسترێ.

کارەساتی مووشەکبارانی قەڵای دێمۆکڕات و شەهیدبوونی ١٦ کەس لە ڕێبەران و کادر و پێشمەرگەکانی حیزبی دێمۆکڕات، بە کردەوە دۆخێکی ئاوارتەی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان خوڵقاند.

ئەو مانگرتنە گشتییە هەڵگری پەیامی دانەبڕاویی حیزبی دێمۆکڕات و گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو. گەورەیی و کەم‌وێنەبوونی ئەو تاوانە و بە تایبەت لە دۆخێکدا کە ڕێژیم بە وتەی خۆی هێزە شۆڕشگێڕەکانی کوردستان و بەتایبەت حیزبی دێمۆکڕاتی بە دابڕاو و تەریک‌کەوتوو لە جەماوەری کوردستان دادەنا و بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە کۆتایی بە ڕوحی بەرەنگارخوازی لە کوردستان هێناوە، بووە هۆی خرۆشانی ڕای گشتی و سەرەنجام حەماسەی ٢١ی خەرمانانی لێکەوتەوە. سپای پاسداران وەک ئەنجامدەری ئەو هێرشە نامرۆڤانەیە کە پێشێلی ئاشکرای ڕێسا بنەڕەتییەکانی یاسای نێودەوڵەتی بوو، دەیەویست بە لەناوبردنی ڕێبەرانی حیزبی دێمۆکڕات بە تەواوی ئەو بانگەشەیە بسەلمێنێ کە حیزبی دێمۆکڕات کۆتایی هاتوەو بە مێژوو سپێردراوە. بەڵام غافڵ لەوەی ڕیشەداربوونی حیزبی دێمۆکڕات لە ناو جەماوەری ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەک خاوەنان و دامەزرێنەرانی ڕاستەقینەی ئەو حیزبەو دەوڵەمەندبوونی کولتووری شۆڕشگێڕی و مافخوازی، هەمیشە شیمانەی ئەوەی لێ دەکرێ سەرئێشەی گەورە بۆ ڕێبەرانی تاران دروست بکا.

ئامانجی کۆماری ئیسلامی بە تایبەت لە دوو دەیەی ڕابردوودا ئەوە بووە کە بە ڕای گشتی لە نێوخۆ و دەرەوەی ئێران بڵێ کە گەلی کورد لەنێو ئێرانی ژێر دەسەڵاتیدا، هیچ گرفتێکی نییە و ئەوە دەستوپەیوەندییەکانی وڵاتانی نەیاری ئێرانن کە دەیانەوێ لە دەرەوەی وڵاتڕا وا پێشان بدەن کە کۆماری ئیسلامی هێژمۆنیی بەسەر ناوچە کوردنشینەکان نییە، تەنانەت لەوەش ئەولاتر ڕۆیشتوون و خۆیان بە خەمخۆر و دۆستی کوردی پارچەکانی دیکەی کوردستانیش دەناسێنن.

مانگرتنی واتاداری ٢١ی خەرمانان، بە وێناکردنی ڕوخسارێکی شوناسخوازانە و ڕێک بۆ دیاریکردنی سنووری نەتەوەییەکان و هەڵوێست گرتن بەرامبەر ئەوی تر، ئەو ڕاستییەی سەلماند کە کورد خاوەن پرسێکی کوردانە و پوتانسیەلی ڕوو لەگەشە بۆ چارەسەری ئەو پرسەیە. لەڕاستیدا ئەو مانگرتنە درێژکراوەی ئەو فەرهەنگە جێکەوتووە لە کوردستاندا بوو کە لە بۆنەی جۆراوجۆر و بۆ پرسی جیاواز دووبارە و چەندبارە بۆتەوە.

لەسەرهەست‌بوونی خەڵکی کوردستان بۆ پرسە گشتییەکانی کۆمەڵگە و سەرهەڵدانی ڕێکخستنی جەماوەریی خۆڕسکی پشت‌ئەستوور بە پاشخانی خەباتکارانە، بە تایبەت لە ساڵانی ڕابردوودا کاریگەریی گەورەی لەسەر گەشەی سیاسی و نەتەوەیی گەلی کورد داناوە. ڕووداوە کارەساتبارە سروشتییەکانی پارێزگاکانی خوارووی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، شەپۆلێکی بەرینی لە هاودەردی و هاوکاری بە دوای خۆیدا هێنا کە لە جۆری خۆیدا بێ وێنە بوو. ئەگەر ئەو هەرەوەزە بەربەرینانەی بەدەمەوەهاتنی خەڵکی ناوچە جیاوازەکانی کوردستان بۆ کارەساتلێدراوانی لافاو و بوومەلەرزە، ڕەهەندی مرۆیی و نەتەوەیی لەخۆ گرتبێ، ئەوە بێگومان حەماسەی ٢١ی خەرمانان هەر سێ ڕەهەندی مرۆیی و نەتەوەیی و سیاسی تێدا بەدی دەکرێ. پشتیوانی لە حیزبی دێمۆکڕات و بزووتنەوەی سیاسی-نەتەوەیی کورد، لە پەیامە ڕوونەکانی ئەو ڕووداوە بوو. کۆماری ئیسلامی بە مووشەکبارانی قەڵای دێمۆکڕات و شەهید کردنی کادر و پێشمەرگە و ڕێبەرانی حیزبی دێمۆکڕات هەوڵی بەرتەسک کردنەوەی مەیدانی مانۆڕی حیزبی دێمۆکڕاتی دەدا، هەر زوو و ٤ ڕۆژ دواتر جەبهەیەکی بە پانایی هەموو کوردستان بە ڕوودا کرایەوەو خۆی لە ململانێیەک دا دیتەوە کە هیچی لەدەست نەدەهات جگە لە سەرسوڕمان و نیگەرانی. ئەگەر تێچووی هێرشی مووشەکیی حیزبی دێمۆکڕات، لەدەستدانی ژمارەیەک لە باشترین و وەفادارترین ڕۆڵەکانی بوو، تێچووی ئەو هێرشە بۆ کۆماری ئیسلامی زۆر فراوانتر و بەژانتر بوو، ڕیسوایی ڕێژیمێک بوو کە ساڵهایە بانگەشەی هەڵوەشاوەیی و بێ کاریگەریی حیزبی دێمۆکڕات و کۆتایی خواستە نەتەوەییەکانی گەلی کوردی لە ئێراندا دەکرد. لە ڕووداوەکانی ١٧ و ٢١ی خەرمانانەدا گەلی کورد و حیزبی دێمۆکڕات براوەی ڕاستەقینە بوون و ڕیسواییش چ لە نێوخۆ و چ لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا بۆ کۆماری ئیسلامی و سپای پاسداران مایەوە.

**ناسر باباخانی:**

# قۆناغی دوای یەکگرتنەوە، دەبێ کردنەوەی دەروازەیەکی نوێی خەبات بێ لە ڕێگەی بە ڕۆژەڤکردنی پرسی کورد لە وڵاتانی دەرەوە

**دیمانە: ڕەحمان سەلیمی**



***ئاماژە: یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکرات پاش چاوەڕوانییەکی زۆر سەرنجی زیاتری لەسەر پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کۆ کردۆتەوە. پرسی وەسەریەککەوتنەوەی دێموکرات، کاریگەریی ئەو ڕووداوە و قۆناغەکانی دوای یەکگرتنەوە و شوێنکاری لەسەر جووڵانەوەی سیاسیی کورد لە گرینگترینی ئەو سەرنجانەن. "کوردستان" بۆ شرۆڤەی زیاتری ئەو بابەتە دیمانەیەکی لەگەڵ ناسر باباخانی، مامۆستا زانکۆ و چاودێری سیاسی پێکهێناوە:***

**پێویستی یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکرات لە چیدا بوو، و ئەم یەکگرتنەوەیە چ دۆخێکی نوێی دیکە بۆ حیزبی دێموکرات دەخوڵقێنێ؟**

ئەگەر بەکورتی چاوێک بە مێژووی لێکدابڕانەکاندا بخشێنین، "خەڵک" وەک پێگە و پتانسییەلی سەرەکیی ئەم حیزبە بەو لێکترازانانە نیگەران بوون، دیارە کە دەڵێم خەڵک مەبەستم لایەنگرانی حیزبی دێموکراتە. بەڵام ئەگەر لە لێکدابڕانەکانی ڕابردوودا بەهۆی بوونی ڕێبەرە کاریزماکانی ئەم حیزبە، تا ڕادەیەک دەتوانین بڵێین خەڵک بە جۆرێک - هەر چەند پێی دڵخۆش نەبوون - قەناعەتیان پێهێنابوو، بەڵام لەم لێکدابڕانەی دواییدا واتە بوونی حیزبی دێموکرات بە حیزبی دێموکراتی کوردستان و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، خەڵک پێ پێمل نەبوو. یانی پاش ١٦ ساڵ خەڵک چاوەڕوانیی ئەوەی دەکرد کە ئەو حیزبە سەرلەنوێ یەک بگرێتەوە و پێویستییەکەی لەوەدا بوو کە لە دۆخێکی هەستیاری وەک ئێستا کە ئێران لە بواری نێونەتەوەیی و ناوچەییدا تەریک کەوتۆتەوە و لە لایەکی دیکەوە خەڵک لەبەر گوشارە ئابوورییەکان بڕستیان لێبڕاوە، پێموایە یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکرات لانیکەم دەتوانێ لە سەرەتادا لەباری سایکۆلۆژییەوە شوێندانەریی ئەرێنی هەبێ لەسەر کۆی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لەسەر ئەندامان، بەدەنە و کادر و پێشمەرگە و تەنانەت لە دەرەوەی وڵات. بۆیە من لە یەکەم ڕوانیندا پێویستی ئەو یەکگرتنەوەیە لەسەر سازکردنی کەشێکی ڕەوانی ئیجابی بەنیسبەت خەباتی حیزبی دێموکرات لەنێو خۆ و لە دەرەوەدا دەبینم و ئەم بوارە و ئەم کەشە ڕەوانییە وا دەکا بەرەو دۆخێکی نوێ هەنگاو هەڵێنین، کە بە باوەڕی من ئەم دۆخە سازکردنی گوتارێکی نوێیە لەسەر بنەمای پێداویستی و پێویستییەکانی کۆمەڵگەی نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هەروەها لەسەر پتانسییەل و تواناکانی حیزبی دێموکرات و دواجار هاوتەریبکردنی ئەم گوتارە لەگەڵ سەرجەم ئۆپۆزیسیۆنی کوردی!

**یەکگرتنەوەی ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات چ کاریگەرییەکی لەسەر یەکڕیزی و هاوخەباتی حیزب و لایەنە سیاسەکانی کوردستان دادەنێ؟ ئەمە دەکرێ چەند هەنگاو بۆ پێشەوە بێت؟ هەر لەو چوارچێوەیەدا دەتوانێ چ شوێنکارێکی لەنێو ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی بە دێموکرات و ناوەندگەراوە هەبێت؟**

بەبێ گومان یەکگرتنەوەی ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات وەک باسم کرد یەکەم کارتێکەری، شوێندانەرییەکی سایکۆلۆژییە لەسەر دەوری سێکۆچکەی خەبات! سێکوچکەی خەبات واتە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، دیاسپۆرا و حیزبی دێموکرات لە باشوور و سنوورەکان. ئەمە دەتوانێ کاریگەریی ڕەوانی هەبێ بۆ ئەوەی کە گڕوتینێکی نوێ ببەخشێتەوە گیانی ئەم حیزبەوە. لە لایەکی تریشەوە دەتوانێ ببێتە کاتالیزۆرێک بۆ لایەنەکانی دیکەی ئۆپۆزیسیۆنی کوردی کە لێک دابڕاون، بۆ ئەوەی یەک بگرنەوە و دواجار لە بەرەیەکی کوردستانیدا خۆیان ببیننەوە. لە هەمان کاتیشدا دەتوانێ شوێندانەرییەکی بەرچاوی هەبێ لەسەر ئۆپۆزیسیۆنی سەرانسەری و هەروەها دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی، بەو مانایەکە لەمەوبەدوا ئیتر ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی بە چاوی دوو لەت سەیری تۆ ناکا، وەک حیزبێکی خاوەنمێژوو و شوێندانەر کە نوێنەرایەتی چەندین ملیۆن کورد دەکا سەیرت دەکا و ئەمە قورساییەکی تایبەتی پێ دەبەخشێ و ئەمە زۆر کاریگەرە بۆ ئەوەی دواجار لەسەر هاوکێشە سیاسییەکانی نێو ئێران شوێندانەر بێ. لەلایەکی دیکەوە دەکرێ ئاماژە بە کارتێکەریی ئەم یەکگرتنەوەیە لەسەر لایەنە کوردستانییەکانی دیکە بکەین. حاشا لەوە ناکرێ کە هەموو لایەنێکی سیاسی لە پارچەکانی دیکە بەتایبەت ئەو حیزبانەی کە دەسەڵاتدارن، بۆخۆیان جۆرێ لە قووڵایی ستراتیژیک ڕەچاو دەکەن بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان. بەڵام بە بوونی حیزبی دێموکراتی بەهێز و یەکگرتوو، ئەم قووڵاییە ستراتیژیکە کە لە بۆشایی ئەم حیزبەدا ساز بووە، ئەو کاتی پڕ دەبێتەوە. حیزب دەبێتە خاوەنی ڕاستەقینەی ئەو خەڵکەی خۆی کە لەوە پێش لە نەبوونی ئەودا لایەنەکانی دیکە قووڵایی ستراتیژیکیان بۆ ڕەچاو دەکرد. لە هەمان کاتیشدا شوێندانەرییەکەی لەسەر ئەدمینیستڕێیشێنەکانی دەرەوەی وڵات بۆ وێنە لەسەر دەوڵەتەکان، پارلمانەکان، حکوومەتەکان. زۆرجاران لە سەرکردایەتی حیزبی دێموکراتم بیستوە کە سەردانی ئەو شوێنانەیان کردوە و گوتوویانە کە ئێوە بۆ دوو لایەنن، ئێوە بۆ بەیەکەوە نایەن، بۆیە کە کۆی ئەوانە چاو لێ دەکەین دەتوانین بڵێین کە ئەم یەکڕیزییە لە سەرەتادا لەنێوان ئەو دوو باڵەدا ببێتە هۆی کۆبوونەوەوی لایەنەکانی دیکە لەگەڵ یەکتر و دواجار سازبوونی بەرەیەکی کوردستانی و شوێندانەریی لەسەر ئۆپۆزیسیۆن و کۆماری ئیسلامی و ئەدمینیستڕێیشێنی وڵاتانی دەرەوە.

**یەککەوتنەوەی ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات چ شوێنێک لەسەر پێگە و ستاتوی حیزب دادەنێ و چەندە مەیدان بۆ خەباتی سیاسی و دیپلۆماسیی حیزب لە هاوکێشە ناوچەیی و جیهانییەکان ئاوەڵاتر دەکا؟**

ئەم یەکڕیزییە دەبێ ببێتە هۆکارێک بۆ سازکردنی گوتارێکی هاوبەش، مەبەست لە گوتاری هاوبەش ئەوەیە کە ئەو گوتارە دەبێ بڕواتە نێوخۆی وڵات، ئەو گوتارە دەبێ بتوانێ بە هەموو ئەو تایبەتمەندییانەی کە لە نێوخۆی وڵاتدا هەیە لەسەر بنەمای پتانسییەلەکانی ئۆپۆزسیۆنی کوردی بخەملێندرێ و ڕووبەڕووی دەسەڵات بکرێتەوە. بۆیە بەر لە هەموو شتێک قۆناغی دوای یەکگرتنەوە ئەوەیە کە بتوانین گوتارێک لە سەر ئەو دوو بنەما سەرەکییە واتە پێداویستی و پێویستییەکانی کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هەروەها پتانسییەل و توانایی‌یەکانی حیزبی دێموکرات دابمەزرێنین. دیارە گوتاری بزوتنەوەی نەتەوەیی تایبەتمەندییەکانی خۆی لە دێرزەمانەوە هەبووە و هەیە، بەڵام ئەو گوتارە بەپێی ئەم دۆخەی کە ئێمە تێیدا دەژین دەبێ بخەملێندرێ. واتە دۆخی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و فەرهەنگیی حیزبی دێموکرات و خەڵک لە نێوخۆی وڵات ڕەچاو بکرێ. کە تۆ توانیت ئەمە ساز بکەی قۆناغی دواتر ئەوەیە کە ئێمە چۆن خەباتی سیاسی بتوانین بگوازینەوە بۆ دەرەوەی سنوورەکانی کوردستان. دیارە ئەوەی کە ئێمە چەندە شوێندانەرین لەسەر هاوکێشە ناوچەیی و جیهانییەکان ڕەنگە ئەوە بە باوەڕی من پرسیارێکی زۆر ورد نەبێ، بەڵام دەتوانین بە پشتبەستن بەو گوتارە مەیدانی خەباتەکەمان بەرفراوانتر بکەین. ڕێک ئەو کارەی شەهید دوکتور قاسملوو لە سەردەمی نەبوونی سۆشیال میدیادا کردی، لەسەردەمی کەمی میدیا سوننەتییەکان وەک تەلەڤیزیۆن و ڕادیۆدا کردی. ئەویش ئەوە بوو کە لەگەڵ ڕۆژنامە بەناوبانگەکانی جیهان دەستی پێ کرد بە وتوویژ بۆ ئەوەی کە پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە دنیا بناسێنێ، بۆیە ئەوەش پێویستی بە وزەیەکی یەکجار زۆر هەیە و دەبێ تەرکیزی سەرەکی حیزبی دێموکرات لە قۆناغی تێپەڕبوون لەو هەست و سۆز و عاتیفەیە بۆ قۆناغی سازکردنی گوتار یا خەملاندنی گوتار و دواجار پەیوەندی لەگەڵ وڵاتانی دەرەوە بێ.

**ڕوانینی کۆماری ئیسلامیی ئێران یەمجارەیان بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی یەکگر و یەکگرتوو چۆن دەبێت؟**

ڕوانینی کۆماری ئیسلامی بۆ حیزبی دێموکراتی ڕەنگە ئاڵوگۆڕێکی ئەوتۆی بەسەردا نەیە، ئەو بەنیسبەت هەر دووباڵی حیزبی دێموکرات دوژمنایەتی کردوە، بەنیسبەت لایەنە سیاسییەکانی تری کوردستان و بەردەوام وەک دوژمن سەیری کوردی کردوە و نەک تەنیا هەر حیزبی دێموکرات، بەڵکوو خەڵکی لەنێوخۆی کوردستانیشدا. چون ئەم دەسەڵاتە دیکتاتۆرە سوورسوور دەزانێ کە حیزبی دێموکرات خاوەنی پێگە و جێگەیەکی زۆر بەرچاوە لە نێوخۆی ڕۆژهەڵات. نموونەی هەرەدوایی مووشەکبارانی قەڵای دێموکرات بوو. بۆیە کۆماری ئیسلامی فەرقی پێ ناکا کە چ چەکی بە دژی هەڵبگری، چ لە ڕێگەی وتوویژەوە بکەویە دانوستان لەگەڵی، ئەوەی سەلماندوە کە لە هەموو دۆخێکدا لە هەموو کات و شوێنێکدا دوژمنی کوردە. بۆیە بەتایبەتی لە دوای ئەم یەکگرتنەوەیەش بۆی هەیە لە ڕێگای نەفووزی سیخوڕەکانییەوە، لە ڕێگای سایبێری، لە ڕێگای فیزیکی و لە ڕێگای هەڕەشەی چەکداری گوشارەکان زیاتر بخاتە سەر حیزبی دێموکرات و زیاتر لە جاران لەگەڵی بکەوێتە ململانێ. چونکە هەر ئێستا ئەو ژووری فکری هەیە و کاردانەوەکانی ئەو یەکگرتنەوەیە لە ئاستی دەرەوە و نێوخۆدا دەبینێ بۆیە بە باوەڕی من بەنیسبەت پێشوو بەردەوامتر دەبێ لە دژایەتیکردن لەهەمبەر بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد، بەتایبەت حیزبی دێموکرات.

**وەک دواپرسیار. یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران چ ئەرک و بەرپرسایەتییەکی دی بۆ ڕێبەران و تێکۆشەرانی ئەم حیزبە دروست دەکات؟**

ڕەنگە ئەم پرسیارە شایەتی غەزەلەکە بێ! ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکرات و تێکۆشەرانی ئەم حیزبە چ شتێکیان لە ئەستۆیە؟ بەر لە هەموو شتێک دەبێ ئەوان بزانن کە ئەم حیزبە حیزبی سکرتێر و جێگر و ئەندامانی دەفتەری سیاسی و کۆمیتەی ناوەندی و پێشمەرگە و بەدەنە نییە، ئەم حیزبە حیزبی هەمووانە. حیزبی دێموکرات دەبێ گەورەتر لە حیزبێک خۆ بنوێنێ، وەک ڕێبازێک خۆ بنوێنێ، بۆ ئەوەی هەموو لایەنەکان لە دەوری خۆی کۆ بکاتەوە. ڕاستە حیزبی دێموکرات پەیڕەو و پرۆگرامی تایبەت بە خۆی هەیە و بەرنامەی تایبەت بە خۆی هەیە بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەڵام ئەو تواناییەی هەیە کە بتوانێ ببێتە چەترێک و هەمووان لە ژێر ئەم چەترەدا کۆکاتەوە، لە ڕاستێکی خۆبوێری سوننەتییەوە بگرە تا چەپێکی ڕادیکاڵ! بۆیە دەبێ سیاسەتی ئەم حیزبە بۆ ئەوەی کە بەر بە لێکترازانێکی تر بگرێ، دەبێ ئیزنی ئەوە بدرێ کە بیروڕای جیاواز تەنانەت دژواز لەم حیزبەدا بوونی هەبێ، خەڵک قسان بکا، دەنگ هەڵبڕێ، ڕەخنە بگرێ و بتوانن بە شێوەیەکی ئازادانە وتوێژ بکەن، حیزبێک کە بە سینگفراوانییەوە لەگەڵ ئەندامانی خۆی هەڵنەکا و تابشتی ڕەخنە نەهێنێ تووشی گرفتە لەم چەشنە دەبێ.

وەک باسم لێکرد دەبێ بەرنامەی سەرەکی ئەم حیزبە، سەرلەنوێ سازدانەوە و ساغکردنەوە و خەملاندنی گوتاری بزووتنەوەی نەتەوەیی بێ لە سەر بنەمای پتانسییەل و تواناییەکانی ئەم حیزبە و هەروەها پێداویستییەکانی نێوخۆی ڕۆژهەڵات لە هەمو بوارێکەوە و دواجار دەبێ ئەم گوتارە شیفت بدرێ بۆ نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و دەرەوەی وڵات، بۆ ئەوەی ئەم سێکوچکەی خەباتە بتوانن هەموو کوچکەکان کاری خۆیان بکە. وەک ئەزموونی تاکەکەسیم پێموایە گرینگترین شت ئەوەیە کە حیزبی دێموکرات دەبێ تەواوی تەرکیز و هێز و توانای خۆی وەگەڕ بخا بۆ دەرەوەی وڵات و لە دەرەوە ئەم خەباتە درێژە بدا، ڕێک ئەو کارەی کە شەهید دوکتور قاسملوو کردی واتە کردنەوەی دەروازەیەکی نوێ بۆ خەبات.

---

## زیندان بەزێنەکانی ئێمە




**ئا: دیاکۆ دانا**

یەکێک لە خەسڵەتەکانی دەسەڵاتی تۆتالیتر و پاوانخواز و دیکتاتۆر ئەوەیە کە هەر بیروبۆچوونێکی سیاسیی جیاواز و ڕەخنەگرانە کە سیستمی دەسەڵاتدارەتیی ئەو بباتە ژێر پرسیارەوە، بەتوندی بەگژیدا دەچێتەوە و سەرکوتی دەکا. ئەو سەرکوتکردنەش بە شێوازی جۆراجۆر وەکوو گرتنی ڕەخنەگران و چالاکانی سیاسی، ئەشکنجەدا، زیندان، ئێعدام، تێرۆرکردن و ... خۆ دەردەخا. لەو نێوەدا کۆماری ئیسلامیی ئێران، وەکوو ڕێژیمێکی دیکتاتۆر- تۆتالیتر بە هەموو شێوەیەک هەر دەنگێکی ناڕازیی لە ماوەی ئەو ٤٤ ساڵەدا، کپ کردوە و بەتوندترین شێوە و بە پشتبەستن بە ئامرازی سەرکوت لەگەڵی ڕووبەڕوو بۆتەوە. زیندانییانی سیاسی یەکێک لە قوربانییەکانی دەزگای سەرکوتی کۆماری ئیسلامییە کە لە ماوەی دەسەڵاتدارەتیی ڕێژیمدا زۆرترین تێچوویان لەپێناو بیروباوەڕ و خۆڕاگرییان لە بەرانبەر سپای جەهل و نەزانی داوە.

چیرۆک و بەسەرهاتی زیندانییانی سیاسیی کورد و غەیرە کورد پێمان دەڵێ هەڵسوکەوتی دەزگای داد و ناوەندە ئەمنییەتییەکانی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ زیندانییانی سیاسی بەجۆرێک بووە کە هەمیشە کاردانەوەی توندی ڕێکخراوە جیهانییەکانی داکۆکیکەر لە مافی مرۆڤی بەدووی خۆیدا هێناوە. ئەوەی جێی سەرنجە ئەوەیە کە تێچووی چالاکی سیاسی و ئەکتیویتی لە کوردستان بۆ چالاکانی سیاسی و مەدەنی هەمیشە قورستر لە ناوچەکانی دیکەی ئێران بووە و بەو پێیەش زیندانیی سیاسیی کورد پتر لە زیندانییە سیاسییەکانی نەتەوەکانی دیکەی ئێران لەگەڵ ئازار و ئەشکەنجە و بێمافی ڕووبەڕوو بۆتەوە. لە گۆشەی "زیندان بەزێنەکانی" ئەم ژمارەیەی "کوردستان"دا باس لە ژیان و بەسەرهاتی "ئەیووب ئەسەدی"، زیندانی سیاسیی کورد دەکەین کە هەنووکە بۆ ماوەی ١١ ساڵە لە زیندانی کاشمەر لە بەندداییە.

ئەیووب ئەسەدی کە خەڵکی مەریوانە، ڕۆژی ٢٥ی جۆزەردانی ساڵی ١٣٩٠ لە نیزیکی گوندی بوڕیەر لەگەڵ هاوڕێیەکی دیکە بە ناوی "محەممەدحوسێن ڕەزایی" لەلایەن هێزەکانی حیفازەت ئیتلاعاتی سپای پاسدارانەوە دەستبەسەر کران. هێزەکانی سپای پاسداران لەکاتی دەستبەسەرکردنی ئەو دوو کەسەدا تەقەیان لێ کردن و بە پاشان بە برینداری دەسبەسەریان کردن. هەروەها وەرزێرێکی خەڵکی ئەو گوندەش کە لە نیزیکی ڕووداوەکە بوو، وەبەر ئەو دەسترێژە کەوت و دەمودەست کوژرا.

ئەیووب کە بە تۆمەتی چالاکیی سیاسی و ئەمنییەتی لەدژی ڕێژیم گیرابوو، پاش ٨ مانگ ئەشکەنجە و مانەوە لە گرتنگەکانی ئیتلاعاتی سپا لە مەریوان، ڕۆژی ١٩ ڕێبەندانی ساڵی ٩٠ بۆ زیندانی ناوەندیی سنە ڕاگوێزرا. ئەو دوای سێ جار دادگاییکرانی لە لقی یەکەمی دادگای شۆڕشی شاری سنە بە سەرۆکایەتیی قازی "بابایی"، لە ڕێکەوتی ٢٧ی خەرمانانی ساڵی ١٣٩١ تۆمەتی ئەندامەتی لە "کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی کوردستانی ئێران"ی درایە پاڵ و لەو سۆنگەیەوە سزای ٢٠ ساڵ زیندان و دوورخستنەوە بۆ زنیدانی ناوەندی شاری کاشمەری بەسەردا سەپا. ئەیووب پاش ڕاگەیاندنی ئەو حوکمە تانەی لە بڕیارەکە دا و پەروەندەکەی بە مەبەستی پێداچوونەوە بۆ دیوانی بەرزی وڵات نێردرا، بەڵام هەتا ئێستا هیچ وڵامێک بەو داوایە نەدراوەتەوە.

ئەیووب ڕۆژی ٢٨ی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٩٢ بۆ بەشی بەڕێوەچوونی ئەحکامی زیندانی ناوەندی سنە بانگ کرا و پاشان بۆ زیندانی ناوەندیی کاشمەر دوور خرایەوە. ئەو بەندییە سیاسییە کوردە لە ماوەی بەندکرانی لەو چەند ساڵەدا دۆخی تەندروستیی ناجێگیرە و تووشی کۆمەڵە نەخۆشییەکی وەکوو ئاسم، پشتئێشە و هەوکردنی ڕیخۆڵە و گورچییلە بووە. پزیشک و بەرپرسانی زیندان نایشارنەوە کە بارودۆخی سڵامەتیی ئەیووب زۆر شپرزە، بەڵام بەهۆی گوشاری ناوەندە ئەمنییەتییەکان و هەستیاریی پەروەندەکەی! ناتوانن بینێرنە نەخۆشخانەیەک لە دەرەوەی زیندان.

بنەماڵەی ئەیووب بەمەبەستی چارەسەرکردنی نەخۆشییەکانی کوڕەکەیان و ناردنی بۆ مەرەخسیی دەرمانی، لە ڕێکەوتی ٢٤ی جۆزەردانی ساڵی ١٣٩٤دا بارمتەیەکی ١٨٠ میلیۆن تمەنییان دانا، بەڵام بەو حاڵەش دادئەستێنیی کاشمەر ڕێی لە ناردنی ئەو بۆ مەرەخسی گرتبوو. ئەیووب لە کاردانەوە بەو بڕیارە و بۆ ناڕەزایەتیدەربڕین بە نەناردنی بۆ مەرخەستی و بایەخنەدانی بەرپرسانی زیندانی کاشمەر بە دۆخی ئەو ڕۆژی ١٧ی جۆزەردانی ساڵی ١٣٩٥ مانی لە خواردن گرت. دوای ٢٥ ڕۆژ دادستانی کاشمەر بۆ ئەوەی کە ئەیووب کۆتایی بە مانگرتنەکەی بێنێ، ملی بۆ ئەوە ڕاکێشا لەبری دانانی بارمتەی ٢٥٠ میلیۆن تمەن بنێردرێتە مەرەخەسی. کەچی سەرەڕای ئەوەش کە بنەماڵەی ئەیووب ئامادە بوون ئەو بڕە پووڵە دابین بکەن، کەچی دیسانەکەش بڕیارەکە بەهۆی دەستێوەردانی ناوەندە ئەمنییەتییەکان جێبەجێ نەکرا. هەر ئەوە بوو بە هۆی ئەوە کە دایکی ئەیووب لەبەر دۆخی نالەباری کووڕەکەی لە زیندان و نەناردنی بۆ مەرەخسی و قوڵبوونەوە نەخۆشییەکانی خۆی ڕانەگرێ و تووشی جەڵتەی دڵ ببێ.

گوشاری ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و تێکچوونی یەکجارەگیی دۆخی تەندروستیی ئەیووب ئەسەدی دواجار ناوەندە ئەمنییەتییەکان و بەرپرسانی زیندانی ناچار کرد کە ڕۆژی ٢٧ی ڕەشەممەی ساڵی ١٣٩٨ بۆ چارەسەری نەخۆشییەکانی بنێردرێتە مەرەخسییەکی کورت و پاش تەواوبوونی ماوە مەرەخسییەکی دیسانەکەش بەڕێی زیندان بکرێتەوە.

ئەیووب ئەسەی لە کاتێکدا خەریکی کێشانی ماوەی ٢٠ ساڵ زیندانەکەیەتی، کە پتر لە دە ساڵە داوای پێداچوونەوەی بەو حوکمە کردوە و هێشتا لەو بارەیەوە وەڵامی کۆتایی و یەکلاکەرەوەی وەرنەگرتوە.

کوردستان
ژمارە ٨٣٠
١٥ی خەرمانانی ١٤٠١ _ ٦ی سێپتامبری ٢٠٢٢

# نەخۆشی ئەگەر نەتکوژێ بەهێزترت دەکا!



برایم لاجانی

یەکگرتنەوەی ڕیزەکانی تەشکیلاتی حیزب بە سەرکەوتنێکی گەورەی کاری تەشکیلاتی و حیزبی دادەنرێ. ئەو یەکگرتنەوەیە بە هەموو لایەکی نیشانی دا سەرەڕای هەموو سەرکوت و زەبروزەنگەکان، کەندوکۆسپەکانی سەر ڕێگا و زەبرە قورسەکان، هێشتا حیزبەکەمان توانا و مایەی ئەوەی تێدایە بە ڕێگای ڕاستی خۆیدا بڕواتە پێش، توانای ئەوەی تێدایە بەسەر گیروگرفتە نێوخۆییەکاندا زاڵ بێ و ڕۆژ بەرۆژ لەباری سیاسی و فکرییەوە دەوڵەمەنتر و پوختەتر بێ.

ئەو یەکگرتنەوەیە وەڵامدانەوەیە بە بانگەوازی زەمان، بە پێداویستییەکانی ئەو هەلومەرجەی کە بزووتنەوەی میللی-دێموکراتیکی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران پێیدا تێدەپەڕێ. وەڵامدانەوەیە بەو پاڵەپەستۆ و فشارەی لەلایەن بیروڕای گشتیی خەڵکی کوردستان و جەماوەری حیزب، لە پێوەندیی دەگەڵ پەرش‌وبڵاوی ڕیزەکانی حیزب و بزووتنەوەدا خرابووە سەر حیزب بەگشتی و ڕێبەریی حیزب بەتایبەتی. ئیدی سەردەمی ئەوە بەسەرچووە تەنیا لە تاریکخانەی شانە و هەستەی حیزبی و تەشکیلاتیدا مەسەلە حیزبی و سیاسییەکان تاوتوێ بکرێن و بڕیاریان لەسەر بدرێ. حیزب و ڕێبەرایەتیەکەی ناتوانن گرنگی و بایەخ بە بیروبۆچوونی بەدەنەی حیزب نەدەن و لە بەرانبەر فشاری بیروڕای گشتیدا بێ تەفاوەت بن. سیاسەتێک، حیزبێک و ڕەوتێک کە هەست بە فشاری بیروڕای گشتی لەسەر خۆی نەکا، دەبێتە ڕەوتێکی بێ ڕەبت و جیا لە کۆمەڵانی خەڵک.

یەکگرتنەوە ئاکامی بیرکردنەوەیەکی دوور و درێژە. ئاکامی بیرکردنەوەی ڕێبەری و بەدەنەی حیزبە و ئاکامی خۆهەڵسەنگاندنەوەی ڕێبەری و حیزبە بەگشتی؛ بۆیە ئەو یەکگرتنەوەیە دەسکەوتێکی گەورەی سیاسی و تەشکیلاتیمانە و یەکگرتنەوەی حیزبەکەمان، بزووتنەوەکەشمان بەهێزتر دەکا. هەربۆیە کارێکی دروستە، بەڵام دەبێ لە دەسکەوتێکی تەشکیلاتییەوە بیکەینە سەرکەوتنێکی سیاسی و میللی و نەتەوەییش.

دەکرێ و ڕەوایە ڕەخنە لە حیزب و ڕێبەریی خۆمان بگرین، بەڵام قەت نابێ وێنە گەورەکە ون کەین. واتە دەبێ هەمیشە ئامانجە بنەڕەتییەکانی میللەتەکەمان لەبەرچاو بێ و بەدوای وەدیهێنانی ئەوانەوە بین. ئەگەر خۆمان بەرانبەر خۆمان نەوەستین و وزەکانمان بەفیڕۆ نەدەین، زوو دەتوانین لە ڕەوتی خەباتدا کەموکوڕییەکانمان چارەسەر بکەین. ئەوەندە بەسە تەماشای میللەتەکەمان بکەین و بزانین ئەوان لە چ هەلومەرجێکدا خەبات دەبەنە پێش. ئەگەر ئیلهام لەوان واتە لە میللەتەکەمان وەرگرین، بەسەر کەموکوڕییەکانی خۆشماندا زاڵ بین. ئەوە ئەو دەرسەیە کە یەکگرتنەوە فێری کردین.

لەو چەند ساڵەی دواییدا گەلێک ئاڵوگۆڕی گەورەی سیاسی و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی لە ناوچەکە و لە کوردستاندا ڕوویان داوە. ئەو ئاڵوگۆڕانە کاریگەریی خۆیان لەسەر حیزب و تەشکیلاتەکەی هەبووە، شوێنەواریان لەسەر سیاسەتی کوردی و حیزبی کوردیش هەبووە. ئێستا ئەگەر لەخۆمانی نەگۆڕین هەموو تێگەیوین کە سیاسەت و حیزبایەتیش لە کوردستان پێویستی بە سەرلەنوێ خوێندنەوە و، میتۆد و بیرکردنەوەی نوێ هەیە. حیزبی دێموکڕات حیزبێکی جەماوەرییە. حیزبێکیش کە ناسنامەیەکی جەماوەریی هەیە، هەمیشە هەر جەماوەری دەمێنێتەوە. ئەگەر ئەو یەکگرتنەوەیە نیشانەی پوختەبوونی حیزب بەگشتییە، نیشانەی پوختەبوونی ڕێبەریی حیزبیشە. بە جۆرێک کە ئەو ڕێبەرییەی ئێستا بۆخۆی بۆتە ئاڵاهەڵگری ئەو سالمسازییە لە حیزبی ئێمەدا. ئەگەر ئەو یەکگرتنەوەیە ئاکامی بە سەرنجام گەیشتنی دیالۆگی دەستەجەمعی و بەکۆمەڵی نێو ڕیزەکانی تەشکیلاتی حیزبە، دەبێ بزانین کە ڕێبەریمان بۆخۆی ڕاهێنەر و مامۆستای ئەو وەرزشە دەستەجەمعییەمان بووە.

هەموو تێگەیوین کە سودێک لە جێگۆڕکێی ئیلیتی حیزبی و تەشکیلاتیدا نییە. دەبێ ئاڵوگۆڕ لە مەتن و زەمینە و میتۆدەکانی کاری سیاسی و حیزبیماندا پێک بێت. ئەگەر بتوانین ئەو دەرسە چاک فێربین، خزمەتێکی زۆرمان بە حیزب و تەشکیلاتی حیزب کردوە. ئەو یەکگرتنەوەیە لاپەڕەی زێڕینی کاری حیزبی و تەشکیلاتی ئەو چەند ساڵانەی دواییمانە.

ئایندەی خەباتی ئێمە و حیزب و بزووتنەوەی ئێمە زۆر ڕوونە، ئەو یەکگرتنەوە سەرەتای چوونەدەری ئێمەیە لەو تووونێڵەی تێی کەوتبووین. ئەو قسانەم لە ئارەزووپەروەرییەوە سەرچاوە ناگرن، لە خۆشبینیشەوە نایەن کە مەرجی بنەڕەتی کاری سیاسی و حیزبیین. بەڵکوو لەو ڕاستییەوە سەرچاوە دەگرن کە بە میلیۆن کەس گوێ لە پەیام و قسەی حیزبی ئێمە دەگرن، بچووکترین دەرفەت بێتە پێش نەک هەر لە کوردستان، بەڵکوو لە سەرتاسەری ئێرانیشدا بە هاودەنگی دەگەڵ هێزە کوردستانییەکانی دیکە، هێزی هەرە کاریگەر و پارامیتری هەرەجدین لەسەر وەزعی سیاسی ئێران و ناوچەکە. مەیدانێکی گەورە بۆ هەموو ئەوانەی دەیانەوێ خزمەت بە حیزب و ئامانجەکانی بزووتنەوە بکەن هاتۆتە پێشێ، ئەو یەکگرتنەوەیە مەیدانەکە لەوەش گەورەتر دەکا، بۆ زۆربەمان مەیدان هەر لە ئێستاوە گەورەتر بووە. ئەوە ئێمەین دەبێ بگەینە ئاستی ئەو مەیدانە تا بتوانین یاریی تێدا بکەین. با خۆمان هەڵکێشینە ئاستی ئەو بەرپرسایەتییەی ئەو یەکگرتنەوە دەیخاتە سەرشانمان.

دواقسە: ئەو یەکگرتنەوە ناتوانێ هەموو گیروگرفتەکانمان چارەسەر بکا، بەڵام دەتوانێ دەرفەتی زیاتر بۆ دیتنی کەموکوڕییەکانمان و بەڕەسمییەت‌ناسینی کێشەکانمان پێک بێنێ. ئەوەش تووشی چەلێنجی تازە و نوێمان دەکا و شانسی زیاتر بۆ گەشە و پوختەبوون و هەڵدان و گەورەبوونی زۆرتری حیزبەکەمان پێک دێنێ. ئامانجی تەکامول گەشە و ئاڵوگۆڕ و هەڵدانی زۆرترە. حیزبی ئێمە لە ڕەوتی ژیان و خەباتی خۆیدا هەروا هاتوە و گەورەتر و بەهێزتر بووە. لە داهاتووشدا هەر وا دەبێ. نەخۆشییەک ئەگەر نەتکوژێ بەهێزترت دەکا. بۆیە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەو ئەزموونە سەختەدا ئێستا لە هەمیشە بەهێزتر هاتۆتەدەر و بەهێزتریش لە مەیدانی خەباتدا دەڕواتە پێش. با هەرکاممان تێبکۆشین بە مایەدانان لە خۆمان و تواناکانمان کۆمەگ بە چوونەپێشی حیزبەکەمان بکەین و لەو ڕێگایەوە خۆشمان بەرەو بەرزی و گەورەیی هەڵکشێین.

# بۆ دێموکرات و قەڵاخۆڕاگرەکەی



ڕەزا دانشجوو

**پێشەکی**

تێرۆر و تێرۆریزم وشەگەلێکن کە لەگەڵ بوونی کۆماری ئیسلامی وەک پێناسەیەک بە ناوی ئەو ڕێژیمەوە گرێ دراون و هەموو کاتێک ئامرازێکی جێگرەوەی دەستی دەسەڵاتی جینایەتکاری ئاخوندی بوون.

مێژووی تێرۆر و تێرۆریزم لە قوتابخانەی بیری کۆماری ئیسلامیدا دەگەڕێتەوە بۆ تەنانەت پێش دامەزراندنی حکوومەتی ولایەتی فەقیهـ وسەردەمی ڕێژیمی پەهلەوی. ئەمە لە بیرەوەرییەکانی ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی بۆ وێنە هاشمی ڕەفسەنجانی، موحسین ڕەزایی و هتددا بەڕوونی دەبینرێ. تێپەڕبوونی کات دەریخست بۆ حکوومەتێک کە لە زمانی دیالۆگ تێناگا و هیچ گرینگیی پێ نادا، ئەمە تاکە ئامرازە بۆ مانەوە لە دەسەڵات.

لە ماوەی چوار دەیە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا، ڕێژیم هەر ڕۆژ فۆرمێکی نوێی تێرۆری لە جیهاندا پیشان داوە. هەناردەکردنی سەدان تێرۆریست بۆ سەراسەری جیهان تا دەگاتە دروستکردنی دەیان گرووپی تێرۆریستیی بەوەکالەت، بەشێکن لە پلانی گەشەپێدانی تۆڕی تێرۆریزمی جیهانیی کۆماری ئیسلامی. تۆڕێک کە یەک لەدوای یەک سنوورە جوغرافییەکانی بەزاندوە و لە دووریی هەزاران کیلۆمەتر گەیشتووەتە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. کۆماری ئیسلامیی ئێران لە هیچ شتێکدا سەرکەوتوو نەبووبێ، بەڕاستی لە پەرەسەندن و گەورەکردنەوەی تۆڕی تێرۆریستی و هەناردەی تێرۆریستەکانی بۆ چوارقوژبنی جیهان هەڵسوکەوتێکی بێوێنەی هەبووە!

بە چاوخشاندن بە هەندێک هەواڵی ئەم دواییانە تەنیا لە ئەمریکا، ئەویش لە چەند مانگی ڕابردوودا بۆمان دەردەکەوێ کە تێرۆر و تێرۆریزم لە ڕێژیمی ویلایەتی فەقیهـ چ جێگەوپێگەیەکی هەیە.

**- هەوڵی ڕفاندنی مەسیح عەلی‌نژاد:** وەزارەتی دادی ئەمریکا لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند کە دەزگای هەواڵگریی ئێران هەوڵی ڕفاندنی ڕۆژنامەنووس و چالاکێکی مافی مرۆڤی لە نیویۆرک داوە. لە بەیاننامەی وەزارەتی دادی ئەمەریکادا ناوی ئەم ڕۆژنامەنووسە ڕانەگەیەندراوە، بەڵام مەسیح عەلی‌نژاد لە چاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ "ڕادیۆ فەردا" پشتڕاستی کردەوە کە ئامانجی ئەم هەوڵە ڕفاندنە بووە. دادگای فیدراڵی ئەمریکا لە نیویۆرک چوار هاووڵاتیی ئێرانی بە پیلانگێڕی بۆ ڕفاندنی ئەم ڕۆژنامەنووس و چالاکەی مافی مرۆڤ و پێشێلکردنی سزاکان و ساختەکاری لە بانکەکان و سپیکردنەوەی پارە تۆمەتبار کرد. دوای چەند کاتژمێرێک لە بڵاوبوونەوەی ئەم هەواڵە، "مەسیح عەلی‌نژاد" لە پەیامێکی تویتەریدا سوپاسی پۆلیسی فیدراڵی ئەمریکای کرد کە پیلانی ڕفاندنی ئەویان پووچەڵ کردەوە.

**- هەوڵی کوشتنی هەمان ڕۆژنامەنووس:** بەپێی ڕاپۆرتی پۆلیسی فیدراڵی ئەمەریکا (FBI) کەسێک لە دەرەوەی ماڵی "مەسیح عەلی‌نژاد" لە شاری بروکلینی ویلایەتی نیویۆرک قۆڵبەست کراوە کە کلاشینکۆفێکی پێ بووە. سەرچاوەکان و بەڵگەنامەکانی تۆمەتبارکردنی پۆلیسی فیدراڵی ئەمریکا دەری دەخەن کە "خالد مێهدییێڤ"، تەمەن ٢٣ ساڵ بە تفەنگێکی جۆری کلاشینکۆف و زیاتر لە هەزار دۆلار دەستبەسەر کراوە. ئەم چەکە توانایەکی بەرزی هەیە بۆ شەڕی چەکداری. بەپێی زانیارییەکان "خالد مێهدیۆڤ" هاووڵاتیی کۆماری ئازەربایجانە و ئەندامی تیمی میلیی جودۆی ئەم وڵاتە بووە.

**- هەوڵی کوشتنی "سەلمان ڕوشدی":** ئەو کەسەی هێرشی کردە سەر سەلمان ڕوشدی و بە چەقۆ بەربووە گیانی، چووە بەردەم دادگا. ناوبراو ڕایگەیاندوە کە "بێتاوانە" و بەبێ کەفالەت لە گرتنگەی پۆلیسدا دەمێنێتەوە. "هادی مەتەر"، تەمەن ٢٤ ساڵ، تۆمەتبارە بە ڕاکردن بۆ سەر شانۆ و بەلانی کەمەوە ١٠ چەقۆی لە دەم و مل و سکی "سەلمان ڕوشدی" داوە. کەناڵی "ئێن بی سی نیوز"ی ئەمریکی بڵاوی کردەوە، پشکنینی نێوەڕۆکی هەژماری بەکارهێنەرانی "هادی مەتەر" لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەری‌دەخا کە ئەو لایەنگری سپای پاسدارانی ئینقلابی ئیسلامی بووە. ئەو بڵاوکراوە ئەمریکاییە دەڵێ تا ئێستاش ڕوون نییە کە ئایا ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ پێوەندیی بە سپای پاسدارانەوە هەبووە یان نا، بەڵام ئەوانەی تۆزێک کۆماری ئیسلامی بزانن هەتا ئەوسەری چیرۆکەکەیان خوێندۆتەوە.

- هەوڵی کوشتنی "جان بۆڵتۆن": وەزارەتی دادی ئەمریکا ڕایگەیاند کە ئەندامێکی سوپای پاسدارانی ئێران بە تۆمەتی هەوڵدان بۆ تێرۆرکردنی جان بۆڵتۆن، ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتمانیی ئەمریکا لە سەردەمی سەرۆکایەتیی "دۆناڵد ترەمپ"دا تۆمەتبار کراوە. بەگوێرەی ڕاگەیاندنی وەزارەتەکە، "شەهرام پوورسەفی" ناسراو بە "مێهدی ڕەزایی"، تەمەن ٤٥ ساڵ تۆمەتبارە بە پێشنیاری پێدانی ٣٠٠ هەزار دۆلار بە ئەو کەسانەی کە "جان بۆڵتۆن" بکوژن. دەسەڵاتدارانی ئەمریکا لەلایەن ئەو کەسەوە لەم پیلانە ئاگادار کرانەوە کە" شەهرام پوورسەفی" بۆ تێرۆرکردنی "جان بۆڵتۆن"ی دەستنیشان کردبوو. تا ئێستا ناسنامەی ئەم کەسە ئاشکرا نەکراوە. لەم ڕاپۆرتەدا ئاماژە بەوە کراوە کە وێدەچێ کوشتنی بۆڵتون لەبری هێرشەکەی ئەمریکا کو کوژرانی "قاسم سولەیمانی"، فەرماندەی پێشووی سوپای قودسی ئێرانی لێ کەوتەوە، پاڵنەری هەوڵدان بۆ ئەو کردەوە تێرۆریستییە بووە. "قاسم سولەیمانی" لە ئاکامی هێرشێکی سوپای ئەمریکادا کوژرا کە لە مانگی یەکی ساڵی ٢٠٢٠ و بە فەرمانی" دۆناڵد ترەمپ، سەرۆک‌کۆماری ئەوکاتی ئەمریکا لە بەغدای پایەتەختی عێراق کرایە سەر ناوبراو.

ئەمانە تەنها بەشێکن لە چالاکییە تێرۆریستییەکانی کۆماری ئیسلامی لە دووریی هەزاران کیلۆمەتر لە ناخی ئەمریکا کە گەورەترین دەسەڵاتی سیاسی و سەربازیی جیهانە بە ئامێرە سیخوڕییە فراوان و درێژەکانییەوە! دیارە ئەمانە تەنیا ئەو جۆرە کردەوە تێرۆریستییانەن کە لەلایەن ناوەندە ئیتلاعاتییەکانی ئەمریکاوە دۆزراونەتەوە و، بە دڵنیاییەوە ڕادەی چالاکییە تێرۆریستییەکانی کۆماری ئیسلامی لەو وڵاتە زۆر لەوە زیاترن.

**دێموکرات و قەڵا خۆڕاگرەکەی**

هەواڵنێری تۆڕی مێدیایی "ڕووداو" لە کاک مستەفا هێجری، بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەپرسێ: دوای یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکرات، ترستان لەوە نییە کە کردەوە تێرۆریستییەکانی کۆماری ئیسلامی لە دژی ئێوە زیاتر بێ؟ دوای بێدەنگییەکی کورت، کاک مستەفا هیجری وەڵامی دەداتەوە: "جا بۆ هیچ شتێک ماوە کە کۆماری ئیسلامی بەرامبەرمان نەیکردبێ و نەیکات؟!"

بەڕاستی چ شتێک ماوە کە کۆماری ئیسلامی دژ بە حیزبی دێموکرات نەیکردبێت؟ هەر لەو کاتەوە کە لە وەڵامی نامەکەی دوکتور قاسملوو بۆ هەوڵی دامەزراندنی دیالۆگ لەگەڵ کۆماری ئیسلامی و دۆزینەوەی چارەسەری ئاشتییانە بۆ پرسی کورد لە ئێران، بەکرێگیراوانی کۆماری ئیسلامی شەڕیان دژ بە خەڵکی کوردوستان ڕاگەیاند و ڕۆژهەڵاتیان داگیرکرد و هەزاران کەسیان کوشت و بێسەروشوێن کرد، هەتا ئەمڕۆ "پێڵاوەکانیان دانەکەندوە" و ئامادەن هەموو دەم و ساتێ هێرش بکەنە سەر گەلی کورد و حیزبی دێموکرات. دوای هێرشی سەربازی و شەڕی نایەکسانی لەگەڵ گەلی کورد، کاتێک حیزبی دێموکرات بۆ پاراستنی گەل، ناچار چیاکانی هەڵبژارد تا کۆچی زۆرەملێ بۆ باشوور، هەمیشە و هەمووکات حیزبی دێموکرات کەوتووەتە بەر پەلامارە تێرۆریستییەکانی کۆماری ئیسلامی و شەڕێکی نەخوازراو. لە تێرۆری ترسنۆکانەی دوکتور قاسملوو و دوکتور شەرەفکەندییەوە تا تێرۆرکردنی سەدان فەرماندە و تەنانەت ئەندامی ئاسایی حیزب لە سەرانسەری جیهاندا، لە چەند قۆناغێکی دەستدرێژی‌کردنە سەر خاکی باشوورەوە بۆ داگیرکردنی ئۆردوگاکانی حیزبی دێموکرات هەتا مووشەکبارانی بارەگاکانی حیزب، لە دەیان جار بۆمبدانانەوە تا ناردنی سیخوڕ و جاسووس، لە دەیان حاڵەتی تۆپباران لەسەر گوندەکان و شاخەکان تا گوشار بۆ سەر گوندنشینان و دانیشتووان بە مەبەستی هاوکاری‌نەکردنی حیزبی دێموکرات، لە ڕاوێژ لەگەڵ حکوومەتی عێراق و تورکیە تا گوشارەکان بۆ سەر حیزبەکانی هەرێمی کوردستان بە مەبەستی ڕەخساندنی کەشێکی نائەمن بۆ حیزبی دێموکرات و... ئەوانە تەنیا بەشێکن لە کارەکانی کۆماری ئیسلامی لەدژی حیزبی دێموکرات بۆ لەنێوبردن و ناچار بە تەسلیم کردنی ئەم حیزبە. بەڵام دەستکەوتی کۆماری ئیسلامی لەم هەموو گوشار و تێرۆر و بۆمباران و دەستدرێژی و هێرشی سەربازی چی بووە؟ هیچ، هەر بەڕاستی هیچ!

ئێستا حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە کاتێکدا یادی ٧٧هەمین ساڵیادی دامەزراندنی خۆی دەکاتەوە کە بە یەکخستنەوەی ڕیزەکانی دوای ١٦ ساڵ، ڕێبازێکی نوێی خەباتی دژی کۆماری ئیسلامیی دەست پێ کردۆتەوە. حیزبێکی تۆکمە و یەکگرتوو کە بەڵێنی ئەوە دەدا کە ئۆپۆزسیۆنێکی کاریگەر بێت لە دژی ڕێژیم نەک هەر لە کوردستان بەڵکوو لە ئاستی ئێرانیشدا.

کەواتە ،با هەستینە سەرپێ بۆ ڕێزلێنان لەحیزبی دێموکرات و زیاتر لە حەوت دەیە خەباتی سیاسی پڕ لە شانازی بۆ گەیشتن بە مافی ڕەوای خەڵکی ڕۆژهەڵات، با هەستینە سەر پێ بۆ ڕێزلێنان لە قەڵای زاڵنەکراوی دێموکرات کە لەژێر ئەو هەموو گوشار و پەلامارانەدا هیچکات کڕنۆشی نەبرد، درزی نەدا و، هەر جارێک بەهێزتر لە جاران درێژەی بە خەباتی خۆی دا.

بەڵێ با هەستینە سەر پێ بۆ ڕێزلێنان لە حیزبی دێموکرات و قەڵا سەربەرزەکەی کە لە ماوەی ساڵانی خەباتی بێوچاندا هەرگیز تەسلیمی ستەمکار نەبوو و خۆی بەدەستەوە نەدا. با هەستینە سەر پێ بۆ شەرەفی حیزبی دێموکرات و قەڵا سەربەرزەکەی، کە لە ساڵانی ژیانی سیاسی و لەژێر توندترین گوشارەکاندا، هەرگیز نەچووە ژێر چەتری هیچ حکوومەتێکی داگیرکەر. برسێتی و توونیەتیی چاشت، بەڵام دەستی بۆ لای هیچ کەس درێژ نەکرد و نەچووە سەر خوانی خەیانەت. با هەستینە سەر پێ بۆ ڕێزلێنان لە حیزبی دێموکرات، قەڵای خۆڕاگری نەتەوەی کورد کە سەرەڕای هەموو ڕووداو و لێکترازانە ناخۆشەکان، هەرگیز دیالۆگ و زمانی گفتوگۆی لەبیر نەکرد و بە دێموکرات و دێموکراسیەوە پابەند مایەوە. تاڵی و ناخۆشیی دابرانی دیت، بەڵام لە دەروونیدا تامەزرۆی دووبارە دیتنی براکەی و لەئامێزگرتنی مایەوە.

با هەستینە سەرپێ بۆ ڕێزلێنان لە دێموکرات و قەڵای دڵەکان کە شاهیدی شەهیدبوونی تاقمێک لە خۆشەویسترین ئازیزەکانی بوو، بەڵام تازیەی نەگێڕا، چۆکی دانەدا، جل و بەرگی ماتەمینی لەبەر نەکرد و هەر جار حەماسە و گۆرانییەکی نوێی گوتەوە و دوژمنەکانی پتر شەرمەزار، ڕیسوا و تووشی سەرسووڕمان کرد.



# بایدن نەدەبوو لە ڕێککەوتنی ناوکیدا کۆمارییەکان پاشگوێ بخا

**واشینگتۆن پۆست-بابی گۆش**



و: کەماڵ حەسەنپوور

لە بەهاری ٢٠١٥، لە جەنگەی بڵاوبوونەوەی ڕاپۆرتەکان کە وڵاتە یەکگرتووەکان و زلهێزانی دیکەی دنیا خەریکە دەگەڵ ئێران پەیماننامەیەکی ناوکی واژۆ بکەن، تاقمێکی ٤٧ کەسی لە سێناتۆرە کۆماریخوازەکان نامەیەکی سەرئاوالایان واژۆ کرد کە بەناو بۆ ڕێژیمی تاران بوو، بەڵام مەبەست سەرکۆمار باراک ئۆباما بوو. پەیامی ئەوان: بەرجام -کە ناوی ڕێککەوتنەکەیە- لە ماوەیەکی نە زۆر دووردا بایەخی ئەو کاغەزەی نابێ لەسەری نووسراوە.

نامەکە، سەناتۆر تام کاتن نوێنەری ئارکانزا و میچ مەک-کانڵ، کە ئەوکاتی سەرۆکی زۆرینە بوو، تێیدا نووسرابوو: [ئێمە] هەر چەشنە ڕێککەوتنێکی پەیوەندیدار بە بەرنامەی ناوکیی ئێوە کە لەلایەن کۆنگرەوە پەسەند نەکرابێ، شتێکی زیاتر لە ڕێککەوتنێکی جێبەجێکار لەنێوان سەرکۆمار ئۆباما و ئایەتوڵڵا خامنەیی سەیر ناکەین. سەرکۆماری داهاتوو دەتوانێ ڕێککەوتنێکی جێبەجێکاری ئەوتۆ لە چاوتروووکانێکدا هەڵوەشێنێ و کۆنگرەی داهاتوو دەتوانێ هەرکات بیهەوێ، مەرجەکانی ڕێککەوتنەکە بگۆڕێ."

ئۆباما ئەو وریاکردنەوەی پاشگوێ خست و ڕێککەوتنەکەی جێبەجێ کرد، بەڵام سێناتۆرەکان ڕاستیان دەکرد: سێ ساڵ دواتر سەرکۆمار دۆناڵد ترامپ وڵاتە یەکگرتووەکانی لەبەر ئەو هۆیە کە بەگوێرەی پێویست نەیتوانیوە پێش بە دەستڕاگەیشتنی ئێران بە چەکی ناوکی یان پێش بە چالاکییە ناسەقامگیرکەرەکانی لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست بگرێ، لە ڕێککەوتنەکە کشاندەوە. پاشان ناوبراو ئابلۆقەی ئابووریی بەسەر ئێراندا سەپاند.

ڕێبەرانی ئێران، دەگەڵ واژۆکەرانی دیکەی ڕێککەوتنەکە و کاربەدەستانی پێشووی بەڕێوەبەرایەتیی ئۆباما، گوتیان لە کشانەوەی یەکلایەنانەی ترامپ پەشۆکاو و ناڕازین. بەڵام ئەوان هۆشدارییان پێ درابوو.

ڕەنگبێ کاتی نامەیەکی دیکە هاتبێ. بەڕێوەبەرایەتیی بایدن ڕایگەیاندووە لە بڕگە کۆتاییەکانی کەمپەینێکی درێژمەودا بۆ ژیاندنەوەی ڕێککەوتنەکەدایە. کاربەدەستان لە واشینگتۆن دەڵێن ئێران وەڵامی داخوازییە سەرەکییەکانی پەسند کردوە کە بۆ وڵاتە یەکگرتووەکان جێگای پەسەند نەبوون. تاران بانگەشە دەکات کە وڵاتە یەکگرتووەکان پاشەکشەی کردوە. وێدەچی هەردوو لا گوێگرە نێوخۆییەکانیان بۆ ڕاگەیاندنێک بەمزووانە ئامادە بکەن.

ژیاندنەوەی ڕێککەوتنەکە هاوکات دەبێ دەگەڵ هەڵگرتنی ئابلۆقەکان، ڕێگا بۆ دەستڕاگەیشتنی ئێران بە پارەی دەستبەسەرداگیراو خۆش دەکات و داهاتی نوێ بە هەناردەکردنی نەوت و کاڵای دیکە دەگاتە دەستی ڕێژیم کە بە میلیاردها دۆلار مەزەندە دەکرێ. لە کاتێکدا کە تاران بەڵێنی سڕکردنی پیتاندنی ئۆرانیۆم بۆ ماوەی چەند ساڵ دەدا، دەستی ئاواڵا دەبێ بودجەی سەربازیی بەرز بکاتەوە، بە تایبەتی بۆ گەشەپێدانی بەرنامەی مووشەکی و فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان کە بۆ جاڕز کردنی دراوسێکان و هێڵە ژینەکییە نێونەتەوەییە دەریاییەکان کەڵکیان لێ وەردەگرێ. ڕایەڵەی میلیشیای شیعە و تێرۆریستان کە بە ناوچەدا بڵاو بوونەوە، لە نێویاندا حیزبوڵڵا و حەماس، وەک ڕابردوو، گیرفانەکانیان پڕ دەبنەوە لە دراو.

وەک ئۆبامای ٢٠١٥، بایدن پەیتا پەیتا داواکانی دوو حیزبەکانی کۆنگرە بۆ ئەوەی پێش گەیشتن بە هەر جۆرە ڕێککەوتنێک و هەڵگیرانی ئابلۆقەکان ڕاوێژیان دەگەڵ بکرێ، پاشگوێ خستوە. کاربەدەستانی بەڕێوەبەرایەتییەکە هەر جۆرە بەرهەڵستکارییەکی واشینگتۆن دژی ژیاندنەوەی ڕێککەوتنەکە، وەک هەوڵێک کە پاڵنەرەکەی سیاسەتی بچووکە نەوەک پرەنسیپ، ڕەت کردۆتەوە.

ئەوە هەمان هەڵوێستە کە بەڕێوەبەرایەتیی ئۆباما لە وەڵامی نامەی کاتن و مەک-کانڵ لە ٢٠١٥ گرتبوویە بەر. لە کەشوهەوای فرەسیاسیی واشینگتۆندا، پەرچەکرداری ئەوان لەلایەن کۆشکی سپی و دێموکراتەکانەوە ئیدانە کرا و لە شەبەنگی شەرمەزاریدا لە شوێنێکی نێوان بێڕێزیی بە پاشا و خەیانەتێکی ڕاشکاوانە ئەژمار کرا. ئەوان گوتیان، کۆمارییەکان بە ئەتک ئەوکارە دەکەن و هەوڵ دەدەن پێش بە سەرکەوتنێکی زەبەلاحی سیاسەتی دەرەوەی سەرکۆمار ئۆباما بگرن. بایدن، کە ئەوکات جێگری سەرکۆمار بوو، ڕایگەیاند، نامەکە "لەژێر کەرامەتی دامەزراوەیەکە کە ڕێزم بۆی هەیە."

حاشای لێ ناکرێ کە کۆماریخوازەکان حەولی خۆیان دا پێش هەرجۆرە دەستپێشخەرییەکی ئۆباما بگرن، بەڵام ڕەخنەگرانی نامەکەی کاتن-مەک-کانڵ گەرینگترین خاڵەکەیان لەبەر چاو نەگرت: سەرکۆمار خەریک بوو ئەمریکا پابەندی خاوەن دەرەنجامترین سیاسەتی دەرەوەی خۆی بۆ ماوەی دەیان ساڵ بکات، بێ ئەوەی ڕاوێژ دەگەڵ دامەزراوەیەک بکات کە بایدن بانگەشەی دەکرد هێندە بەرز دەینرخێنێ.

ئێستا وا وێدەچێ بایدن خەریکی دووپاتکردنەوەی هەمان هەڵە بێ. هەمدیسان، کۆمارییەکان داوا دەکەن کە کۆنگرە ڕێگای پێ بدرێ قسەی خۆی لەو بوارەدا بکات پێش ئەوەی کۆشکی سپی کەڵک لە دەسەڵاتی جێبەجێکاری خۆی وەرگرێ. مایکڵ مەک-کاڵ، ئەندامی پلەبەرزی کۆماریی لە کۆمیتەی سیاسەتی دەرەوەی کۆنگرەدا، نامەیەکی بۆ بایدن نووسیوە و تێیدا دەڵێ دەبێ ڕێگا بە کۆنگرە بدرێ پێداچوونەوە بە مەرجەکانی گەڕانەوەی ئەمریکا بۆ ڕێککەوتنەکە بکات.

وێناچێ مەک-کاڵ بتوانێ بایدن ڕازی بکات. لە ڕوانگەی سەرکۆمارەوە، زیندووکردنەوەی بەرجام ئامانجی سەرەکی سیاسەتی دەرەوەیە، بۆیە ئاکاری بێسەرەنج و دوژمنکارانەی ئێران تەحەممول دەکات، لە نێویاندا پیلانی کوشتنی کاربەدەستانی پلەبەرزی بەڕێوەبەرایەتیی ترامپ لە خاکی ئەمریکادا، چونکە دەیهەوێ ڕێککەوتنەکە زیندوو بکاتەوە.

بەڵام بێتوو کۆنگرە نەتوانێ پێش بە بایدن بگری تا ڕێککەوتن بکات، دەتوانێ وەبیری سەرجەم لایەنەکان بێنێتەوە کە بێ پەسەندکردنی یاسایی، ئەو کارە چەندە بێ سوودە. هەر وەک کاتن-مەک-کانڵ لە نامەکەیاندا ئاماژەیان پێ کردوە، تەنیا پێویست بە "هێڵێکی نووکی پێنووس" لە لایەن سەرکۆماری کۆماریی دەکات تا بەرجام بکاتە نامەیەکی بێکەڵک.

ئێرانییەکان بە ئەزموونی تاڵیان ئەوە دەزانن. لێکدانەوەی تاران ئەوەیە بێتوو ئەوان ئابلۆقەکەنیان تەنانەت بۆ دوو ساڵیش، پێش ئەوەی کۆمارییەکان شانسی گەڕانەوە بۆ کۆشکی سپیان هەبێ، لەسەر هەڵبگیرێ؛ ئەوان دەتوانن سندووقی دراوەکانیان بە دەیان میلیارد دۆلار پڕ بکەنەوە. بەڵام بێتوو پێشبینییەکانی سەرکەوتنی کۆمارییەکان لە هەڵبژاردنەکانی مانگی نۆڤەمبەردا وەڕاست بگەڕێن، حیزبەکە دەتوانێ کەڵک لە دەسەڵاتی لە کۆنگرەدا وەرگرێ تا هەڵگیرانی ئابلۆقەکانی هێشتا ماون هێواشتر بکات و تەنانەت هێندێک ئابلۆقەی نوێش وەک وەڵام بە چالاکییەکانی ئێرانییەکان بسەپێنێ کە بایدن لە سزادانیان دوودڵ بوو، بۆ وێنە پیلانەکانی کوشتن لە ئەمریکا.

ئێشتا گەیاندنی ئەو پەیامە، شاگەشگەیی کۆمپانیاکانی کە ڕەنگبێ بەتەما بن مامەڵە دەگەڵ ئێران بکەن، دەنیشێنێتەوە. و دەتوانێ کەمێک دڵنیایی بداتە دۆستانی ئەمریکا لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست کە ئێران دەستی بۆ تەنگەپێهەڵچنینی ئەوان ئاواڵا نابێ.

# بەرەوپیلی هەواڵی یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکرات

دوای ڕاگەیاندنی هەواڵی یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکرات شەپۆلێکی بەرین لە پەیامی پیرۆزبایی و پێخۆشبوونی حیزب و لایەنە سیاسییەکان، ڕێکخراوە مەدەنی و کۆمەڵایەتییەکان و کەسایەتییە ئاکادیمی و ئەدەبی و هونەرییەکان لە هەر چوار پارچەی کوردستانەوە بۆ ڕێبەریی حیزبی دێموکرات وەڕێ کەوت. "کوردستان" ڕیزێک لە ناوی ئەو حیزب و لایەن و کەسایەتییانە بۆ خوێنەرانی دەخاتە بەرچاو:

**ڕۆژهەڵاتی کوردستان:**

کومیتەی ناوەندیی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان، کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران، یەکیەتیی دێموکراتی کوردستان، سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران، بزووتنەوەی کۆماریخوازانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، پارتی سەربەخۆیی کوردستان، هاوپەیمانی سەربەخۆییخوازانی کوردستان.

**باشووری کوردستان:**

بزووتنەوەی گۆڕان، یەکیەتیی نەتەوەیی دێموکراتی کوردستان (YNDK)، مەکتەبی سیاسیی حیزبی شیوعیی کوردستان، بزووتنەوەی دێموکراتی گەلی کوردستان، بزووتنەوەی ڕزگاریی کوردستان، مەکتەبی سیاسیی حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان، ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی سەربەستیی کوردستان، پارتی کرێکاران و ڕەنجدەرانی کوردستان، حیزبی پێشکەوتنخوازی دێموکراتی کوردستان.

**باکوور و ڕۆژئاوای کوردستان:**

تەڤگەری چاکسازی کوردی لە سووریە، پارتی یەکیەتیی دێموکراتی کوردستان، پارتی دێموکراتی کوردستان-سووریە (ئەلپارتی)، پارتیا یەکیەتیا دێموکراتا کورد لە سووریە، پارتی چەپی کوردستانی سووریە، بزووتنەوەی چاکسازیی کورد لە سووریە، حیزبی دێموکراتی پێشکەوتنخوازی کوردی لە سووریە، پارتیا سۆسیالیستا کوردستان، شەپێلا ئازادیا کوردستانا، "تیار مستقبل کردستان سوریا"، پارتی دێموکراتی کوردستانی تورکیە، TDK-TE-VGER.

**حیزب و لایەنە ئێرانییەکان:**

کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فێدراڵ، شوڕای دێموکراسیخوازانی ئێران، هەمبەستەگی بۆ ئازادی و بەرابەری لە ئێران، ڕێکخراوی مجاهیدینی خەڵق، هەیئەتی سیاسی_بەڕێوەبەریی ڕێکخراوی فیداییانی خەڵقی ئێران (ئەکسەرییەت)، حیزبی خەڵکی بەلووچستان، بەرەی یەکگرتووی بەلووچستانی ئێران، شوڕای میللیی تەسمیم، هەیئەتی سیاسی-بەڕێوەبەریی حیزبی چەپی ئێران (فیداییانی خەڵق)، حیزبی هەمبەستەگی میلیی بەلوچستان، نەهادی هەمبەستەگیی میللی بۆ بەرابەری و ئازادی لە ئێران، شوڕای ناوەندیی حیزبی دێموکراتی ئێران.

**کەسایەتییە سیاسی و ئاکادیمی و ڕووناکبیرییەکان:**

نوێنەرانی حیزب و ڕێکخراوە سیاسی و مەدەنییەکان و ئیدارە و بەڕێوەبەرایەتییەکانی شاری کۆیە، شاناز ئیبراهیم ئەحمەد، لاهور شێخجەنگی، محەممەد ئەمین پێنجوێنی، شۆڕش حاجی (گۆڕان)، جەماڵ ساڵح سلێمان (سەرۆکی گشتیی عەشیرەتی قوبادی)، د. کامران ئەمین ئاوە، کەماڵ شەرەف، عەتا سەراوی، محمود بشیری الکعبی، مامۆستا ئارام کۆیی بەرپرسی پێوەندییەکانی مەڵبەندی ١٦ی کۆیە، خەیرەددین موراد کەسایەتیی سیاسیی ڕۆژئاوای کوردستان و سکرتێری پێشووی پارتی ئازادی کورد لە سووریە، مەحموود مەلا (ڕۆژئاوای کوردستان)، دوکتور موسا کەڤاڵ، سەرۆکی بزاڤی ئاشتی ناوخۆیی "بان"، دوکتور جەبار قادر، باپیر کامەلا، سکرتێری گشتیی پارتی کرێکاران و ڕەنجدەرانی کوردستان، شێرکۆ شێخ نوری، پێشمەرگەی دێرین و کەم ئەندامی سەنگەر، مەلا محەممەد جەوانرۆیی، مستەفا دادار، ڕۆمان کوێن، بەڕێوەبەری ڕێکخراوی داکۆکی لە گەلانی لەمەترسیکەوتوو، کەماڵ سیدۆ بەرپرسی بەشی کەمایەتییەکان لە ڕێکخراوی داکۆکی لە گەلانی لەمەترسیکەوتوو، هونەرمەند و هوزانڤان شەڤگەر زازا (سوید).

**دەرەوەی وڵات:** ڕێکخراوی جیهانیی کورد، کۆنفیدراسیۆنی کوردانی دیاسپۆرا-دیاکورد، ئەنستیتۆی کورد لە واشنگتۆن، کۆنفێدراسیۆنی ڕەوەندی کوردستانی، ماڵپەڕی گیاڕەنگ، ڕێکخراوی داکۆکی لە گەلانی لەمەترسیکەوتوو" (GfbV).

دارسمە

دارسمە دەنووکی
لە سمین ناپارێزێ

# تێرۆریزمی نەرم و مەخمەلی یان تێرۆری گەشتیارتۆقێن

وشەی terror وەک هەموو چەمکێکی زیندوو و بەردەوامی ئەم سەرزەمینە ڕۆژبەڕۆژ گۆڕانکاریی بەسەر دادێت. چۆن زمان و سیاسەت و زانستی پزیشکی و هەسارەناسی و زەویناسی و مەوی‌ناسی و تەنانەت خڕەکەبەردی ئەم سەرزمینەش گۆڕانیان بەسەردا دێت، هەر ئاوا تێرۆریش بەردەوام لە گۆڕانکاریدایە. کۆماری ئیسلامیی ئێران سوارچاکی بەدیهێنانی گۆڕانکاریی نوێگەرایی لە چەمکی تێرۆریزمە.

فارسان بە زمانی خۆیان وشەی terrorیان کردووەتە [وحشت] و بە تێرۆریزمیش دەڵێن، "وحشت‌افکنی". ئەم "وحشت افکنی"یەی فارسان لە زمانی کوردیدا بووەتە "تۆقاندن". ئەو کەسانەی بۆرە کوردی و فارسییەک دەزانن، تێدەگەن "وحشت‌افکنی" بە مانای بڵاوکردنەوەی "ترس"ە و تۆقاندنیش بە مانای ترساندنە.

دیارە ترسیش وەک هەموو شتێک بە هەوەنتە بڵاو نابێتەوە و فرتوفێڵی خۆی پێویستە. بۆ ئەوەی بزانین بۆچی بڵاوکردنەوەی ترس ئاکامی دڵخوازی بڵاوکەرەوەی لێ دەکەوێتەوە، پێویستە وشەیەکی هاوخێزانی ترس لێکبدەینەوە، ئەویش وشەی "مەترسی"یە. ڕاستە "مەترسی" لەگەڵ ترس سەر بە خێزانەوشەیەکن، بەڵام مانای مەترسی جوادیە و لەگەڵ "خطر"ی فارسی و عەرەبی هاومانایە. دیارە مردن و لەنێوچوون یەکێک لە لێکەوتەکانی خەتەر یان مەترسییە.

ئەگەر زیاتر لە مانای جودای ترۆر لە دوو زمانی کوردی و فارسی ورد بینەوە، ئەوەی کوردان یان هەمان تۆقاندن زۆرتر ئەوکسانەی تۆقیون یان تۆقێنراون بەکاری دەهێنن. بەڵام "وحشت افکن" ترساندن و تۆقاندن بڵاو دەکاتەوە و خەڵک تووشی مەترسی و خەتەر دەکات. "وحشت‌افکن" خۆی بکەرە، بەڵام تۆقیو یان تۆقێنراو بەرکارە. بکەر کارێک دەکات و ئەم کارە شوێن لەسەر بەرکار دادەنێت. ئەوانەی تێرۆریستن کەیفیان بە "وحشت‌افکن"ی دێت و ئەوانەی دەتۆقێندرێن هیچ کەیفیان بە "وحشت‌افکن" نایەت و زیاتر ناوی "تۆقاندن" دەهێنن. هیچ پێویستیش ناکات "وحشەت‌افکنی" هەمیشە کوشتن لە خۆی بگرێت. لە فەرهەنگی برایانی فارسدا زیاتر خەباتگێرانی نەتەوەکانی دیکە یان دەرودراوسێکانیان لە پێڤاژۆی تێرۆردا دەکەونە بەر گوللە و بۆمب و دەکوژرێن. کەس یان کەسانی دەستکەرەوە و خەباتگێڕ بە ترساندنێکی بچووک و هاکەزاییی داناسەکنێن و بۆیە کوشتنیان لە پێڤاژۆی "وحشت‌افکنی"دا کاریگەرترە. هەر لەبەر ئەمە دەبێ بکوژرێن و لەنێو ببرێن. بەڵام ئەو کەس یان نەتەوانەی لەدژی برایانی فارس ناخەبتن و داوای هیچ مافێکیان لێ ناکەن، بەرپرسانی حکوومەتی فارسانیش بە پێویستی نازانن لەژێر هەیمەنەی "وحشت‌افکنی"دا بیانکوژن و بە ترساندنێکی سووکتر لە کۆڵیان دەبنەوە.

تێرۆریستانی فارس لایەنانی بەرانبەریان بە تێرۆریست ناو دەبەن. بۆ وێنە "تیرۆریستانی دژی شۆڕش" ناوێکە دەسەڵاتی ئێستای فارسان بۆ ئەو کەس و لایەن و حیزبە شۆڕشگێڕانەی دەکار دەکەن کە داوای مافی ڕەوای خۆیان دەکەن. لە فەرهەنگی زاڵی کەڵەگاییدا مافخوازی یانی تێرۆریست، بەڵام تێروریزمی دەسەڵات بە مانای "صدور انقلاب"ـە. لێرەدا جیاوازییەک دادەنرێت و ئەوانەی تێرۆرکردنیان ناگاتە ئاستی کوشتن بە تێرۆریست ناو نابرێن و هەندێک ناوی نەرمتری وەک "خەفیە"، "شوێن‌هەڵگر"، "پیاوی بێگانە"، "عوامل اجانب" و شتی لەم بابەتەیان بۆ دادەنێن.

ئامانجی ئەم دوو جۆرە تێرۆرەش لە یەکتر جودان. ئەوەی یەکەم بێدەنگکردن و لەنێوبردن و فەوتاندنی "بیرۆکە" یان "نەتەوە" یان "چین و توێژ"ێکی لە خۆی دەگرێت. بەڵام جۆرە خاوەکەی تێرۆر بۆ هەندێک شتی دیکە کەڵکی لێوەردەگیرێت و یەکێکیان بەدەستهێنانی پارە و زاڵبوون بەسەر بەرانبەردایە، نەک لەنێوبردن و فەوتاندنی یەکجاری. هێندێک جاریش بە مەبەستی وەرگرتنەوەی "وحشت‌افکنان"ی خۆماڵی لە وڵاتانی دەرەوە کەڵکی لێوەردەگیرێت.

ئەگەر وابێت دەکرێت لەنێو ئەم هەموو گۆڕانکارییە بەمجۆرە تێرۆریزمەی دوایی بڵێن تێرۆریزمی نەرم یان تێرۆریزمی مەخمەلی.

تێرۆریزم بە مانا نەریتییەکەی لەمێژە لە ئێران باوە و پێش دەستەڵاتداریێتیی ئاخوندان، لەنێو کوردانیدا بۆ وێنە هەمزاغای مەنگوڕ و سمایل‌ئاغای شکاک بە ئەم جۆرە تێرۆرە هێرشیان کرایە سەر، بەڵام تێرۆریزمی مەخمەلی داهێنانی لە سەردەمی دەستەڵاتداریێتیی ئاخوندان داهێنراوە.

ئاخوندان لە ماوەی چل ساڵی ڕابردوودا، زۆر بە وردی کاریان لەسەر تێرۆری جودابیران و دژبەرانی خۆیان کردوە و لە سەرەتای دەسەڵاتیان دەلینگیان لە تێرۆر و کوشتنی دژبەرانیان هەڵکرد. بە سەرۆک‌وزیران و ئەفسەرانی ڕێژیمی پێشوو دەستیان پێ کرد و بە کوشتنی ترسنۆکانەی ڕێبەرانی کورد و کەسانی سیاسیی دیکە درێژەیان پێدا و هەتا ئاخوندێک زمانی لەنێو دەمیدا بۆ هەڵسوڕێت و وشەی زیدی ئینقلابی بۆ گۆ بکرێت، لەسەری بەردەوام دەبن.

ئەم تێرۆرە مەخمەلییەش هەر زۆر زوو دەستی پێ کرد. چەند مانگێک دوای چوونە سەر دەسەڵاتی ئاخوندان هەموو کارمەندانی باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە تاران بەر ئەم شێوازە تێرۆرە کەوتن. دواتر بە گرتن و زیندانی‌کردنی هاووڵاتیانی وڵاتانی ئورووپایی و ئەمریکایی درێژەی پێ درا.

دوای ئەوەی دەسەڵاتدارانی تێرۆریست دەست‌وپێوەندەکانیان لە سوئێد و بلژیک و وڵاتانی دیکەی ئوورووپا و ئەمریکا تووشی گرتن و کوشتن بوون و "صدور انقلاب" واتە هەناردەکردنی تێرۆریستان هەتا ڕادەیەک چەتی تێ کەوت. ئێستا لە نێوخۆدا داو بۆ هاووڵاتیانی وڵاتانی دیکە دەنێنەوە و وەک "توووریست" یان "گەشتیار" بۆ نێو ئێرانیان ڕادەکێشن و لەنێو وڵاتدا دەست بە ترساندن و تۆقاندنیان دەکەن. دەکرێ ناوی ئەم جۆرە تێرورە بنێن "تێرۆری گەشتیار تۆقێن".

تێرۆر دیاردەیەکە دەسەڵاتداران لە ئێران نزیکەی سەد ساڵە خوویان پێوە گرتووە و هەتا هەبن لەسەری بەردەوام دەبن:

"خوویەکی بیگری بە شیری، واز ناهێنێ بە پیری"

KURDISTAN
Published bay Democratic Party of Iranian Kurdistan
NO:830 6 September 2022

ناونیشانی ڕۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:


www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com
www.kurdch.tv: Yahsat 1A @ 52.5° East MHz 12594
polarization: Vertical -27500 FEc : 2/3
Radiodk59@gmail.com

ئیمەیل و تەلەفوونی ڕۆژنامەی کوردستان:
info@kurdistanmedia.com

ئیمەیل و تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:
Tashkilat.kdp92@gmail.com

# ناساندنی کتێبی کۆمەڵەچیرۆکی «تاوانی پیرۆز»

**ئا: کاروان مێراوی**



کۆمەڵەچیرۆکی «تاوانی پیرۆز» تازەترین نووسینی چاپکراوی بێهزاد قادری، نووسەر، ڕۆژنامەنووس و پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتە کە لە دوازدە چیرۆک پێکهاتووە.

نووسەر ئەگەرچی بۆخۆی پێشمەرگەیە و هەموو ژیانی بەختی ڕزگاریی نەتەوەکەی کردوە، بەڵام هاوکات قەڵەمەکەشی لەپێناو نووسینەوەی پرس و خەمەکانی نیشتماندا خستووەتە گەڕ. ئەو پێشتر دوو کتێبی دیکەی بە ناوەکانی کۆمەڵەچیرۆکی «نێچیری وەرزەکان» و «شاوەتی جنۆکە» لە نێوان ساڵەکانی ١٣٩٦–١٣٩٧دا لە شاری مەریوان چاپ و بڵاو کردۆتەوە.

بێهزاد قادری لەدایکبووی شاری مەریوانە، ماوەی چوار ساڵە لە ڕیزی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتدا خەبات دەکا و ساڵی ١٣٩٩ لە شاری هەولێر، خەڵاتی سێهەمی ئەدەبیی «ڕوانگە»ی لە بواری چیرۆکنووسیدا بردۆتەوە.

ئەگەر ئەدەبی بەرگری بە مێتۆدێکی خەبات لە سەنگەری بەرگری لە نیشتمان و بەتایبەت لە ڕەوتی خەباتی نەتەوە کۆلۆنیالیزەکراوەکاندا دابندرێ کە ئەدیب و نووسەرانی ڕووناکبیر هەڵوێست و بەرنگاربوونەوەی خۆیان لە بەرانبەر ڕەقیب و دوژمنانی نەتەوە و نیشتمانەکەیاندا دەرببڕن، هەروەها ئەگەر لە ڕوانگەی ئێمە کوردەوە ئەدەبی بەرگریکارانە بەو بەرهەڵست و بەگژداچوونەوەیەی داگیرکەرانی کوردستان و ڕێژیمە کۆلۆنیالیستەکانی نیشتمانەکەمان دابندرێ کە ئەدیب و نووسەرانی ڕووناکبیری ئێمە دەروەستیی ڕەوتە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان بنووسنەوە، بێگومان نێوەڕۆکی پەرتووکی «تاوانی پیرۆز» لە چوارچێوەی ئەم ژانرە ئەدەبییەدا پێناسە دەکرێ. نووسەر هەوڵی داوە لەم کتێبەدا هەوڵە ئازادیخوازانەکانی نەتەوەکەی کە لە ڕوانگەی ئەویتری کوردەوە بە تاوان لەقەڵەم دەدرێ، وەکوو تاوانێکی پیرۆز بنووسێتەوە و هاوکات ڕقی پیرۆزی کورد بەرانبەر بە ئەویتر کە داگیرکەرانی کوردستانن، دەر ببڕێ.

هەرچەند ناوی کتێبەکە دەرخەری مەبەستی نووسەرە و دەروازەیەکی ئاوالایە بۆ ئەوەی خوێنەر بەرەو خوێندنەوەی ئەم پەرتووکە ڕابکێشێ، بەڵام بۆ بەرچاوڕوونی خوێنەران و ڕوونکردنەوەی زیاتری نووسەر، پرسیاری ئەوەمان لێ کردوە: بۆچی ناوی «تاوانی پیرۆز»ی کە یەکێک لە چیرۆکەکانی نێو کتێبەکەیشە بۆ کتێبەکەی هەڵبژاردوە؟ بێهزاد قادری، لەم بارەیەوە بۆ «کوردستان» گوتی: «کتێبەکە بۆ خۆی لە دوازدە چیرۆک پێک هاتووە کە هەرکام ناوێکی تایبەت بە خۆیان هەیە. ناوی یەکێک لە چیرۆکەکان «تاوانی پیرۆز»ە و هەمان ناویشم بۆ کتێبەکە هەڵبژاردوە، چونکە هەستم دەکرد کە ئەو ناوە دەیتوانی ناوی هەموو چیرۆکەکانی تری کتێبەکەش بێت. لە زۆرینەی چیرۆکەکاندا ڕووداوگەلێک ڕوو دەدەن کە لە ڕوانگەی ئەویتری کوردەوە تاوانن! بەڵام لەلای منی کوردەوە ئەگەر تاوانیش بن، ئەوە تاوانێکی پیرۆزن. هەروەها ئەو چیرۆکەیان بۆ من جیاواز و زۆر تایبەتە، بە دوو هۆکار: یەکەم ئەوەی کە کەسایەتیی یەکەمی ئەو چیرۆکە لە کەسایەتییەکی ڕاستەقینەی ئێستەی کوردستان نیزیکە و زۆر کەس بە خوێندنەوەی ئەو چیرۆکە دەزانن مەبەستم کێیە، بۆیە لێرە باسی ناکەم. نامەوێ نێوەڕۆکی چیرۆکەکە دەر بخەم و پێم خۆشە خوێنەر خۆی هەست بەو کەسایەتییە بکا و بزانێت کێیە. دووهەم ئەوەی کە بە هەمان چیرۆک لە ساڵی ٢٧٢٠ی کوردیدا بەشداریی فستیڤاڵێکی دەزگای «ڕوانگە» لە هەرێمی کوردستانم کرد و ئەو دەزگایە چیرۆکی «تاوانی پیرۆز»ی لەنێوان ١٢٥ چیرۆکدا وەک چیرۆکی سێهەم هەڵبژارد و ئەوەش بووە هۆی خۆشەویستتربوونی ئەو چیرۆکە لەلام».

بێهزاد قادری لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا کە «نێوەڕۆکی چیرۆکەکان زیاتر باس لە چی دەکەن و چ پەیامێکیان بۆ خوێنەر پێیە؟»، گوتی: «چیرۆکەکانی کتێبی تاوانی پیرۆز کارەساتگەلێک لەخۆ دەگرن کە بەسەر کورد هاتوون، هەروەها خەباتی کورد دژ بە داگیرکەری فارس و تۆڵەسەندنەوەی کوردانێکی بەهەڵوێست لە چیرۆکەکاندا ڕەنگی داوەتەوە. بەگشتی دەتوانین بڵێین کە لەگەڵ چیرۆکگەلێکی ڕێئالیستی بەرەوڕووین.»

کتێبەکە بە چیرۆکی «خوێنی عەجەم» دەست پێ دەکا و خوێنەر دەبێ خۆی بۆ ڕووداو یان ڕووداوگەلێک ئامادە بکات. ئەم چیرۆکە دەمانگەڕێنێتەوە بۆ سەردەمی شۆڕشی گەلانی ئێران. کاراکتێری سەرەکیی چیرۆکەکە پیرەپیاوێکی کوردە کە لە زێدی خۆی ڕای کردوە و ڕووی کردووەتە شارێکی عەجەمەکان و بەپێچەوانەی ویست و چاوەڕوانییەکانی، لەلایەن عەجەمەکانەوە تووشی کارەساتگەلێک بووە. لەم چیرۆکەدا بە جوانی هەست بە هەستی ڕق و تۆڵە دەکەین. بەڵام هەستی ڕق بۆ نەتەوە بندەستەکان لە ڕوانگەی نووسەرەوە هەستێکی پیرۆزە کە دەتوانێ یارمەتیدەری ڕزگاریی ئەو نەتەوەیە بێت. «یووڤال نووح هەراری» بیرمەند و نووسەری ئیسرائیلی دەڵێ: هەستی ڕق لە قێزەونترین هەستەکانە، بەڵام بۆ نەتەوە بندەستەکان گەنجینەیەکە کە دەتوانن خۆیانی پێ ڕزگار بکەن.

دوای ڕقی پیرۆزی کوردێک لە خوێنی عەجەم، دەگەین بە چیرۆکی «پوورە مەستوورە». لەم چیرۆکەدا گەنجێک ئاوڕ لە ژیانی سەختی پوورە مەستوورە دەداتەوە، لەم چیرۆکەدا دەگەڕێینەوە بۆ سەردەمانی خەباتی چەکداریی پێشمەرگە لە قووڵاییی ڕۆژهەڵاتدا و نەوەی نوێ لەگەڵ قارەمانەتیی پێشمەرگە ئاشنا دەکا. چیرۆکێکی تری کتێبەکە ناوی «بێدەنگی»یە. ئەم چیرۆکە لە بواری فۆرمەوە لە هەموو چیرۆکەکانی تر جیاوازە و وردە وردە ڕاتدەکێشێتە نێو خۆیەوە و لەنێو وشە و ڕستەکانی خۆیدا نوقمت دەکا. بێدەنگی، پڕە لە ڕستەی فەلسەفی، زانستی، ئەدەبی و شرۆڤەیەکی تر لە بێدەنگی پێشکەش دەکات. لەم چیرۆکەدا ڕەنگە خوێنەر وا هەست بکات کە بە پووچی دەگەم: خۆزگە دەبووم بە پرۆتۆنێک و ئەلەکترۆنێکم شەیدای خۆم دەکرد. خۆزگە بیگ بۆنگێک نەدەبوو و هەمووان لەو هیچەدا دەماینەوە... هتد. بەڵام لەو هیچەشدا شوناسی خۆم لێ ون نابێت.

لە چیرۆکی گاکوژدا دووبارە دەگەڕێینەوە سەردەمی شەڕی کورد لەگەڵ داگیرکەری فارس. لەم چیرۆکەدا دووبارە هەستی تۆڵە و ڕقم لە داگیرکەر زیاتر خۆی دەردەخات: خۆزگە دەمتوانی ئاگر لە ماڵ و منداڵیان بەر بدەم و بێشکەی کۆرپەکانیان وەبەر شەق بدەم. لە درێژەدا و لە چیرۆکەکانی دواتریشدا، بە شێوازگەلی جۆراوجۆر باس لەو کارەساتانە کراوە کە بەسەر کورددا هاتوون و ڕەنگدانەوەی هەستی ڕق بەرانبەر بە داگیرکەرانی کوردستان دەبینن. ئەم شێعرەی مامۆستا هێمن بە ناوی ڕقی پیرۆز، دەتوانێ بەجوانی باس لەو هەستە بکا:

***دەمگرێ، ئەمما لە گرتووخانە ڕق ئەستوورترم***
***لێم دەدا، ئەمما لەسەر داوا ڕەواکەم سوورترم***
***دەمکوژێ، ئەمما بەگژ جەللادەکەمدا دێمەوە***
***کوردم و ناتوێمەوە، ناتوێمەوە، ناتوێمەوە***

بێهزاد قادری لە لێدوانەکەیدا بۆ «کوردستان» گوتی: هەرچەند باوەڕم وایە کە دەبێت خوێنەر بۆ خۆی پەیامەکە وەربگرێ، بەڵام من ڕوانگەم ئاوایە: بە خواردنێکی ناتەندروست سکت تێک دەچێ، ئاولیمۆ دەخۆیەوە تاکوو بڕشێیتەوە. کە بە هزرێکی ژەهراوییش مێشکت نەخۆش کراوە، دەبێت گوێ لە شتی باش بگریت، شتی باش ببینی و نووسراوەی باش بخوێنیتەوە تاکوو کاریگەرییە نەرێنییەکانی ئەو بیرە ژەهراوییە پووچەڵ بکەیەوە. داگیرکەران (بەتایبەت داگیرکەری فارس) هەمیشە هەوڵیان ژەهراویکردنی مێشکی ئێمە بووە، تاکوو ئەوان سەردەست و ئێمە ژێردەست بمێنینەوە و بە کەیفی خۆیان نیشتمانمان بڕووتێننەوە و ئاغایەتی بکەن. «تاوانی پیرۆز»، یەکەمین هەوڵی منە لە بواری ئەدەبییەوە تاکوو کورد بڕشێتەوە و دواتر چوار تفیش بکاتە دوایدا و چی تر بە نەخۆشیی نەیارشەیدایی، برینەکانی ئەم نیشتمانە نەکولێنێتەوە».

---

## بەر لە ماڵاوایی

# هەڵهاتنی ئەستێرەی سۆهەیل

## (پێشکێش بە بیرەوەریی شەهید سۆهەیلا قادری و سەرجەم ئازیزانی لەدەستچووی یەکگرتووخوازی حیزبی دێموکرات)



عەلی بداغی

دوو حەوتوویە دێموکراتەکان یەکیەتیی ڕیزەکانی خۆیان وەدەست هێناوەتەوە. دوو ڕۆژی دیکەش چوارەمین ساڵیادی کارەساتی ١٧ی خەرمانانمان دەگاتێ. سۆهەیلا قادری یەک لە شەهیدانی پەلامارە مووشەکییەکەی سەر قەڵای دێموکرات و لە پێشەنگانی کاروانێک بوو کە نەک هەر دڵی بۆ یەکبوونەوەی دێموکراتەکان لێی دەدا، بەڵکوو بەکردەوەش، بە هەموو وزە و توانای فکریی خۆیەوە هەوڵی بۆ دەدا. بەشداریی چالاکانەی شەهید سۆهەیلا لە کەمپینی ١ی بەفرانبار کە ٧ ساڵ پێش ئێستا و لە بەستەڵەکی پێوەندییەکانی دوولایەنی حیزبی دێموکراتی ئەوکاتدا کۆمەڵێک نوخبە و چالاکانی سیاسیی کورد بە ئامانجی گوڕوتین بەخشین بە ڕەوتی یەکگرتنەوەی دوو لایەنی حیزبی دێموکرات وەگەڕیان خستبوو؛ باشترین فەکت بۆ ئەوەیە کە خەونی گەورەی ڕێبەرانی شەهیدمان هەمیشە یەکگرتوویی و یەکڕیزی بووە. لەم ڕۆژانەدا دەرفەتم لێ هێنا و جارێکی دیکەش کۆمەڵە ڤیدیۆیەکی کەمپینەکەم چاو لێکردنەوە.

هەڵکەوتێکی سەیر نییە کە کاکڵی قسەکانی شەهید سۆهەیلا لە پەیامەکەی لەو کەمپینەدا لەگەڵ جەوهەری بەیاننامەی هاوبەشی یەکبوونەوەی دێموکراتەکان یەک شتن، چونکی ئەمە لە ڕوحی یەکگرتوویی‌خوازیی و تێگەیشتنی قووڵی سۆهەیلاوە بەنیسبەت جێگەوپێگەی ڕاستەقینەی حیزبی دێموکرات لە جووڵانەوەی سیاسیی کورد و خۆشەویستیی ئەو حیزبە لە هەناوی کۆمەڵگەی کوردستانەوە سەرچاوەی دەگرت.

خەمی گەورەی سۆهەیلای کورد لێکدابڕان و پەرتەوازەیی هێز و وزەی خەباتگێڕیی حیزبە سیاسییەکانی کوردستان، بەتایبەت حیزبەکەی خۆی، حیزبی دێموکرات بوو. ئەو باش دەیزانی کە لە دووبەرەکیدا دەرفەتەکان لەکیس دەچن و لەبار دەبرێن، پەیام و داخوازەکان بەهەند وەرناگیرێن و دەسکەوتەکان کەم و تەنانەت دوورەدەست دەبن. ئەو لە کاتێکدا ئەندامی ڕێبەریی حیزبەکەی خۆی بوو، بەحەق ئیمانی بەوە بوو کە بە لێکدابڕان و سەنگەرجیاکردنەوە کێشە و قەیرانە نێوخۆییەکانی ڕێکخستنێکی حیزبی چارەسەری نابن. بەڵکوو ئەمە سینگفراوانی و پشوودرێژی، وەرگرتنی ڕەخنە و بەخۆداچوونەوە، گۆڕینی کولتووری حیزبایەتی و میکانیزمی بەڕێوەبەری، و دواجار؛ ئەرکوەخۆگری و هەمیشە لەبەرچاوبوونی هێڵی گشتیی بەرژەوەندییە سەرەکییەکەیە، کە دەتوانێ ڕێکخراوێک بەزیندوویی و کارامەیی بێڵێتەوە.

دان بە بەرپرسایەتیی دۆخێک کە هاتۆتە ئاراوە و هەوڵدان بۆ گۆڕینی ئەو دۆخە هەم خەسڵەتێکی بەرزی شەهید سۆهەیلایە و هەم بەشێکی گرینگە لە پەیامەکەی. ئەو پێی وانەبوو لەو لێکدابڕانەدا لایەک فریشتە و ئەویدی ئەهریمەن بووبێت. ئەو باوەڕی وابوو کە پێشمەرجی یەکخستنەوەی ڕیزی لێکدابڕاوی حیزبەکەی دانانە بە بەرپرسایەتیی لێکدابڕان و پاشان ئازایەتیی هەنگاونانی بەکردەوە بۆ یەکگرتنەوە و گەڕاندنەوەی شکۆ بۆ میراتی پێشەوا لەلایەن میراتگرانی ئەو ڕێبازەیە. هەربۆیە لەسەر کەس و ئەوانیدی ڕانەوەستا، بۆخۆی هەم بوو هاندەر و هەم ڕچەشکێن لەو پێناوەدا.

سۆهەیلا لەو دۆخە پڕ مەترسی و هیوایەشدا بەوە دڵخۆش بوو کە هەردوو بەشەکەی دێموکرات سەرباقی ئەو دۆخە نالەبارەش، بەڵام خۆیان و فەلسەفەی وجوودیی خەباتەکەتان لەبیر نەکردوە و سیلەی هاوبەشیان لە کۆماری ئیسلامی گرتوە. ئەو دەڵێ شاباڵ، یان بە دڵنیاییەوە جووتباڵی هەڵفڕینی خەبات و جووڵانەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەر حیزبی دێموکراتە. چاوی سۆهەیلای واقعبین هەموو ئەوانەی دەدی: چوونەوەی هێزی پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات بۆ نێوخۆی وڵات کە تینوگوڕ و گیانێکی نوێی وەبەر خەباتی جەماوەری و تێکۆشانی چالاکانی مەدەنی نابوو. پەروەردەی بەردەوام، پەرەسەندنی خەباتی پێشمەرگانە و مێدیایی لە دژی کۆماری ئیسلامی و هەوڵە دیپلۆماسییەکانی هەردوو لایەنی حیزبی دێموکرات بۆ بەرجەستەکردن و بەڕۆژەڤکردنی پرسی کورد لە هاوکێشە سیاسییەکانی ئێران و کۆمەڵگەی جیهانییشدا؛ بەڵام ئەو خولیایەکی دیکەی هەبوو، خولیایەک کە لە چاوەڕوانیی بنەماڵەی شەهیدان و بنەماڵەی زیندانییانی سیاسی، لە مەزنەئاواتی کەسوکاری پێشمەرگەکان و هەموو هۆگرانی حیزبی دێموکراتەوە سەرچاوەی دەگرت. سۆهەیلای شەهید دەیزانی کە بێتوو ڕیزەکانی دێموکرات، حیزبە پڕشکۆیەیەک ڕۆژهەڵات وەسەریەک بخرێتەوە، دەسکەوتەکان گەلێک زیاتر دەبن و داری هیواکان بەر دەگرن.

سۆهەیلای گەشبین بەڵام پێ لەسەر ئەوەش دادەگرێتەوە کە بناخەکانی یەکبوونەوە و یەکگرتنەوە دەبێ وەها قایم بن کە حاشا جارێکی دیکە متمانەی خەڵک، وەک سەرچاوەی سەرەکیی بوون و مانەوەی حیزب خەوش هەڵگرێتەوە. بۆ ئەوەش دەبێ برینەکان ساڕێژ ببنەوە و هەڵە و چەوتییەکان لە وێکهەڵنەکردنەکانی پێشوودا قەرەبوو بکرێنەوە. ئەمە نەک هەر حەز و خۆزیا و پەیامی شەهید سۆهەیلا قادری، بەڵکوو ویستی هەموو شەهیدانی ١٧ی خەرمانان و ڕاسان، نەمران جەلیل گادانی، چەکۆ ڕەحیمی، لوقمان مێهفەر، ئەنوەری سوڵتانپەنا، و هەموو ئەو ڕێبەران، کادر و پێشمەرگە و ئەندامانی یەکگرتووخوازی دیکەی حیزبەکەمان بوو کە ئێستا لە نێوماندا نەماون؛ بەڵام چاویان بە سەرمانەوەیە کە بەباشی ئەو ئەمانەتەی کە بەری ڕەنج و خەبات و قوربانیدانی ئەوانیشە، بپارێزین.

ئەستێرەی سۆهەیلی کوردان هەڵهاتوە، لە ئاسمانی ئەستێرەئاژنی خەباتی کورددا خۆرێک دەدرەوشێتەوە کە تاکەهیوای گەلێکە بۆ سەرکەوتن و وەدیهێنانی خەونەکانی؛ خۆرێک کە دڕ بە شەوەزەنگی بێدادی و بێمافیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەدات.